هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە (دار الجماهیر)ەوە دەرئەچێ تلفون : ـ٦٩٧٢١

نرخی ٢٠ فلسە

ژمارە (٣٥) سالی دووەم (٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

لە هەفتەی رابردوودا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی دەرکرد ·

بڕیارێك لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ·

بەپێی ئەحکامی برگە (أ)ی مادەی ٤٢و برگە (هـ) لەمادە(٣٨)ی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی بەرواری ٢٨ـ٩ـ١٩٧١ بڕیاریدا بە : **یەکەم :**

أ ــ لێبوردنی فریقو رکنی یەکەم صالح مهدی عماش لە ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ·

ب ــ لێبوردنی لە پلەی جێگری سەرەك کۆمار ·

ج ــ دانانی بەبالوێز لەدیوانی وەزارەتی دەرەوە ·

دووەم :

أ ــ لێبوردنی فریق رکنی عبدالستار الشیخلی لەئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ·

ب ــ لێبوردنی لەپلەی وەزیری دەرەوە ·

ج ــ دانانی بەنوێنەری هەمیشەی کوماری عیراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان ·

سێهەم :

لەگەڵ دەرچوونی ئەم بڕیارەجێبەجێ ئەکرێ ·

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

سەرکردایەتی پارتی بەعس : ئەم پیلانە ئاراستەی بەیاننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی کراوە

شۆڕشی کورد لە پیلانی دوژمنان بەهێزترە

سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستت لە بروسکەیەکی خێرادا کە بۆ پێشەوا مستەفا بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ناردوە، نارەزایی دەربڕیوەبەرامبەر ئەو پیلانەی کە ئیوارەی چوار شەممەی رابردوو گێڕرا بۆ لە ناوبردنی · ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە :

لە سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستەوە بۆ :

کاك مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ·

زۆر بەدڵ تەنگیەوە هەواڵی ئەو پیلانە ناڕەوایەمان پێگەیشت کەبو لەناوبردنتان گێڕرابوو ، کە تەنیا مەبەستی ئیوە نەبووە بەڵکو بنکۆڵ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو ئەنجامەکانی · ئەو تەقەللا تاوانکارو ناڕەوایانەی لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژووییەوە تاکو ئیستا لە ئارادایە جا ئەوانەی ئاراستەی کەسانێك لە بزوتنەوەی کورددا یان کەسانیك لەحزبمانو دەزگای دەوڵەتدا ئەکرێت ، جموجۆڵێکی ناپاکانەبوون ویستویانە باری ئاشتیانە بشالۆزێنن کە لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژووییەوە شابالی بەسەر وولاتداکێشاوە ·

ئەم پیلانانەش هەموی لەلایەن کەسانێکی داخ لە دڵو نۆکەرانی ئیمپریالیزمەوە ساز ئەکرێت بۆ بەربەست کردنی رەوتی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتومان لەسای سێبەری شۆڕشی تەمووزی مەزندا · بەڵام ویستو خواستی گەلەکەمان بەعەرەبو کوردیەوە زامنی گۆڕکردنی ئەم پیلانانەئەکەن · هیوادارین بە زوترین کات چۆنیەتیو تەواوی رووداوە کەمان پێبگەیەنن بۆ ئەوەی چیتان پێویستە یارمەتیتان بدەین ·

سەرکردایەتی هەرێمایەتی
٣٠ـ٩ـ١٩٧١

وە بارەگای بارزانی بروسکەیەکی دەربارەی روداوەکە ناردووە بۆ هەموو لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ئەم هەواڵەی بیست پەیوەندی لەگەڵ هەندێ برایانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد ·

لەلایەکی کەشەوە لەبارەگای بارزانی راگەیانرابوو کە لە سەعات ٥ی ئیوارەی چوار شەممەی رابردوودا تاقمێك بەناوی سەردانەوە ویستویانە لەناوی بەرن · ئەم تاقمەش نزیکەی (٥٠) نارنجۆکی تەوقیتکراو هی تریان پێبووەو لە شوێنی چاوپێکەوتنو لەو نزیکەوەو لەناو ئوتومبیلەکاندا تەقیونەتەوە ·

بروسکەکەی بارەگا سەلماندویەتی کە بارزانی رزگاری بوەو تەندروستیشی باشە ، بەڵام سێ پێشمەرگە لە رووداوەکەدا شەهید بوونو (١٠)ی تریش برینـدار بوون · وە هەندێ لە پیلانگێڕەکانیش بەهۆی تەقینەوەی نارنجۆکەکانەوە کوژراونو ئەوانی تریش لەلایەن پاسەوانەکانەوە لەناوبراون · وەبروسکەکە وتویەتی :ــ

بۆ ماوەی سەعاتێك تەقو تۆقی نارنجۆکو تەقەمەنی یەکانی تر بەردەوام بووەو ئاگریشی بەرداوەتەوە ·

ئا·د·ع

بروسکەی (هاوکاری)

بۆ پێشەوا ــ بارزانی مستەفا ــ ی تێکۆشەر ·

دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ــ هاوکاری ــ زۆر بە توندیەوە بێزاری خۆی دەرئەبڕێت بەرامبەر ئەو هەوڵە چەپەڵەی کۆنەپەرستو بەکرێگیراوو کاسەلیسان دایان بۆ لە ناو بردنتانو کپ کردنی دەنگی دلێرتان ·

بۆ پێشەوە ·· بەرەو بەتین کردنی خەباتو بەهێز کردنی شۆڕشی گەلی کوردمان ·

بە دەستێکی ئاسنین لەوکۆنەپەرستو داخ لەدلانە بدەن کە ژێرخستنی شۆڕشیان مەبەستە ·

بژین بۆ کورد ·· بژین بۆشۆڕش ·

ــ هاوکاری ــ

پەیامی هاوکاری

سەرکەوتووبێ شۆڕشی کورد

دەمێکە داخ لە دڵانو کۆنەپەرستانو دوژمنانی شۆڕشی گەلی کوردمان خەریکی کنەوپیلان گێرانن بۆ کپ کردنی دەنگی دێری شۆڕشوبزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتیمان ·· ئەویش لەرێگای هەوڵدانەوە بۆ کەرت کردنی شۆڕشو بزووتنەوەی نەتەوایەتیمانو دەست درێژی کردنە سەر تێکوشەرانی ئەمبزووتنەوەیەو هەوڵدان بۆ لە ناو بردنیان ··

دووا هەوڵ ·· کە هەرئەڵقەیەکە لە زنجیرەی تەقەللای دوژمنان بۆ سەر پێگرتنی ئەممەبەستە گلاوەیان ، ئەو هەوڵە بوو کە ئیوارەی ٢٩ی مانگی رابووردو دایان بۆ لە ناو بردنی پێشەوای بزووتنەوەی نەتەوایەتیو سەرکردەی شۆڕشی گەلی کوردمان ـ بارزانی مستەفا ـی تێکوشەر ·

دوژمنانو نۆکەرانی کۆنەپەرستان لایان وایە بەم کردەوە چەپەڵو نەگریسانەیان بتوانن وزەی شۆڕشو بزووتنەوەی نەتەوەییمان پەك بخەنو لەورێبازە لایبدەن کە چەندەهای ساڵە گرتویەتە بەر بۆ وەدیهێنانی ئامانجو مافە نەتەوایەتی یەکانی ·

شۆڕشو ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەییمان گەلێك بە هێزو قایمترە لەهەوڵو تەقەللای کۆنەپەرستانو کاسەلێسانی دوژمن بە رزگاریو پێشکەوتنی گەلەکەمان ··

رۆڵە بە شەرەفەکانی گەلی کورد ، هەموو پێشکەوتوانو شۆڕشگێڕانو تێکوشەرە نەترسەکانی خاوەن بیری نوێو جەنگاوەرانی رێگەی سەرفرازی ئەمڕو لە هەموو رۆژێك زیاتر وە بەوپەڕی لە خۆبوردنو گیانفیداکاری یەوە ·· دەنگیان ئەخەنە پاڵ دەنگی زولالی شۆڕشو پەیمان ئەدەن سووتەمەنی راستەقینەی شۆڕشو رێگای وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل بن ·

ئەو هەوڵە چەپەڵەی درا ·· بەشێکە لەو هەوڵانەی دراو ئەدرێت بۆ سڕینەوەی مافە نەتەوایەتی یەکانمان لە جێبەجێ کردنی حوکمی ئوتونومیدا کە بە هەوڵو هیمەتی شۆڕشو پیاوانی دڵسۆز لە بەیاننامەمێژوویەکەی ١١ی ئاذاردا چەسپێنرا ·

تەمەنی درێژ بۆ تێکوشەری بەجەرگی ئەم چەرخەی نەتەوەکەمان ـ بارزانی مستەفا ـ

سەرکەوتنو بەرزێتی بۆ شۆڕشی گەلەکەمان · ریسواییو پێ شێلبوون بۆ کۆنەپەرستو کاسەلێسو دوژمنانی شۆڕشو گەل ·

کورتە هەواڵ

قوتابخانەی تایبەتی بۆ خوێندنی کوردی

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردن ، بڕیاری داوە دوو قوتابخانەی ئامادەییو یەکێکی تری ناوەندی لەکەرکوك بکرێنەوە بۆ خوێندنی کوردی ·

بەمجۆرە ژمارەی قوتابخانەی ئامادەییو ناوەندی خوێندنی کوردی لە کەرکوك ئەگاتە دە قوتابخانە ·

بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ئێستا لەتوانای کردنەوەی شەش قوتابخانەیتری ئامادەیی ناوەندی کوردی ئەکولێتەوە کە لەوێ بکرێنەوە ·

کردنەوەی ١٧ قوتابخانەی تری سەرەتایی بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکووك

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کەرکووك بڕیاری داوە کە (١٧) قوتابخانەی سەرەتایی تری تایبەت بەخوێندنی کوردی لە چەند شوێنێکی ناوچەکەدا بکاتەوە ·

بەم جۆرە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کوردیان تێیدا ئەخوێنرێو لە ١١ی ئازارەوە تاکو ئێستا کراونەتەوە بونەتە (١٩٦) قوتابخانە لە ناوچەکەدا ·

ئا·د·ع

سەرەك بەکر پیشانگای بەغدا ئەکاتەوە

دوێنی ئیوارە بەسەرپەرشتی سەرەك کۆمار احمد حسن البکر پیشانگای بەغدای دوەلی کرایەوە · وە سەرەك ، مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری ئابوری لەجیاتی خۆی نارد بۆ کردنەوەی ئەم پیشانگایە ·

ئاهەنگی کردنەوەی پیشانگاکە لە هوڵی نەقابەی ئەندازیارانی عیراق گێرا ، بەئامادە بونی ژمارەیەك لە وەزیرانی ئابوریو بازرگانی وولاتانی عەرەبو وولاتە سوشیالستەکانو وەفدەکانی وولاتانی میرنیشەکانی عەرەب ·

ئەوەی شایەنی باسە لە پیشانگای ئەمساڵدا کە (٢١) رۆژ ئەخاێنی ، (٢٠) وولاتی عەرەبو بێگانە بەشدار بوون کە سێیانیان بۆ یەکەم جارە بەشدار ئەبن و بریتین لە: ئەفغانستانو هندو ئەسپانیا · وولاتەکانی تر ئەمانەن کۆماری میسری عەرەبی ، سوریا ، لوبنان ، کویت ، نەمسا ، بلگاریا ، چیکوسلوڤاکیا ، سیلان ، فەرەنسا ، ئەلمانیای دیمکراتی ، هەنگاریا ، کوریای دیمکراتی ، پولۆنیا ، پاکستان ، رۆمانیا ، یەکیتی سوڤیەت ، تورکیا ·

دیسان (١٥٢) دەزگاو کۆمپانیای بێگانە بەشدار بوون لە (١٢) وولاتەوە کە بریتین لە فەرەنسا ، ژاپۆن ئەسپانیا ، سوید ، نەرویج ، پورتگال ، هولندە ، دانمارك ، سویسرا ، بەریتانیا ، بەلجیکا ، ئرلندە ·

لە عیراقیش (٥٠) کۆمپانیاو دەزگای کەرتی گشتیو (٤٦) کۆمپانیاو دەزگای کەرتی تایبەت بەشدار بوون ·

هەروەها رێکخراوی رزگاری فەلەستین بۆ جاری یەکەم بەشدار بوە ، کە شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوەو پانایەکەی (٢٤٢) مەتر چوار گۆشەیەو بەناوی لقی فەلەستینەوەیە ·

تەواوکردنی کولیەی ئەندازیاری وچەند پرۆژەیەکی تر لە سلیمانی

هەفتەی رابوردوو دروست کردنی خانوی کولیەی ئەندازیاری دانیشگای سلێمانی کۆتایی هات کە ١٩٢ هەزارو ٨٣ دیناری تێچووە ، دیسان بانەی قوتابیانی دانیشگا کە ٤٥ هەزارو ٢١١ دیناری تێ چووە تەواو بوە ·

لەلایەکی کەوە بڵاو کرایەوە کە هەفتەی رابوردوو دوکتۆر سیروان عبدالقادر بەڕێوەبەری گشتی دائیرەی مەبانیو خزمەت گوزاری لە وەزارەتی نەخشە لەگەڵ دوکتۆر محمد محمد صالح سەرەکی دانیشگای سلێمانی دا کۆبۆتەوەو ئە پرۆژەکانی تری دانیشگای سلیمانی دوواون ·

هەروەها بڵاو کرایەوە کە بڕیار دراوە پارەی نەخوشخانە نوێکەی سلێمانی زیاد بکرێتو ببێت بە (٣٧) هەزار دینار ·

هەفتەی رابوردوو ئیشو کاری رووناکی گەیاندن بۆ هەژدە گوندی ناوچەی سلێمانی لە مەرکەزی ناحیەی بازیان دەستی پێکردوە · دوای ئەوەی گەیاندنی هێزی کارەبا بۆ ئەو گواندانە تەواو بو کە شەست هەزار دیناری تێ چوو وە بە نۆ مانگ تەواو کرا ·

شۆڕشگێرەکان رێگای سنووری ڤیێتنام وکەمبۆدیا داگیر ئەکەن

سەرچاوەیەکی سەربازی لەسایگونا دانی بەوەدا ناوە کەشۆڕشگێرەکانی ڤیێتنام دەستیان بەسەر رێگای سەرەکی سنووری نێوان ڤیێتنامو کەمبۆدیادا گرتوەکە درێژای « ٣٠ » میلە ·

سەرچاوەکەئەوەشی درکاندوەدەسەڵاتی شۆڕشگێرەکان لەوشوێنەدا ترسێکی گەورەی هەیە بۆ سەر بنکە سەربازیەکانی حکومەتی بەکرێ گیراوی سایگون · بەتایبەتی ئەوانەی سەربازیان لێوە ئەنێرێت بۆ یارمەتی دانی حکومەتی بەکرێ گیراوی فنومپن ·

لەلایەکی کەوە ، بڵاوکرایەوە کە باری ناو شارەکانی ڤیێتنامی خوارو بەتەواوی ئاڵۆز بووە ، ئەویش بەهۆی توند بونی بزووتنەوەی قوتابیانەوەو گوێ نەدانیان بەفەرمانەکانی «نگوین ڤان ثیو »ی بەکرێ گیراوو سەرۆکی حکومەتی سایگون ، ئاژانسی دەنگو باسی فەرەنسا ئەڵی شاری «دانانگ» بەتەواوی ئاڵۆزاوەو لەم دوایەدا زیاتر لە (٣٠٠) قوتابی پەلاماری هێزێکی پولیسیان داوەو بەردەبارانیان کردون ·

ــ ئاژانسەکان ــ

چین یارمەتیی ڤیێتنام ئەدات لە رووی سەربازیو ئابووری یەوە

بەپێی ئەو پەیمانە نوێیەی هەفتەی رابوردوو لە نێوان پەکینو هانۆیدا مۆرکراوەچینی‌میللی یارمەتی سەربازیوئابوری زیاتر ئەدات بە کۆماری ڤیێتنامیدیموکراتی ·

ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ بڵاوی کردەوە کە رێکەوتنەکە دوای ئەو سەردانە بوە کە وەفدێکی رەسمی چینی میللی بە سەرۆکایەتی (لی سیت نیان) جێگری سەرەك وەزیران کردویەتی بۆ هانوی و گفتوگوی لەگەڵ لێپرسراوەکانی ڤیێتنامی دیموکراتی دا کردبو ·

وەفدێکی بازرگانی چین لەپاریس

هەفتەی رابوردوو وەفدێکی بازرگانی کۆماری چینی میللی بەسەرۆکایەتی « بای سیانگ کو» وەزیری بازرگانی دەرەوەی چین گەیشتە پاریس ، ناوبراو بە رۆژنامە نووسەکانی ووتبو ئەم سەردانە ئەبێتە هوی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نیوان هەردوو وولاتمان بەتایبەتی لەرووی ئابوریەوە

شوان لای ئاهەنگەکانی جەژنی نیشتمانی چینی میللی ئەکاتەوە

هەفتەی رابوردوو سەرەكوەزیرانی چینی میللی « شوانلای » زنجیرەیەك نومایشی میللی بەبۆنەی جەژنی بیستو دووهەمی دامەزراندنی کۆماریچینی میللەوەکردەوە ، هەروەهاسەرپەرشتی نومایشێکیوەرزشی چینی ـ ئەلبانی کرد ، کە لە پانایەکی گەورە لەپەکین گێرا ·

لەم نومایشەدا : (یان وین یوان) کە یەکێکە لە خاوەنبیرەکانی شۆڕشی رۆشنبیری و(لی شین ین) جێگری سەرەك وەزیران و (بیە شین ینگ)ئەندامی مکتبی سیاسی بەشداربوون · وە پێشەوەی پانایەکەبە وێنەیەکی گەورەی سەرەك « ماوتسی تونگ » و دروشمی (ئەی گەلانی سەر زەمین یەکگرنو ئیمپریالیزمی‌ئەمریکاو سەگە بەکرێ گیراوەکانیان ببەزێنن) رازابووەوە ·

نومایشەکە بە هاوار کردن بە ژیانی سەرەك « ماوتسی تونگ » و « ئەنور خواجە » سەرەکی ئەلبانیاو هاوار بە سەرکەوتنی گەلانو روخاندنی ئیمپریالزمی ئەمریکا دوایی هات ·

پکین ــ ئاژانسەکان

ئەستێرەی دەستکردی نوێی سۆڤیەت

هەفتەی رابوردوو یەکیتیسوڤیەت دوو ئەستێرەی دەستکردی نوێی هەڵداوە ، یەکێکیان بەرەو مانگو ئەوی تریان بەدەوری زەمیندا ئەسورێتەوە ·

ئاژانسی تاس بڵاوی کردەوە کە « ئیستگەی ئوتۆماتیکی لۆنای ژمارە ١٩» کە لەرویشتنا بەرەو مانگ بەردراوە ئەرکی لێکولینەوەی بۆشایی دەوری مانگ بەجێئەهێنی ، ئاژانسەکە ووتویە : هەموو ئامێرەکانی ئەم ئەستێرەیە بە باشی ئیش ئەکەنو پەیوەندی لەگەڵ سەر زەمیندا بەردەوامە ·

ئەو ئەستێرەیەش بەدەوری زەمیندا ئەسووڕێتەوە لەجۆری «کۆزموس»ە کە ژمارە (١٤١)ی پێوەیە ·

کوشتنی بالویزی یوگسلاڤیا لە ئیران

ئاژانسی دەنگو باسی « تانیوك »ی یوگسلاڤی بڵاوی کردە وە کە « دوکتۆر رادینوی ئوڤالیتس » بالویزی یوگسلاڤیا لە هند ، بەهوی وەرگێرانی ئوتوموبیلکەیەوە لە ئیران مردوە ناوبراو لە رێگای چونیا بووبۆ شوێنی ئیشو کاری ، ئەم رووداوەی بەسەرهاتوە ·

ژمارە (٣٥)
(٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

داخوازی یەکانی مالتا لە نێوان بەریتانیاو پەیمانی ئەتلەنتیک دا

● مالتا : دورگەیەکە لە کۆمەڵە دورگەکانی دەریای سپی ناوەڕاست ، ئەکەوێتە نێوان دورگەی سقلیەو ژوورووی ئەفریقاوە . لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینا ئینگلیز چۆتە ناوەیەوەو بنکەیەکی ستراتیژیی تێیدا دامەزراندوە وە دەورێکی گرنگی هەبووە لە جەنگی جیهانی دووەمدا .

لەساڵی ١٩٦٤دا سەربەخۆیی وەرگرتوەو چووەتە ناو کۆمۆن ویڵثەوە . ژمارەی دانشتوانی (٣١٩٫٠٠٠) کەسەو پایتەختەکەشی (ڤالیتا) یە .

◎ ◎ ○

دوای ١٣ ساڵ دووری لە حوکمەوە حزبی کرێکارانی مالتا لە ١٣ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا توانی بەهۆی هەڵبژاردنەوە بێتە سەر حوکم .

ئەو هەراو هۆریایەی لەگەڵ هەڵبژاردنەکەدا هاتەکایەوە تارماییەکی چڕی دا بەسەر مەرجەکانی مستەر دوم منتوفی سەرۆکی مالتادا دەربارەی پەیوەندی نوێی مالتا لەگەڵ بەریتانیا . واش پێویست بووهەردوو لا ئەم هاوینە راوێژ بکەن بەڵام هەروەکو ئەنجامێکی مەنتیقی پەرەسەندنی سەرخۆیی مالتاو هەڵوێستی توندی مەنتوف و لەگەڵ نەهاتنە خوارەوەی ناکاوی بریتانیا ئەم راوێژەش نەکرا . ئەوەی راستی بێ سێ هۆی گرنگ هەبوو لەم مەسەلەیەداو پێویستە لەیەکتری جیابکرێنەوە هەرچەندەش بەیەکیشەوە بەستراونەتەوە :

● ڕێککەوتنە بەرگرییەکەی نێوان بەریتانیاو مالتا کە لەساڵی ١٩٦٤دا مۆرکراوە بەبێ ڕێککەوتنی هەردوو لا ناتوانرێ بەهیچ جۆرێک دەسکاری بکرێ . ئەوەی ئاشکراشە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٧ کاتێ وەزارەتەکەی هارۆڵد ولسن دووچاری گیروگرفتی ئابوری هات لە ئەنجامی مەسروفاتی کاروباری دەرەوەیدا بڕیاریدا کە ژمارەیەک لە پاپۆرە جەنگیو دوو تیپو بەشی زۆری لەهێزەکانی ئاسمانی لە دوورگەکە بکێشێتەوە ئەمەش وای ئەگەیاند کە نزیکەی (٦٥٠٠) کرێکاری مالتا لە بنکەکانی مالتا ئیشیان ئەکرد لەکار بکەون .

وە بەریتانیاش نزیکەی ١٢٫٥ ملیون پاون ئسترلینی گەڕایەوە بۆ خەزێنەکەی . دەربارەی ئەم واقعەش حکومەتی مالتا بە دەستەوسانی نەوەستا، سەرۆکی ئەو وەختەش بورگ ئولیڤر کە لە هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەدا سەر نەکەوت لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٧دا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا وتبوی :

« حکومەتی بریتانیا بەو بڕیارە یەک قۆڵیەی کە خۆی دەری کردوە برگەکانی ڕێککەوتنە بەرگریەکەی شکاندوە بەتایبەتی کە هێزەکانی لە مالتا ئەکێشێتەوە . هەرچی چۆنێک بێ ئەو بەڵگانەی حکومەتی بەریتانیا پاکانەی بڕیارو کردارەکانی پێوە ئەکات کە گوایە بەرگری لەمالتا ئەکات .... هەرچۆنێک بێ ئەم قسانە بەتەنها کافی نیە بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانەکە ... بەڵکو ئەبێ بەبێ کەمتەرخەمیو بەڵێن پێدانمان یارمەتیمان بدات ... ئاچوغی جێگای هێزەکانی بریتانیا تەنها بەدوانو قسە پڕ ناکرێتەوە کە ئەڵێ :- بریتانیا ئەتوانیو ئەیەوێ لە دوورەوە بەرگری لە مالتا بکات . جا بۆیە ئێمە سەر لەنوێ ئەیسەلمێنین کە بەریتانیا ئەو پەیمانەی شکاند » .

وەلە ئەنجامی ئەمەدا مستەر بورگ داوای لە لەندەن کرد کە (بەزووترین کات دەست هەڵگرێ لەو ماف و ئیمتیازانەی **لە دوورگەکە دراویە تێتێ**) بەڵام بریتانیا ئەو داواکاریەی دایەدواوەو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە :

ئەگەر بێتو مالتا ئەم ڕێککەوتنە بەرگرییە هەڵوەشێنێتەوە ئەوا پەیڕەوی پەیوەندکاریە دەوڵەتیەکان ناکات و ئەنجامی ئەمەش پڕ مەترسی ئەبێت .

لە ٣٠ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا وەزارەتی دوم منتوف کۆبۆوەو بەیاننامەیەکی دەرکردبوو تێیدا وتبوی :- ئەبێ باری هێزەکانی بەریتانیا لە مالتا دەسکاری بکرێ بەجۆرێ زامنی سەربەخۆیی دوورگەکە بکات .

ئازادەیەکیش مالتا وەڵامی قسەکەی بەریتانیای نەدابۆوە کە گوایە ڕێککەوتنەکە هەر لە ئازادایە .

● هۆی دووەمیش ڕێککەوتنە داراییەکەیە کە بە هیچ جۆرێک لە ڕێککەوتنەکەی بەرگری جیاناکرێتەوەو لەساڵی ١٩٦٤دا بەسترا ، بەپێی ئەو پەیمانەش بەریتانیا بڕیاری دابوو کە تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ (٥٠) ملیون پاون ئسترلینی بدات بە مالتا بەرامبەر ئەو ڕێگا ئاسانکردنەی کە لە دوورگەکەدا دراویەتێ ئەم پارەیەش سێ بەشی بەشێوەی یارمەتیو بەشەکەی تری بەشێوەی قەرز بوو . بەڵام ولسن ویستی ئەم ڕێککەوتنە هەڵگێڕێتەوە بە جۆرێ کە سێ بەشەکەی قەرزبێتو بەشەکەی تری یارمەتی . وە لە ئەنجامدا هەردوو لا کەوتنەوە راوێژ کردنو لە کۆتاییدا واتە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ هەردوو لا ڕێککەوتنەوەو بەم پێیە بەریتانیا بڕیاری دا کە (٢٫١١) ملیۆن پاون ئسترلینی بدات بە مالتا لە جیاتی ساڵانی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ بەڵام سەر لەنوێ راوێژی تر دەستی پێ کردەوە دەربارەی چۆنیەتی دابەش کردنی یارمەتیو قەرزەکان بۆ مالتا بۆ سێ ساڵەکەی دوایی .... مەنەز

خۆ ئەگەر بورگ ئولیڤر نەیسەلماندبایە کە بەریتانیا ڕێککەوتنە بەرگریەکەی شکاندوە ئەوا دوم منتوف نەیئەتوانی پاکانە بۆ ئەوهەڵوێستەی بکات . وەبۆماوەی چەند هەفتەیەکیش و لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٨ چەند جارێک دەستکرا بەراوێژکردن بۆ دەست نیشان کردنی کاتی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێک

منتوفیش لەم ڕووەوە داوای لە لەندەن کرد کە یارمەتیە داراییەکانی بۆ مالتا زیاد بکات بیکات بە (١١٫٨) ملیون پاون ئسترلینی بە بەڵگەی ئەوەی بریتانیا لەکاتی دانی ئەو یارمەتیانەدا حسابی بۆ زیاد بوونی نرخی کۆنی پارەی ئەم دە ساڵانەدا نەکردوە کە نرخی دراوی بەریتانیا زۆر بە نرخەکەی نەسڵییەکەی کەم بۆتەوە بەریتانیاش لەوەڵامی ئەم قسەیەدا بەزمانی وەفدە راوێژکارەکەی لە ئەنجومەنی (عموم)دا لە ١ی گەلاوێژی رابردوودا وتبوی :-

ئەو ڕێگا ئاسانکردنەی کە دراوە بە بەریتانیا لە دوورگەکەدا بەقەدەر ئەو یارمەتیانە نیە کە حکومەتەکەی ئەیدات بە مالتا . ئیستاش دوورگەکە ئەو شوێنو نرخە ستراتیژیەی جارانی نەماوە .

لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسەویەوە وەرگێڕراوە
هاوکاری

ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی کەشەوە بابزانین پەیوەندی مالتا لەگەڵ پەیمانی ژوورووی ئەتلەنتیک چۆنە . لە سێی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ پەرلەمانی مالتاو ئەنجومەنی پەیمانی ناوبراو بەیاننامەیەکیان مۆرکردو تێیدا نیشانیاندا بوکە : بنکە گرنگەکانی پەیمانی ئەتلەنتیک ئەو یاسایانە پەیڕەو ئەکات کە پێش سەربەخۆیی مالتا بەکار ئەهێنران .

لەکاتی خۆشیدا وەرنەگیرانی مالتا لەپەیمانی ئەتلەنتیکدا بەهۆی ڕازی نەبوونی ئیسکیندنافیاوە بو. پەیوەندیشی لەگەڵ پەیمانەکەداو لە ساڵانی سەرەتاوە شێواو نادیار بوو وەلەم ڕووەوە ئەدمیرال روسیلی لورنزینی سەرۆک سوپا سالاری دەریایی ئیتالیا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (تمبو) وتبوی :

پێویستە دان بەوەدا بنێم کە لەو ماوەیەی لە دوورگەی مالتا بووم کە نۆ ساڵی ڕەبەق بوو زۆر جار دووچاری تەنگوچەڵەمە ئەهاتم چونکە زانیبووم کە حکومەتی مالتا هیچ شتێک نازانێ دەربارەی جموجوڵی بەردەوامی هێزێکی سوپایی کە وەکو میوانێک وایە لە دەوڵەتێکدا کە سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە !!

بێگومان ئەم پێ لێنانەش زیاتر هەڵوێستی مالتای پتەوتر کرد دژی پەیمانی ئەتلەنتیک کە مافی ئەوەی نەبوو لە دوورگەکەدا کاروباری خۆی هەڵسوڕێنێو تەنها مافێکی وەقتی درابوویە ، وەواشی پێویست ئەکرد کە دوورگەو پەیمانی ئەتلەنتیک ڕێکبکەون . !

بەڵام شتێ لەم ڕووەوە ڕووی نەدا چونکە پەیمانی ئەتلەنتیک دواکاری بوون بە ئەندامی دورگەکەی دایە دواوەو بگرە بەوەش ڕازی نەبوو کە مالتا بە شێوەی (مراقب)یش وەربگیری ئیستاش ماوە بەسەر چووو پەیمانی ١٩٦٤یش خرایە پشت گوێو حکومەتی منتوف خۆیشی نایەوێ جارێکی تر راوێژ لەگەڵ پەیمانی ناوبراودا بکات بەڵکو ئەیەوێ راوێژ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکات هەریەکە بە جیا .

وەواش دیارە کە پاپۆرە جەنگیەکەی ئەمریکایی زیاتر تەماع ئەخاتە بەر مالتا لە پاپۆرە جەنگیەکانی دەوڵەتانی تری ئەندام لە پەیمانی ئەتلەنتیکدا .

„ماو" هێرش ئەباتە سەر دەسەڵاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا

ئەگەر « تایوان » لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەر نەکرێت ، چین ئامادە نی یە ببێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە

چینی میللی ، سەرلەنوێ سەلماندویەتی کە بوون بەئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان رەد ئەکاتەوە ئەگەر بێتو تایوان - فەرمۆزا »ی تیا دەر نەکرێت .

ئەم هەواڵە لە ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێدا بڵاو کرایەوە لە کاتێکدا ڕۆژنامەی « گەل »ی چینی کە لە پەکین دەرئەچێت ووتارێکی نووسیوە ، کە بیروڕای پێشەوای چین «ماوتسی تونگ »ی بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕیوە لەگەڵ بەرپەرچ دانەوەی ئەو هەوڵەی بە مەبەستی ئەوە ئەدرێت کە « دوو چین » لەو ڕێکخراوە جیهانیەدا بێت .

هەڵوێستێ کە شایەنی گۆڕان نیە :

ئاژانسەکە ووتویە : هەڵوێستی حکومەتی چین ئاشکرایە ، بۆ ئەمەش ئیشارەتی بۆ بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی چینی میللی کردوە کە لە دەی ئابی ڕابوردوا بڵاوی کردەوەو تیایدا ئەڵێ : جێگیربوونی هەر سیاسەتێ کارێکی وابکات دوو چین هەبێت ، یان هەر بڕیارێکی تری بەو شێوەیە وائەکات چینی میللی هیچ پەیوەندیەکی بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەبێتو ئەندامیەتی لەو ڕێکخراوەدا ئەداتە دواوە .

ئاژانسەکە ووتویە : تەنیا مەسەلەیەک بەلای ئێمەوە ڕاستە

ئەوەیش ئەوەیە نوێنەری نارەوای حکومەتی « شینگ کای شیک » لە ئەنجومەنی ئاسایشو هەموو دەزگاکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان دەربکرێو نوێنەری کۆماری چینی میللی جێگای بگرێتەوە .

باوەڕی سەرەک « ماو »

سەرەک « ماو » ووتویە : ئەو بارە تێک چوەی وای کردوە ئەمریکا دەسەڵاتی بەسەر بەشی زۆری وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت ، بێجگە لە دەسەڵاتی بەسەر زۆر بەشی جیهاندا ، بارێکی وەختیەو نامێنێ .

ئینجا ڕۆژنامەی « گەل » ئەڵێ : تەنیا یادداشتێکی ماقولو موناسب هەبێت ئەوەی « ئەلبانیا » یە کە لەگەڵ نۆزدە وڵاتی تردا پێشکەشی کردوەو داوا ئەکات بە گێڕانەوەی مافی ڕەوای چینی میللیو دەرکردنی نوێنەری « تایوان » لە نەتەوە یەکگرتووەکان .

دیسان ڕۆژنامەکە ووتویە : هەموو ئەو ڕێگایانەی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکخراوی دەوڵەتاندا دژی چینی میللی بەکاریان دێنێ ، ئەنجامیان سەرنەکەوتنە .

دوو بڕیاری ناپەسەند

بەڵام ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێ ، ئەو دوو بڕیارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوانی بە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی کردوون بە دوو بڕیاری ناپەسەندو نەگونجاو لەڕووی سیاسیو یاسایەوە ، چونکە بەمەبەستی بوونی « دوو چین » لە نەتەوە یەکگرتووەکان دارێژراون .

نەرخەکانی سیاسی

بورژوازیەت

Bourgeoisie

وەرگێر : ح . ع

چینی سەرمایەدارانن واتە خاوەنانی وەسائلی بەرهەمهێنان - کارگە ، کومپانیا ، هێڵی ئاسنین ... - وەژیانو سامانیان لەڕێگای دەست بەسەرداگرتنی کارەوە بەهۆی کرێوە دێت . بورژوازیەت بەپێی بەکارهێنانی سەرمایەکانیانەوە ئەکرێن بەم بەشانەوە : سەرمایەدارە پیشەسازیەکان ، بازرگانە خاوەن بانقەکانو بورژوازیەکانی لادێ - کولاک - ، سەرچاوەی دەخلی بورژوازیەکان - فائض قیمە - یە . بورژوازیەت وەکو چینێک لەناو جەرگەی کۆمەڵی دەرەبەگایە تیدا سەری هەڵداو بە درێژایی چەند سەدەیەک تێکوشا تاوەکو دەسەڵاتی سیاسیو ئابوری وەدەست بهێنێ . وەلەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکانی بورژوازی بوو بە چینێکی خاوەن دەسەڵات لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا . لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری دا بورژوازیەت لە هێزێکی پێشکەوتن خوازەوە ئەبێ بە هێزێکی کۆنەپەرستو ئەبێ بەکۆسپو تەگەرە لە ڕێگای پەرەسەندنی کۆمەڵدا . لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم سەرمایەداری پێی نایە دوا قۆناغیەوە ئەویش قۆناغی ئیمپریالیزمو لەو قۆناغەشدا بەتەواوی ناکۆکیەکانی کۆمەڵ دەرکەوتو بە ئاشکرایی کۆنەپەرستایەتیو گیاکەڵایەتی بورژوازیەت دەرکەوت . لە کۆمەڵی سەرمایەداری ئەم سەردەمەماندا دەستەیەک لە مونوپۆلەکان دەستیان بەسەر باری ئابوریو سیاسیدا گرتووو وەسائلی بەرهەم هێنانیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیانەوە . لەوڵاتە ژێر دەستەکانیشدا وەلەکاتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا بورژوازی نشتمانی ئارادەیەک ئامادەیە کە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نشتمانیدا بەشداری بکات ئەویش بەهۆی ئەو ئازاردانەی بورژوازی مام ناوەندی لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتیندا دوچاری دێت .

بڕوانە : ل - ٧

کتێبی هاوکاری

سەرەتایەک لە فەلسەفەو ڕێبازەکانی

حەمید عەزیز

● فیساگۆریزم ●

ڕێبازێکی فەلسەفەو ئایینو ئەخلاقو ئەندازیاریەو دامەزرانی ئەگەڕێتەوە بۆ فیساگۆراس کە لە ساڵی ٥٧٢ی پێش زایین لە دایک بوە ، واش زانراوە کە لەسەد ساڵ زیاتر ژیاوە ، زووربەی ژیانی لە شاری (ساموس) بردۆتە سەر چەند گەشتێکی بە میسرو هندستانو وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی کۆندا کردوە .

لەدواییدا گەڕاوەتەوە شارەکەیو تاقمێکی دامەزراندوەو ئەو تیپەش ژنو پیاوی تێیدا بەشدار بووەو ڕێڕەوو سیستمێکی تایبەتیان هەبووە دەربارەی ژیانو گوزەرانو سروشتو ئادەمیزادو ئایندا . وەتوانیویانە لە شارەکانی تری روماو یونان لایەنگیر پەیدابکەنو دەست بخەنە کاروباری سیاسیەوە بە ڕادەیەک بزوتنەوەیەکیان بەرپا کرد دژی ڕژێمی فەرمان ڕەواو حکومەتیش بەرەنگاریان بوو هێرشی کردە سەر بارەگاکەیانو هەرچی تێدابوو سوتاندیو بەتەنها مامۆستا (فیساگۆراس) ڕزگاری بوو لەگەڵ دوو قوتابیدا . وەزوربەی ئەو شتانەی نووسەرانی ئەوسەردەمە سەبارەت بەو ڕێبازە نوسراوە گومانی لێ ئەکرێت چونکە :

بەرەیەک فەرمانی لەناوبردنی بەسەردا بدرێتو لەبارەگاکەیدا بسوتێنرێو سەد تومەتی بدرێتە پاڵ ئەبێ ئەوانەی ئەو کاتە شتیان لەسەر نوسیبێ تاچەندلەڕاستیەوە نزیک بێت . وە بەرهەمەکانی خۆشیان هەمووی سوتاوەو چەند قسەیەک نەبێ کە دەماو دەم گەیشتۆتە ئەفلاتونو ئەرستۆو ئەوانیش باسیان کردوەو هەندێ شتیواشیان داوەتە پاڵ کە عەقل نایجرێ ئەو ڕێبازەش ئەندامانی واتێگەلاو بوون قسەی مامۆستا لەقسەی قوتابی جیا ناکرێتەوەو نازانرێ خاوەنەکەی کێ بووە بەڵکو هەر ئەوترێ فیساگۆریەکان وائەڵێن .

فیساگوریەکان دەورێکی گرنگیان گێڕاوە لە زمرەو ئەندازیارو زانستو مۆسیقاو ئاینو فەلسەفەو پزیشکیدا .. ڕێڕەوێکی ئاینی تایبەتیان هەبووەو جلو بەرگی تایبەتیان بۆ لەبەرکردوەو کۆڕی تایبەتیان بۆ بەستوەو چەند مەرجێکیش هەبووە پێویست بووە ڕەچاو بکرێت وەکو :- نەخواردنی پاقلە ، ئەوشتەی کە کەوت نابێ هەڵبگیرێتەوە ، دەست لە کەلەشێری سپی نەدرێ ، لەڕوناکیدا تەماشای ئاوێنە نەکرێ ...

گرنگیەکی زۆریان بە مۆسیقاداوەو لەکاتی (طقوسی) ئاینیدا جورە موسیقایەکیان بەکارهێناوە بەبیانوی ئەوەی گوایە چۆن وەرزش ئەبێتە هۆی لەش ساغی ئەوا مۆسیقاش گیان پاکو بێگەرد ئەکاتو لەمادیات بەرزی ئەکاتەوە(١) لە سەرێکی کەوە گیان (عنصر) ێکی خاوێنو نەمرەو لەش بەندیخانەیەتی ، گیان بە مردنی خاوەنەکەی ئەچێتە بەر گیان لەبەرێکی کە جاچ ئادەمیزادیان ئاژەڵ بێت ... ژیانیش قۆناغێکی گرانو ستەمە ئەوەی بیەوێ بە باشیو سەرکەوتویی بیباتە سەر پێویستە چەندپەیرەوێک هەیە بیکات جگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد وەکو مەشقێکی تایبەتی(٢) و ڕوژی چەند جارێک بێدەنگ بێتو بەچاوی دڵو دەرونو هەست سەیری خۆی بکاتو بزانی لایەنی باشیو خراپی چیە ! وازانراویشە کە ناوبراو خاوەنی تیورێکی بەناوبانگەو بەناوی خۆیەوەناو ئەبرێ ئەویش :

لە سێ گوشەدا دوو گۆشەکە لەسەر دوو (ضلع)ی بەرامبەر بەگۆشەیەکی ٩٠ دەرەجەبن بەقەدەر چوار گۆشەیەکن لەسەر (ضلع)ی سێهەم دروست کراوە(٣) ئەویش وەتەری سێ گۆشەکەیە .

١ - الدکتور جعفر آلیاسین : فلاسفە یونانیون ص ١٤٨ .
٢ - الدکتور محمد علی ابوریان : تاریخ الفکر الفلسفی ج ١ ص ٦٣ .
٣ - براتراند رسل : تاریخ الفلسفە الغربیە - ترجمە الدکتور زکی نجیب محمودج ١ ص ٧١ .

ماویەتی

لەشکری کۆماری ئێرلەندە داوای فراوانکردنی بزووتنەوەی توندوتیژی ئەکات

سەربازەکانی لەشکری نهێنی کۆماری ئێرلندە پەلامارەکانیان بۆسەر سەربازەکانی سوپای بەریتانیا فراوان کردوە .

ئاژانسی دەنگو باسی ئەسوشیتدپریس ئەڵی لە پیرێوە تەقینەوەی بۆمباو شەری نێوان ئەو سەربازانە گەلێ شوێنی ئێرلندەی باکووری گرتۆتەوە .

دیسان بڵاو کرایەوە کە پیاوەکانی لەشکری نهێنی بنکەیەکی سەربازی بەریتانیایان بومباباران کردوەو تەقەشیان لە سەربازەکانی بەریتانیا کردوە کە لە بەلفاست پایتەختی ئێرلندەی باکوورنو لە ئەنجامدا سێ سەربازی بەریتانیا بریندار کراوە .

لە کاتیکیشدا کۆبونەوەی سەرۆکانی ئێرلندەی باکوورو باشوور لەگەڵ سەرەک وەزیرانی بەریتانیا کوتایی هات ، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە تیایا داوایان کردوە بەوەستاندنی کاروباری توندو تیژ ، بەڵام فراوان بوونی ئەو توندو تیژیە ئەوە ئەخاتە ڕوو کە لەشکری نهێنی کۆماری ئێرلندە باکوور ئامادە نیە بۆ وەستاندنی بزوتنەوەی توندو تیژی دژی هێزەکانی بەریتانیا .

ڕویتر . ئا . د . ع

ئاشت بوونەوە یەکی بچووک بۆ ئاشت بوونەوە یەکی گەورە

- ١ -

لە گێژی پرۆژەو پیلانی ئیمپریالیزما ، لە نێوان ساتو سەوای هەندێ دەوڵەتی عەرەبو دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا ، لەدوای چەند پەلامارێکی دڕندانەی کۆنەپەرستانی عەرەب بۆ سەر پێشمەرگەکانی فەلەستین بەتایبەتیو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی عەرەب بەگشتی جارێکی تر مەسەلەی پێکهێنانەوەی ڕژێمی مەلیک حسەینو ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی فەلەستین نیستگەو لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو دەزگاکانی تری پروپاگەندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە خۆیەوە خەریک کردوە .

ئەوانەی خۆش بینن بەرامبەر گفتو گۆی نێوان مەلیک حسەینو هەندێ ڕێکخراوانی پێشمەرگەی فەلەستین چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن کە ئەو گفتو گۆیە بگاتە ئەنجام بە جۆرێک کە کۆتایی بە شەڕو هەرای نێوان ئەم دوو هێزە بهێنێت . وا دەرئەکەوێت کە چاویان لە نرخی ئەم ئاشتی یە نی یەو گوێ نادەنە ئەنجامەکەی ئەگینا دوای تاقی کردنەوەیەکی تفتو تاڵ هیچ بڕوایەکیان بە مەلیک حسەینی نۆکەری ئیمپریالیزمو دۆستی ئیسرائیل نە ئەما . بێگومان مەلیک حسەین بە ئاشتی یەک ڕازی ئەبێت کە مەبەستی خۆی تیا مسۆگەر بکات ، نیازو مەبەستی ئەویش لە دوو خاڵدا خۆی ئەنوێنێ . یەکەمیان : دەستەمۆ کردنی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی فەلەستین وە چاندنی تۆوی ناکۆکیو دووبەرەکی لە نێوان ئەم بەشەو بەشە دەستە چەپەکانیانداوەکو بەرەی میللیو بەرەی میللی دیموکراتی .. دووەم خاڵ ئەوەیە : ئەم ڕێکخراوانە لەکاتێکا بجولێنەوەو لە سنوورێکدا چالاکی بنوێنن کە بگونجێ لەگەڵ پرۆژەکانی مەلیک حسەینا .

ئینجا کە ئەمە نرخی ڕێککەوتن بێت ئەبێ ئیتر کەڵکی ئەو ڕێکخراوەچەکدارانەی فەلەستین چی بێ بۆ ڕزگار کردنی خاکو گەلی فەلەستین ؟! ئایا کەس هەیە بڕوای بەوە

بڕوانە ل ٧

ئەدەب و ژیان

دوو پارچە هۆنراوە

سامی شۆڕش

١ – من ٠٠ ئەورۆژە ٠٠
ئەڵێم : هانێ خۆشەویستی
بە ئاگری ماچێکی هار ،
دڵی برسیم ٠٠ تێر ٠٠ بکرۆژە ٠٠
کاتێ ٠٠ رقی ئەم ئاسۆیە بێ هەتاوە
لە چاوی چەپکە مێلاقەی شاخەکانا ٠٠
باڕووت روا ٠٠ ،
٠ کەمەربەندی بەهارێکی سوور ٠٠ گەشاوە
لە کەمەری ساڵنامەی سەر عەرشی خوا ٠٠!
کاتێ ٠٠ پەنجەی – هوشی منە –
قژی ئەو منداڵە کوردە ٠٠ شانە ئەکات
کە ئاسۆری مێژوویێکی لە گەردنە ٠٠ ،
پێشی ئەڵێ : رۆڵە ٠٠ لامان
خۆر ٠٠ لە کەڵی تفەنگێکی سوورا ٠٠ هەڵات !
تا ٠٠ ئەو رۆژە ٠٠
برینی عەزرەتی تەمەن ٠٠ ئەمخواتەوە ٠٠ ،
تا ٠٠ ئەو رۆژە ٠٠
بێشکەی ژانی ٠٠ ئێجگار ٠٠ تینوو ٠٠
بۆ قومێ ئاو ٠٠ ئەمهێنێتو ئەمباتەوە ٠٠

◉ ◉ ◉

٢ –
٠٠ لە پاش ئەوەی خولکە ی سەعات ٠٠ ،
مێژووی ئێشی زەردەشتی بۆ گێرامەوە ٠٠ ،
لەپاش ئەوەی لە رووباری ئارەقەی یاخیبوونما ٠٠ توامەوە ،
لە پاش ئەوەی لەگەشتێکی ناوگریانی چەوساوەکان ٠٠
گەڕامەوە ،
زانیم ٠٠ زانیم ٠ ،
چاوی تفەنگ ئاسمانێکی بێ سنوورە ٠٠
کوردستانیش ٠٠
کاتێ گڕی نەورۆزی ساڵ ٠٠ قووتی ئەدات ٠٠
گوللەیەکی قەوان سوورە ٠٠

سەرەتایەک لە : کۆمەڵایەتی و یاخی بوون و شۆڕش

کەمال میراودەلی

پێشەکی :

لە سەردەمی ئەمڕۆماندالە هەموو جیهانا گەلێ ووشەوناو وەکو شۆڕش ، یاخی‌بوون‌ئازادی ، چەپگەری ٠٠ هتد لە نێو لاوانا باو بوونو بوونە وێردی سەر زاریان ٠٠ لە ئەدەبی کوردیشمانا وشەی « یاخی‌بوون » تا ڕاددەیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەو وشەیە بەلای خوێندەوارانەوە ڕوون بێ‌وئەبعادەکانی ئاشکرا بن ٠٠ لەبەر ئەوە من بە پێی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی خۆم حەزم کرد نەختێ ڕۆشنایی بخەمە سەر سرووشتی یاخی بون‌وپەیوەندی بە غەریزەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤا ٠٠ بەڵام لە سەرەتاوە دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە ئەو وشانەی لەسەرەوە ناومان بردن هەموویان « نیسبین » و واتایەکی ڕووت و پەتیان نیە ٠٠ بەڵکو بەستراون بە بۆتە – اطار – ی ئەو کات و شوێنەی تێیدا دەردەکەون و سرووشت و چۆنیەتی ئەو دەرکەوتنە جاهەر ئەومرۆڤێك نیشتمانپەروەرە بەوسرووشت و چۆنیەتیە بەستراوەبەکات و شوێنەوەیە کە ڕێگامان بۆ خۆش دەکا کە بەپێوانە ناسراوەکانی ئەمڕۆ ئەو دیاردانە هەڵسەنگێنین‌وڕاددەی پێشکەوتوویی‌وکۆنەپەرستیان بزانین ٠٠ بۆ وێنە هەتاکو نیشتمانپەروەریش بیرێکی دووڵایە – مزدوجە – زۆر جار هەیە مرۆڤێك نیشتمانپەروەرە بەوواتایەی کە دوژمنی دوژمنانی گەل و نیشتمانەکەیەتی ٠٠ وەلە هەمان کاتیشا – نانیشتمانپەروەرە – چونکە چۆنیەتی‌مومارەسە کردنی نیشتمانپەروەرایەتیەکەی و جۆری

بیرکردنەوەیو ئەو ئامانجە کەسیە تایبەتیانەی بۆیان تێ ئەکۆشێ دەیکەن بە دژی جەماوەرو چەوسێنەرەوەی زەحمەتکێشان وە لە قازانج گەلێ زیاتر زیان بە بزووتنەوەی نیشتمانی دەگەیەنێ و لە ئەنجاما لەگەڵ ئەو دوژمنەی دوژمنایەتی لەگەڵا دەکا لە مەبەستا یەك دەگرنەوەو دەبن بە دۆست !!

●

ببین یا نەبین : ئەوەیە پرسیارەکە ؟

شکسپیر کێشەی مرۆڤایەتی زۆر بە زیرەکی لەم پرسیارەدا گەڵاڵە کردووە ٠ چۆن ببین‌و لە پێناوی چیا نەبین ؟ بوونەکە خۆی بەسەر مرۆڤا سەپێندراوە واتە دەسپێشخەری یا « موبادەرەی » لێ وەرگیراوە ، وە بەم جۆرە تا ڕادەیەکی زۆر دوور ئازادی لێ سەندراوە وە بەشێکی زۆری ڕێگای ژیانی ئادەمیزاد دیسانەوە لەلایەن دایك‌و باوك‌و کۆمەڵ‌و یاساکانیەوە ڕەنگ‌ڕێژ دەکرێ‌و ئەگەر بێتو ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی وەعی‌و تێگەیشتن بکاتەوە ئەوا لە بەردەم پرسیاری بوون‌و نەبوون لەلایەکەوەو ناکۆکیەکانی کۆمەڵ‌و ڕۆژگارەکەی ، لەلایەکی ترەوە سەر سام دەوەستێ‌و ناچار دەبێ بە شوێن وەڵامێکا بگەڕێ کە قنیاتی پێ بێنێ بە پێچەوانەی ئەو وەڵامە سازە ناسازانەی لە بەردەمیا هەن ٠٠ دەبینین ئادەمیزاد نۆ مانگ لە زگی دایکیا دەژیا ٠٠ وە کە بۆ یەکەم جار بە دەم گریانەوە چاوی ژیانی دەکاتەوە ٠٠ تولفێکی بێ دەسەڵات‌و بێ ویستە کە بە تەواوەتی دیلی پێویستی بەخێو کردن‌و پەروەردە کردنە ٠٠ گیان لەبەرانی دیکە – حەیوانات لەم لایەنەوە لە مرۆڤ بەختدارترن ٠٠ ئەوان زۆربەیان تەنها مانگێك یا کەمێ زیاتر پێویستیان بە دایکیانە ئەوسا بۆ خۆیان ئازاد دەبن‌و دەتوانن بەرهەڵستی ژیان بە هەموو سەختی‌و تەختیەکەوە بکەن ٠٠ جگە لەوەش ئەوان بەندی داوای – کۆمەڵایەتی – نین‌و ئەگەر تەنهاش بن دەتوانن بە ئاسانی هەڵکەن ٠٠ بەڵام مرۆڤ بەلای کەمەوە ٨–١٢ ساڵ بەخێوکردن‌و پەروەردە – کردنی دەوێ تا بتوانێ – زۆر بە زەحمەت – ڕێگای خۆی لە ژیانا بکاتەوە ٠٠ ئەم پەروەردە کردنەش زووربەی بریتی‌یە لە درۆو چاوبەستەکێ‌و هەڵخەڵەتاندن ٠٠ کە هەر لە هەوەڵی بوونی منداڵەوە دەست پێ‌دەکا ٠٠

زۆر جار کە منال دەگرێ‌و دایکی لە ماڵ نابێ بە یەکێکی تر شیری ئەدەنێ‌و چاوی دەگرن هەتا وا بزانێ دایکێتی ٠٠ یا ئەگەر لەبەر ئازارێك ، برسێتی‌یەك ، وەرس بوونێك لە بەندو کۆتی دەسرازە بگرێ ، ئەوا بە دەنکێك نوقڵ ، لایلایەیەك ، هەندێ گاڵتەی ساختە ژێری دەکەنەو کوتی گریانەکەی پێ قووت دەدەنەوە بە بێ ئەوەی ئازارە راستەکەی چارەسەر بکەن ٠٠ یا – کە تەمەنی زیاتر دەبێ – گەلێ حەل لەکاتی گریانیا شتومەکێك یا پێویستیەکی کەسێکی کەی دەدەنە دەست‌و دەڵێن ئەوە هی تۆیە وە لە دوایا هەر بە فێڵ لێی دەستێننەوە !

بە کورتی ئەگەر بێتو بە ووردی لەم رواڵەتانە سەرنج بدەین دەبینین ئادەمیزاد لە سەردەمی منالیا لە شیری دایکی زیاتر درۆی دەرخوارد دەدرێ ٠٠ وە لەگەڵ تەمەن هەڵچوون‌و زیادکردنی توانای تێگەیشتنی ، سرووشت‌و چۆنیەتی ئەو درۆو هەڵخەڵەتاندنەش دەگۆڕێ‌و بەرگێکی جیاوازی دەکرێ بە بەردا ٠٠ وە ئەو درۆیانە لە چوارچێوەی ماڵ دەردەچن‌و کۆمەڵ‌و ووڵات‌و تەنانەت هەموو جیهانیش دەگرنەوە ٠٠ بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ گەلێ نموونە لەو درۆیانە نەزانێ – خۆماڵی‌و جیهانی – کە بریتین لە دوو فاقینەم‌و چاوبەستەکێ‌و بوونی بۆشاییەکی زۆر فراوان لە نێوان قسەو کردارو هەڵوێست‌و هەنگاوو ، تیورو پراتیکا ٠٠٠ کێ هەیە بۆی دەرنەکەوتبێ چەندان تاوان بە ناوی‌سوشیالیزم‌و ئازادی‌و مافی ئادەمیزادو ، پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە ٠٠ هتد دەکرێن لە هەموو جیهانا ، وە چەندان کەسی پاکی مرۆڤپەروەر پەیتا پەیتا دەبنە قوربانی ئەو تاوانانە ٠٠ بەڵام لەگەڵ ئەمەشا کەم کەس هەیە کە لە سەرەتاوە لەم چلۆنایەتی‌یە یاخی‌بن ٠٠ چونکە ئەو درۆو بەهانانە زۆر جار هێندە باو دەبن کە شێوەی یاسا وەردەگرن لە ناو کۆمەڵا ٠٠٠ وە غەریزەی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی کەوە زۆر بە توندی مرۆڤ بە کۆمەڵەکەیەوە دەبەستێتەوە ٠٠٠ هەر وەکو ووتەیەکی فەرەزانراوە: ئادەمیزاد – بە شێوەیەکی سرووشتی – بە گیان لەبەرێکی کۆمەڵایەتی ئافەریدە بووە ٠٠ وە پێویستی بەخێوکردن‌و پەروەردە کردن‌و دابین کردنی ژیانیش ئەو – کۆمەڵایەتی‌یە – گەرم‌ترو خەستتر دەکا ٠٠٠ لە بەر ئەوە مرۆڤ بە هیچ جۆرێك ناتوانێ کەس نەویست – لا منتمی – بێ چونکە جگە لەوەی کە خواردن‌و خواردنەوەو بەرگ‌و کاڵای بە هاوکاری کۆمەڵ بۆ مسۆگەر دەبێ ، کۆمەڵویستی – انتماء – تاقە ڕێگایەکە بە هۆیەوە دەتوانێ بەختەوەری وەدەست بێنێ ٠٠ نموونە بۆ ئەمە زۆرە ٠٠ منال هەر لەسەرەتای‌ژیانیەوە دەیەوێ بەڵکو پێ‌دادەگرێ کە خۆی لە کۆمەڵا دەربخاو بوونی خۆی تێدا بسەلمێنێ ٠٠ کە شتێکی جوانی هەبێ دەبێ پیشانی کەسانی کەی بداو تەنیا ئەو کاتە بەختەوەر دەبێ کە ئەو کەسانە بە قەدرەوە سەیری شتەکەی دەکەن ٠٠ ئەگەر بە هێزبێ‌و بتوانێ ئیشێك بکا دەبێ لە پێش چاوی خەڵکی کە بیکاو سەرنجیان رابکێشێ ٠٠ ئەگینا ئەو تواناو لێهاتوویی‌یەی – خۆی لە خۆیدا – بێ‌نرخەو ئامانجێکی نیە ٠٠٠ ئەمخولیایە بە درێژی ژیان لەگەڵ مرۆڤا دەمێنێتەوە ٠٠ گەنجێك کە هۆدەیەکی خۆش ، یا ئەلبومێکی وێنەی جوانی هەبێ ٠٠ هەموو دەمێ بە تەنگەوەیە کە برادەرەکانی بباتە ماڵەوەو هۆدەکەی ببینن‌و ئەلبومی وێنەکانی‌سەیر بکەن ٠٠ چونکە ئەو کاتە بەختەوەر دەبێ‌کە بە شێوەیەکی – بە ئاگا – شعوری ، یا بێ ئاگا ، لا شعوری ، هەست دەکا کە لە ڕێگەی ئەو هۆدەو ئەلبومەوە توانیویەتی وەکو ئادەمیزادێکی خاوەن جێ‌پێ لە کۆمەڵا بوونی خۆی بسەلمێنێ ٠٠ وە هەتا ئەو کەسانەی کە گۆشەگیرو چڕۆل پەرستیشن ناتوانن پەیوەندی ژیان لەگەڵ کۆمەڵا بپسێنن ٠٠ گوێ گرتن لە رادیۆ ، کتێب‌و رۆژنامە خوێندنەوە، هەتا ئەو خەیاڵانەی دەیان کەن بریتین لە کردە – عملیە – یەکی مەوزوعی کۆمەڵایەتی ٠٠

جا لێرەوە دەتوانین بزانین کە هەر کۆمەڵە هەندێ بایەخ – قیم – درووست دەکا بام خراپیش بن ٠٠ وە هەندێکی کە گەرچی باشیش بن پشت‌گوێ دەخا ٠٠ وە هەر ئەو بایەخانەن کە لە ناو خەڵکیدا خۆ دەنوێنن‌و ئەوانەی کە لێیان یاخی‌دەبن گەلێ‌کەمن تەنانەت غەریزەی کۆمەڵایەتی گەلێ جار مرۆڤ هاندەدا کە لە کاری خەراپەو هیچ‌و پووچدا بە پێچەوانەی باوەڕی خۆی بەشداری بکا ٠٠ برادەرێکم زۆر هێرشی دەکردە سەر « موسارەعەو» دەیگوت یاریەکی نامرۆڤانەیەو قەت سەیری ناکەم ٠٠ کەچی کە فلیمێکی موسارەعە لە تەلەفزیون نیشان‌دراو بینی بە سەدان کەس لە دەوری گردبوونەوەو هاواری بۆ دەکەن ٠٠ زۆری پێ‌نەچوو ئەم (لەرزو تایە) گەیشتە هاوڕێکەشم‌و دەستی کرد بە چەپڵە لێدان‌و فیتوو کێشان ٠٠ ئەم تەئسیری کۆمەڵایەتی‌یە کە دەتوانین ناوی بنێین – موگناتیسیێتی کۆمەڵایەتی – یا وەکو دەڵێن ٠ لەگەڵ گاڕان کەفتن ٠ – السیر مع القطیع – تا ڕاددەیەکی زۆر زێرەوی کەسان‌و هەڵوێستیان لە ژیانا دیاری دەکا ٠٠ هەر ئەمەشە وا لە سەربازانی سوپا ، یا ئەندامانی لە شکرێك دەکا کە – هەرچەن چین‌و ، هەڵوێست‌و خولیاشیان جیاوازبێ – سەر بۆ یەك پەیڕەوێ شۆڕکەن‌و زۆر جار بە پێچەوانەی ویست‌و ئارەزوویان رووی لوولەی تفەنگیان بکەنە سنگی کەسانی کە ٠

باشە مرۆڤ کەنگێ یاخی دەبێ ؟ کاتێك کە دەکاتە پلەیەك لە هوشیاری « وەعی » کە باری بەراوەژووی کۆمەڵ‌و هەڵەکانی‌و یاسا پڕو پووچەکانی تێ‌دەگاو ناتوانێ لەگەڵیا بگونجێ‌و هەڵکا ٠٠ وە لە هەمان کاتیشا ناتوانێ بێ‌کۆمەڵ بگونجێ‌و هەڵکا ٠٠٠ چاری ئیجابی بۆ ئەم بارە یاخی‌بوونە لە پێناوی گۆڕینی باری‌چەوت‌و چەوتی کۆمەڵ بۆ بارێکی باشترو نوێ ٠٠ (١) یاخی‌بوون بریتی‌یە لە : نا ٠٠ نا بۆ هەموو یاسایەك ، بایەخێك ، نەریت‌و رێڕەوێکی کۆنی چەوت ٠٠ جیابوونەوەیە لەو کاروانەی کە بە ڕێگایەکی هەڵەو هەڵدێرا دەڕوا ٠٠ بەڵام پێویستە یاخی‌بوون لە ناو منالدانیا تۆوی شۆڕش هەڵگرێ ٠٠ شۆڕش واتە بەڵێ ٠٠٠ بەڵێ بۆ هەموو یاسایەکی باش ، هەموو شتێکی چاك ، هەموو بیرێکی بە کەڵك بام کۆنیش بێ ٠٠ وە هەروەها خەباتە لەسەر ڕێگایەکی نوێ – کە لەگەڵ واقیع‌و کات‌و شوینا بگونجێ – بۆ درووست کردنی کۆمەڵێکی نوێ کە هەموو جۆرە چەوسانەوەو ئازارو درۆیەکی تێدا بنەبڕ بکرێ ٠٠ بەڵام ئەگەر « نا »ی یاخی‌بوون هاوشانی « بەڵێ »ی شۆڕش نەڕۆیشت‌و تەنها ڕەت‌کردنەوەی هەموو شتێکی کۆن بوو بێ ئەوەی هەوڵ‌بدا بۆ دۆزینەوەی جێگر – بەدیل – ێکی باشتر ٠٠ ئەوا ئەو کاتە سەر لێ‌شێواوی دەگەیەنێ‌و خاوەنەکەی دەخاتە ناو دەریای بێ‌سنووری گوم بوونەوە بە جۆرێك کە هەرگیز ناتوانێ خۆی بدۆزێتەوە ٠٠

جگە لەمەش یاخی‌بووان‌و نوێ خوازان پێویستە تیورو پراتیك لە لایان لێك جیا نەکرێتەوەو کردەوەکانیان ئاوێنەی ووتەکانیان بێ وە بە پێچەوانە ٠٠٠ ئەگینا سەر نە نوێ ئادەمیزاد تووشی دەبێتەوە بە تووشی داستانەکە ٠٠ داستانی ترازیدیای بێ‌کۆتایی مرۆڤایەتی ٠

رواڵەتی هەڵبەستی نوێ

ئەحمەد تاڵانە

لەم دوایی‌یەدا چەند کەسێك کەوتبووە هات وهاوار وبەناوی نوێ‌خوازی‌یەوە دەستیان بە قسەی زلزل کردبوو ٠

ئێمەی لاوانی وێژەدۆست گەشەیەکی تازەمان کەوتە دڵەوە ، بەهیوای ئەوەوە کە ڕێبازێکی تازە لە وێژەی کوردیدا سەرهەڵبدا ٠ کەچی ماوەیەکی دوور بەسەر ئەو دەنگەدەنگ ومقۆمقۆیەدا تێپەڕی بێ‌ئەوەی شتێکی نوێ لە بڵاوکراوەکانی ئەو کۆمەڵانەدا بەدی بکەین ، ئەگەرچی تاقێك لەو تاقمانە توانیبێتیان چەند کەسێك لەدەوروبەری خۆیاند کۆبکەنەوە وخۆیان وکەمایەتی‌یەك بەوە هەڵخەڵەتێنن کە گوایە پێشەوایەتی تازەکردنەوە وداهێنان دەکەن ودامەزرێنەری ڕێبازێکی تازەن لە وێژەدا ٠

لەوانەیە هەندێك بپرسن وبڵێن : چۆن ئەمان شتی تازەیان نەداوە بەدەستەوە وهیچیان نەکردووە ؟!

بەر لەهەموو شتێك ، ئەبێ ئەوە بزانین کە بوێژی بەهرەمەند وتوانا مەرج نی‌یە دامەزرێنەری ڕێباز وروانگەیەکی گشتی نوێ بێت ٠ چونکە ڕێبازی تایبەتی، ئەبێ بناغەیەکی پتەوو ڕێڕەوێکی دیاری کراوی ئاشکرای هەبێ ، ئەمەش بلیمەتێکی پێ‌دەوێ ٠

گۆڕان لەوێژەدا – وەکوو ئاشکرایە – لە دوو لادا ڕوودەدات ، لە ڕواڵەت ولەناوەڕۆکدا ٠ لێرەدا دەمەوێ تەنیا باسی ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ بکەم ٠

من لەو بڕوایەدا نیم کە گەنجانی نوێ‌خوازی ئەمڕۆمان – هیچ یەکێکیان – توانیبێتیان لە ڕواڵەتی هەڵبەستیاندا گۆڕانێکی ئەوتۆ بێننەکایەوە ٠

بزووتنەوەی گۆڕینی هەڵبەستی کوردی لە مامۆستا نووری شێخ ساڵح و مامۆستا گۆران وبرادەرانیانەوە دەستی پێ‌کرد ٠ ئەوەبوو کێشی پەنجەیان زیندووکردەوە وئەم ڕێگایەیان گرت وبە کێشی پەنجەی ڕێك گەلێ هەڵبەست هۆنرایەوە ورستەکانیان لەووشەی بێگانە رزگار کرد ٠

دوابەدوای ئەوەوە – نەوەی‌پێش ئەم نەوەی ئێستایە کە داوای نوێ‌خوازی دەکات –یاخی‌بوونێك هاتە کۆڕەوە لەپاش ئەوەی کەهەموودێرەکانی هۆنراوە لەڕووی کێشەوە وەك یەك بوو هەندێك لە بوێژان دەستیان بەتێکدانی ئەم یاسایە کردو کێشی دێرەهۆنراویان تێکدا ، بەڵام پەیوەندی‌یەکی گشتی‌ی کێشی تێدا هەر مایەوە ٠ هەندێ دێڕ چوار بڕگەیی بوو،هەندێکی‌تر دووئەوەندە ، وەیاسێ ئەوەندەی ئەوبوو ٠٠ ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەو هەڵبەستە کوردی‌یانەی کە بەئازاد ناو ئەبرێن کێشێکی تایبەتی‌ی گشتی‌ی پەنجەیی‌یان‌هەیە ، کە ئەوەش چوار بڕگەیی‌یە ٠٠ ئالەم جۆرەهەڵبەستانە مامۆستا – کامەران مۆکری – لەساڵی – ١٩٥٧ . دا لە لاپەڕە –١٧– ی دیوانی – دیاری – دا – ئەی کچەشوان – ی بڵاوکردەوە کە لەسەرەتاکەیدا ئەڵێ :

ئەی کچە شوان
هەڵاڵەیی
ئەی کەنیرەی کەژی کوێستان
بەشێنەیی
نەرمونیان
بەئاوازی شمشاڵەکەت
بەلەرەی لێوەئاڵەکەت ٠٠هتد ٠

لەبیرەوەری کۆچی دوایی‌یازدەهەمینی پیرەمێردی نەمریشدا عەبدوڵڵا گۆران– یادی پیرەمێردی بوێژی دانا ، کە ئەمە چەند دێڕێکە لەسەرەتایەوە :

ئەم بەهارە
لەسەرگردی مامەیارە
بۆ یانزە جار ،
نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی رژایە سەر گیای**سەوز**
خوێن پەنگی خواردەوە ،وەك‌حەوز ٠٠

لێرەدا مەبەستم ئەوە نی‌یە بڵێم کێ ئەم جۆرە هۆنراوەیەی بۆ یەکەم جار داهێنا ، بەڵام‌ویستم تەنیا ئەوە روون‌بکەمەوە کە ئەم جۆرە هەڵبەستەدەمێکە کەوتووەتە ناو وێژەی کوردی‌یەوە ٠

مایەوە کۆمەڵە نووسراوی‌سیهەم ٠٠ ئەوەش ئەو پارچە نووسراوانەن کە بەڕستەی کورت‌کورتی لەکێش وسەروا رزگاربووەوە نووسراونەتەوە ٠لەم دوایی‌یەدا – لەتیف هەڵمەت – بۆ یەکەم جار بەوجۆرەی نووسیبووەوە وبەهەڵبەستی تازەی داهێنراوی‌دانابوو ٠ بۆ نموونە لە دیوانی – خواو شارە بچکۆلەکەمان – دا ولە لاپەڕە –٤٣– دا – ووشەسووتاوەکان – ئەبینین ، تێیدا ئەڵێ :

کپ‌و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراوە
لە دەڵاقەی زامەکانەوە
هەناسەی ژیان لە ڕێگاکانا ئەدزێ
باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیووبڕە
ئەیەوێ ئەژنۆی مێژوو بشکێنێ
باڵی ئەم دارەشورانە دامەوە شێنن ٠٠ هتد ٠

هەر لەپاش ئەوەشەوە – شێرکۆ بێکەس – بەو جۆرەی نووسیبوو لەژێر ناوی – پەخشانی نوێ – دا بڵاوی کردبووەوە ، بەلای منەوە یا بۆ ئەوە پەردەی پەخشانی نوێ‌ی بەسەر ئەو نووسراوەدا دادابوو ، بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەڵێن لاسایی – لەتیف هەڵمەت – ی کردووە ، وەیا بۆ ئەوەی بەخەڵك بگەیەنێ کە ئەویش ئەتوانێ شتی وا بنووسێ ، بەڵام ئەوە پەخشانە٠ ئەمەش چەند دێڕێك نە – لەزەردەپەڕی دووئێوارەدا – کەی ، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری‌ی ژمارە – ١١ ـی ساڵی دووەمدا بڵاوکراوەتەوە : لەزەردەپەڕی ئێوارەیەکی ، هەزارو نۆسەدو شەست وپێنجا:

کە خەمی ناکۆکیمان ٠٠ لەئەشکەوتی دەربەندەکەدا ٠٠
دەسکەنە ئەکرد ٠٠ تا ٠٠ ئەبوو ٠٠
بەشاخی خەرمانێکی رەش و ٠٠ کێوەکانی ،
بەردەممانی ٠٠ دائەپۆشی !
لەو ئێوارەیەدا – تەنەرێکی کەروڵاڵ !٠٠
کە لەناو تەم‌و دووکەڵی ٠٠ شارەوە ٠٠ هاتبوو
گەیشتە لامان ٠٠ هتد

ئەم نووسینانە ، پەخشانی نوێ بێ یا هەڵبەستی سەربەستی نوێ بێ ، هەردوو کۆمەڵە کە هەر شێوازی – بەرەو ڕووناکی – یەکەی

بڕوانە ل – ٧ –

سێ ئاوازی خۆشەویستی

عبدالسلام محمد
کەرکووك : ١٩٧١

١ – زەنگی شەو
خۆشەویستم
ئەمەوێ ڕەخنەی ئاوزەنگی سێبەرەکان
بە زنجیری سووری تۆڵەوە ببەستم !!٠٠
گشت ئەو گوڵە وەریوانەی
لە من ئەچن ٠٠ لە تۆئەچن ، کۆکەمەوە
لەگەڵ روخساری سووتاوی دیوارەکان
بۆ بەهاریان ببەمەوە !!٠
خۆشەویستم ٠٠
هاتووم تیشکی یاخی‌بوونم بکەمە چاوەکانتەوە
ئاگرێکی دەم وەك ڕووبار
بەردەمە لێوەکانتەوە !!٠

٢ – شیلەی ژاڵا
چەن حەز ئەکەم – تیمساحێك – بم
لەگەڵ هەوری شیوەنی‌دەریا سوورەکان
بەناو چاوتا بێم‌و بچم !!
بە بڵێسەی خامەی نەبینراوی لێو
نیشتیمانێك
کوردستانێك ، بنەخشێنم‌لە تاسەی کێو !!
چەن حەز ئەکەم
ئەو چەترانەی کە ناهێڵن
سوخمەی بۆنی کەژاوەکان ، هەڵوەشێنم
کە ڕێ نادەن
گوڵەکانی باخچەکەمان‌سەر دەربێنن
وەك هەورازی
تابلۆی زستانی شارەکەم ٠٠ بسووتێنم !! ٠٠

٣ – کاروانی موژدە
کە شەونمی زیندانەکەم
دەس بە پۆڵای بەربەیانی‌مەرگا ئەگرێ
خەم ئەبارێ ٠٠ لە دووەڕزی وولاتەکەم !!
کە هۆنراوە
لەگەڵ ملی بەهاری ئاژاوەی شەوا
بە پەت ئەخرێ دەم !!
زەنگی بڕوات بۆ لێ ئە
ئەو کاتەی کۆرپەی ناوبێشکە ئەتوێتەوە
قژی سەنگەر
گۆرانی تاڵی سەرسامی ئەڵێتەوە
چریکەی بوون
شەوبۆی نەهەنگ، ئەکاتەسێدارەی وون‌بوون !!٠٠
لەو کاتەوە خۆشم ئەوێی
کە لە ناو کەشتی ئارامی‌ووشەکانما
مەڵەت ئەکرد ٠٠
کە کرنۆشت
بۆ ئەهریمەنی گوڵزاری‌خەندە ئەبرد !
لەو کاتەوە خۆشم ئەوێی
کە لەگەڵ کاروانی تووڕەی ژانەکانا ریز کرابووی
کە تۆش وەك من
بە گوێسوانەی مزگەوتەوە هەڵواسرابووی !! ٠٠

هاوکاری
ژمارە (٣٥)
(٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

یادداشتی یەکێتی ی ماموستایانی کوردستان لقی سلیمانی دەربارەی خوێندنی زمانی کوردی

بۆ :–

وەزارەتی کاروباری ژوورو
مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی‌ی ماموستایانی کوردستان
بەڕێوەبەرێتی گشتی‌ی خوێندنی کوردی .
یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد .
کۆمەڵی رۆشنبیری‌ی کورد .
رۆژنامەی هاوکاری .
پاش سڵاوو رێزمان ..

لە ئەنجامی وتنەوەی کتێبی(خوێندنی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی) لەلایەن چەند ماموستایەکی کوردی‌یەوە ، بۆمان دەرکەوتووە کە کتێبی ناوبراو پڕە لە هەڵەی رێزمان و رێنووس جگە لە هەڵەی فێرکردنی زمانی کوردی لەلایەن قوتابیانی عەرەبەوە کە لەو کتێبەدا پەیرەوی تیادا بەدی ناکرێ پاش داواکردنی لیژنەیەک پێک بهێنێ لە چەند ماموستایەکی شارەزا لە زمانی کوردیداو لە ئەنجامدا ئەم یادداشتەیان پێشکەش کردوو ئێمە لەگەڵ پاڵپشتی ناوەڕۆکی یادداشتەکەدا تکاتان لێ ئەکەین کە بە پێی بکرێت ، ناکتێبێکی وا چاپ بکرێ کە کەڵک و سوودێکی ئەوتۆی لێ ببینرێ لەگەڵ ئەو پێشنیازانەدا بگونجێ کە داوا کراوە لە یادداشتەکەدا .. ئیتر سوپاس .

دکتور کمال خۆشناو
جێگری سەرۆکی یەکێتی‌ی ماموستایانی کوردستانی عیراق
لقی سلێمانی

وێنەیەکی بۆ :
هەموو لقەکانی یەکێتی‌ی ماموستایانی کوردستان .
هەموو لقەکانی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد .

دوای ئەو گیروگرفتەی هاتە رێی ماموستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانە عەرەبی‌یەکاندا سەربارەت بە ووتنەوەی ئەو کتێبەی کە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی دانراوە ، وە دوای ئەو چەند تێ‌بینی‌یەی کە هەندێک لەو ماموستایانە نووسی‌یان دەربارەی کتێبەکەو لە رۆژنامەی ژین‌دا بڵاوکرایەوە ، یەکێتی‌ی ماموستایانی کوردستان – لقی سلێمانی بەپێویستی سەرشانی خۆی زانی کە بە تەواوی بچێتە بنج و بناوانی گیروگرفتەکە تا شیاوی و نەشیاوی پەرتووکەکەی بۆ دەرکەوێت ، لەبەر ئەوە داوای لە چەند ماموستایەکی کوردی زان کرد کە ئامادە بن بۆ کۆبوونەوەو لێ‌دوان لە هۆڵی قوتابخانەی پێشکەوتنی سەرەتایی کوڕان وە دوای چەند کۆبوونەوەیەک و لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە ئەویش ئەوەیە :–

لەبەر ئەوەی پەرتووکەکە بە کەڵکی ئەو مەبەستانە نایەت کە بۆی دانراوە بۆیە پێشنیاز ئەوەیە کە پەرتووکەکە لابرێت وە یەکێکی تری رێک و پێک دابنرێت ، چونکە:–

١ – لە بارەی چاپ کردنەوە نارێکەو ووشەکانی زۆر نە یەکەوە نزیکن کە قوتابی عەرەب سەری لێ ئەشێوێ .

٢ – باسەکان بەپێی رێزمان نەنووسراوانەتەوە ، جگە لەوەش بابەتەکانی ئەوەندە سادەن کە بۆ منداڵ ئەشێ نەک بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، لە بابەتەکانی‌دا باسێکی کورد وە یا پەیوەندی کوردو عەرەبی تیا نی‌یە .

٣ – بۆ مەبەستێکی وا پێویستە سوود لەو پەرتووکانە وەربگیرێت کە بە زمانی بێگانە دانراون بۆ فێربوونی کەسانی گەورە کە تازە ئەو زمانە فێر ئەبن (وەکو :– ئینگلیزی ،فەرەنسی فارسی .. هتد) .

٤ – سەرەتایەک بنووسرێ دەربارەی جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسین هەروەک جیاوازی هەیە لە نیوان ئەم دووانەدا لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر .

بە شێوەیەکی گشتی پەرتووکەکە پلەیەکی زۆر نزمی هەیە وە زۆربەی باس و نووسینەکانی بێ کەڵک و ساکارن و بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەست نادەن هەر چەندە هەندێک وانەی کەمی تیایە ، کە باس و نووسینەکەی باشە بەڵام ئەوەندەی هەڵەی رێنووسی تێدایە کە باشی‌یەکەی شاردووەتەوە . بۆ نموونە لە باسی بازاڕدا کە ئەڵێ مریشک و کەڵەشێر .. هتد ئەفرۆشرێت لە پرسیارەکانا ئەڵێت .. (ئایا کەڵەشێر نێرە یان مێ) کە شتی وا لە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ناپرسرێت. جگە لەوەش ووشەی عەرەبی زۆری تیایە کە قوتابی‌ی عەرەب ئەخاتە ناو گێژی پرسیارەوە (ئایا کوردی لقێک نی‌یە لە زمانی عەرەبی .. ؟) .

لەم رووەوە ئەتوانین بابەت و باسی پەرتووکەکە لە چوارچێوەی ئەمانەی خوارەوە بە کورتی باس بکەین :

١ – لە بارەی رێنووسی‌یەوە .
٢ – بابەت و باسەکان .
٣ – بەکارهێنانی ووشەی بێگانە .
٤ – مەشقەکان .
٥ – وێنەو نیگارەکان .
٦ – بەکارهێنانی زۆر شێوەی زمانی کوردی .

١ – رێنووس – املاء – :–

پەرتووکێک کە دائەنرێت بۆ فێربوونی زمانێک بە تایبەتی کە لە لایەن میری‌یشەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت کە لە قوتابخانە بخوێنرێت پێویستە لە بارەی رێنووسەوە زۆر تەواو بێ‌و هەڵەی چاپی نەبێ، نابێت هەڵەی تێدا بێت . بەڵام ئەم پەرتووکە بە پێچەوانەی ئەمەوەیە ، تەنانەت یەک ووشە بەچەند جۆر نووسراوە . وە ئەگەر لە هەموو هەڵەکان بدوێین زۆری پێ ئەوێ ، ئێمە تەنیا هەندێک نموونە ئەخەینە بەرچاو وەکو کورد ئەڵێ (مشتێک نموونەی خەرواریکە)

أ – لە بابەت (و) کە بە شێوەی (بۆر)ی عەرەبی ئەخوێنرێتەوەو (وو) کە واوی درێژە .

لە هەندێک شوێن کە ئەبێ ووشەکەبەواوی درێژبنووسرێت یەک (و) بەکار هێنراوەو لە هەندێک ووشەی تردا بە پێچەوانەوە . وەکو دانیشتون ، سوورەیا) لە وانەی چوارەم‌دا لاپەڕە (٢٢). لە وانەی نۆیەم لاپەڕە (٥١) ووشەی (مەحموود) لە پەخشانەکەدا چوار جار بەکار هێنراوەو هەر جارێکیان راست نووسراوە واتە بە دوو (و) ئیتر ئەوانی تر بە یەک(و).

جا لێرەدا ئەگەر یەکەم راستە ئەوا با ئەوانی تریش وەک ئەو بنووسرێن ، وە ئەگەر دووەمیش راستە با وەک دووەم بنووسرێت ، ئەگینا بۆ سەر لە قوتابی شێواندن بە تایبەتی کە ئەوەی زمانەکە ئەخوێنێ بێگانەیە .

ب – ئەگەر ووشەیەک بە پیتی بزوێن کوتایی هات وەکو (چەقۆ ، قوتابی ، زانا) کاتێک کە ئامرازی پێناسینی ئەخرێتە سەر ، یان کۆی ئەکەینەوە واتە نیشانەی (ان)ی ئەخەینە سە یاخود ئامێز (ئیشارە)ی تاکی ئەخەینە پێش یانەوە گۆڕین بە سەرناوەکەدا دێت بۆ نموونە (ئەمە ، ئەوە زانایە) (ئەم چەقۆیە تیژە) (ئەو قوتابی‌یە – قوتابی‌یانە – زیرەکە ، زیرەکن) . بەڵام لێرەدا هەرچی ووشەی قوتابی هاتووە بە هەڵە بەکار هێنراوە جگە لە دوو سێ ووشەی نەبێ کە بە راستی بەکاری‌یان هێناوون وەکو ووشەی کوردی لە رستەی یەکەمی لاپەڕە (٣٤)دا کە ئەڵێ (ئەم ووشە کوردی‌یانە بکە بە عەرەبی) . لەوانەی (١٨)دا لاپەڕە (١١٧) ئەم دوو رستەیەیان بەکار هێناوە :–

١ – سەعات چەند برۆین ؟
٢ – سەعات شەش ئەرۆین .

لە هەردوو بارەکەدا (برۆین) یان (ئەرۆین) کرداری رانەبوردون ، بەڵام بۆ جاری یەکەم بەدوو (ی)و جاری دووەم بە یەک (ی) بنووسرێ ئەگەر دەستوورێکی هەیە ، ئەبوایە روون بکرێتەوە، ئەگینا هەر لە کۆڵ خۆکردنەوەیەو چی‌تر نی‌یە ، ئەگینا کردارەکان رانەبوردوون یەکەم (اخباری) دووەم (الزامی) . لە کوردی‌دا ئامرازی نەشوناس ئەمانەن : (یەک ، یک ، ی) سێ‌یەمیان کورت کراوەتەوە ، ئێستا لە نووسین‌دا کەم بەکار ئەهێنرێت و ئەگەڕێتەوە سەر (أصلەکەی) خۆی کە (یک)ە . بەڵام ئەمان هاتوون شتێکی سەیرتریان پەیدا کردوە ، ئەویش کە (یێک)ە ، جگە لەوە (ک)ە کەیان لە هەندێ شوێن لابردوە کردوویانە بە (یێ) . نموونەی یەکەم وەکو (نیوەڕۆیێک ، شقارتەیێک ، ووشەیێک باخچەیێک) ، نموونەی دووەمیش (پسولەیێ) .

ج – لەلاپەڕە (٥٤) دێری حەوتەم‌دا ، کە سێ پیتی بزوێن بە یەکەوە هاتوون لە ووشەیەکدا ، کە ئەمەش هەڵەیە ، لە کوردی‌دا دوو بزوێنی وەکو یەک لە تەنیشت یەکدا نایەن ، ئینجا کە بوو بە سێ ئەوا هەر باسی ناکرێت . ئیتر لەم بابەتە زۆری تری تێدایە ، گەر هەموویان باس بکەین ، ئەوا ئەبێ لە پەرتووکەکە زیاتر لاپەڕە کەڵکە بکەین .

د – ووشەی شەممە بەکارهێنراوە ، بەڵام بە یەک (م) کە ئەمەش کورت‌کراوەی (شەممە)یەو واتای شەممە نادات بە دەستەوە .

٢ – بابەت و باسەکان :–

بەشێوەیەکی گشتی بابەت و باسەکان کرچ و کاڵ و ناتەواون وە ئەگەر لەگەڵ پەرتووتێکی تردا بەراوردی بکەین کە بۆ هەمان بابەت دانرابێت ئەمەی خۆمان لە پلەیەکی زۆر نزم‌دایە . لێرەدا بۆ راستی قسەکەمان لە چەند وانەیەکیان ئەکۆڵینەوە :

وانەی یەکەم بریتی‌یە لە پیتە بزوێنەکان کە هەر یەکەیان خستووەتە ووشەیەکەوەو وێنەیەکی‌یان لە لاوە بۆ کراوە (لە دوایی‌دا باسی ئەو وێنەو بابەتانەش ئەکەین) بۆ نموونە ووشەی (کیژ)یان هێناوە کە پیتی (ژ)ش یەکێکە لەو پیتانەی کە لە زمانی کوردی‌دا هەیە لە عەرەبی‌دا نی‌یەو هێشتا قوتابی ئەی خوێندووە بەڵکو لە وانەی دووەم‌دا ئەی خوێنێت . وە هەروەها بۆ پیتی (و) ووشەی (کوڕ)یان هێناوەتەوە کە قوتابی فێری (ڕ) نەبووە بەڵکو لە وانەی هەشتەم‌دا ئەی خوێنێت ئیتر نازانم چۆن دانەرە بەرێزەکان ئەم دوو ووشەیەیان هێناوەتەوە بۆ بەکار هێنانی (ی ، و) ئەمە لە لایەن لادان لە دەستوورو چۆنێتی وتنەوەی پیتەکان لە ووشەو رستەدا ، لە بارەی بابەت و باسەکانیشەوە هەر باس ناکرێت کە چەند کەم و کوڕی و ناتەواوی تێدایە ، هەر لەوانەی یەکەم‌دا کە حەوت ووشەیان بۆ پیتە بزوێنەکان هێناوەتەوە بۆ هەر ووشەیەک وێنەیەکیش کێشراوە ، ئەم حەوت ووشەیە سێ لاپەڕەو نیوی گرتۆتەوە ، واتە هەر دوو ووشە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوە ، ئیتر نازانین ئایا لەبەر ئەمە بووە کە پەرتووکەکە بە قەبارەی زل دەرچێ‌و بە نرختر بێ یان هەر وایان بە باش زانیوە . ئەمەش هەر وەنەبێ بە تەنیا وانەی یەکەم بەم جۆرە بێ بەڵکو وانەی (دووەم ، سێ‌یەم چوارەم ... هتد)یش وێنەکان لە نووسینەکانیان داگیر کردووە لە هەموو پەرتووکەکەدا دوو سێ وانەی تێدایە کە بە کەڵکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بێت ، یەکێکیان وانەی دووەم کە ئەویش بێجگە لەوەی دوو هەڵەی چاپی تێدایە دوو هەڵەی رێنووسی‌ی تری تێدایە کە لە جیاتی (پێنج شەممە) (پێنج شەمە) لە جیاتی (هەڤاڵ) (هاڤاڵ) یان بەکار هێناوە .

وەهەروەها لەمەشقی (٥و٧)یش وەکو لە باسی مەشقەکاندا لێ‌یان ئەدوێین لەنرخی وانەکە کەم ئەکەنەوە ئەگینا پارچە پەخشانەکەی کە لەم وانەیەدا نووسراوە بابەت و باسێکی جوانەو بە شێوەی گفت و گۆ هێنراوەتەوە ، وە ئەگەر هەموو باس و بابەتەکان وا بو نایە پەرتووکەکە پلەیەکی بەرزی ئەبوو و ئێمەش تووشی ئەم ئەرک و خۆ ماندووکردنە نەئەبووین .

ماوێتی

بەیتی تەلەفزیۆنی کەرکووک و ئێزگەی کوردی و دوونامەی کراوە !

ووتویانە (زۆر گۆتن ، لەزگ‌سۆتن) ... لەو رۆژەی کە مقۆمقۆ کەوتە نێو خەڵکی کوردستانەوە .. گوایە ئەمانیش بەهۆی (تەلەفزیۆنی کەرکووک)ەوە ، پێ ئەنێتە قۆناغێکی گەشەداری کۆمەڵایەتی‌یەوە، لەدواگرێ‌کانی چەرخی بیستەم چەرخی لوناخود و تەکنەلۆژیا و کەڵلەسەرگۆڕین وشیعری ماتماتیک .. هەزاران دەستێ لەدوعاخوانی بوو، بەڵکو ئێ ئەمە خوایە ، کوردیش ببێتە خاوەن (تەلەفزیۆنی خۆی) ، بەڵکو بە رێی ئەم دەزگا ئیعلامی‌یە زەلامەوە ، زۆر شت ... لە هونەر و کەلەپووروبیرەوەری وسامانی نەتەوایەتی و شیعر و بیر وزانست و هەزارەها بەهرە وداهێنان وسەلیقە وتوانستی کوردی بخاتە بەردەست و پێخۆری نەوەی چاونەترسی ئەمرۆی بکات و پەیامی پیرۆزی (کوردایەتی) پێ بگەیەنێتە مەنزڵگا وئادەمیزادی کوردی پێ سەرفیراز کات ..!!

کەچی ئەم هەموو خۆزگەو ئەگەر و خەونەی بەپێچەوانەوە وەرچەرخا و ئەم جارەش(بەختەکەی) چاکی بۆ نەهێنا ودیارە (ئەگەر با بێ ئەگەربۆران ، هەر لەزستان کەم ئەبێتەوە) ! وهێشتا بارەکەی کورد هەر (چل مەنە) کەیە چش .. با کورد هەر لەژانەسەرا بێ و هەر زەقەی چاوی بێ .. نەک ، ئەمە ، بەڵکو مەسەلەی تەلەفزیۆنی کەرکوک – هێنەکەی مووسل هەر باس مەکەن – بووە بە (بەیتی‌بلە)و وەک (بنێشتەخۆشەی) لێ‌هاتوە و هەر نابڕێتەوە .. ئێمە رامان وایە، ئەم خەڵک و خوایەی کەوتونەتە دادەداد و بەخەدادرین لەدەست تەلەفزیۆنی کەرکووک (حەقی خۆیانە) وزۆریش(حەق) وئێمە پشتگیری‌یان ئەکەین .. هەر بۆیەش ئەم(دوونامەیەی) کە لەکوردستانەوە پێمان گەیشتوە بەپوختی ئەخەینە بەرچاوی لێ‌پرسراوانی میری نیشتمانی وکاربەدەستانی دەزگای گشتی ئێزگەو تەلەفزیۆن ، بۆئەوەی بەکارامەیی‌یەوە هانای دەنگی ئەم (دوونامەیە) کەرەنگی دەنگی ملیۆنەها کورد ئەرێژی چارەسازێک بۆئەم گیروگرفتە ئاڵۆزکاوە بدۆزنەوە وخەڵکەکە لەخۆیان رازی کەن ..! بێگومان ئەم دوونامە سادەو رەوان وقووڵەی ئەم لاپەڕەیە کە لە دەربارەی تەلەفزیۆن وئێزگەی بەشی کوردی‌یەوە ئەدوێ (مشتێکە لەخەروارێک)وباشترین یادداشتنامەیەکە بخرێتە بەردەست لێ‌پرسراوان وکۆمەڵانی خەڵک کە ئەبێ (هەموو حەقیقەتێک – بێ پێچ وپەنا – بخرێتە بەردەستیان) . هیوادارین ئەم داخوازی‌یە نیشتمانی‌یە ، بە زوترین کات جێی خۆی لەدڵی لێ‌پرسراوانی ئەم دوو دەزگا ئیعلامی‌یە کاریگەرە بکاتەوە.. تەنیا ئاورێکیش لە هەست و شعووری ئەم خەڵکی کوردستانە بدرێت ..!

(هاوکاری)

نامەی یەکەم لەکاک محمد رفیق پێنجوینی)یەوە

لێرەدا داواکاری یەکەم دەست پێ ئەکات کە ئەوەش باسی تەلەفزیۆنی کەرکووکە سەدەها جار لەسەری نوسراوە چی بنووسم ؟ . هەرچی بنووسم کەمە لەکەم‌وکوری ئەم ئێزگەیە ، بەراستی ماوەیەک ئەبێ ، وای لێ‌هاتوە هەربۆ ئەوە باشە نەیکەیتەوە وابزانی هەر نەبوە ..! جاران چەند بەرنامەیەکی کوردی هەبوو ، لەسایەی خواوە ! ئەویش نەما .. بۆچی ئێزگە بۆکێ دانراوە ؟. زۆر باشە ئەی لەکوردستانا نیە وپتر لەملیونێک شارنشینی کورد نایبینێ ؟ زۆر شەو سرودی عەرەبی تیایە ، چەندخۆش ئەبوو ئەگەر چەند سرودێکی کوردی وەک (ئەی‌رەقیب) و ئەوانی تر بۆ گوێگرانی کورد دابنرایە ؟! جاران چەند چیرۆکێکی تەمسیلی کوردی تیابوو ، ئەویش خۆتان خۆش .. چەند خۆش ئەبوو ئەگەر بهاتایە چەند بەرنامەیەکی وەک (حول العالم) ببوایە یاخود لێکۆڵینەوەی کوردی بوایە لەهەموو بارەی ژیانمانەوە ، چەند جێی شانازی‌یە ئەگەر منداڵانی کوردیش بە چیرۆکە کۆنەکانی کورد شوێن پێی باوباپیرانی خۆیان بدیایە .. کەی ئەو رۆژەی دێ یارمەتی‌هونەرمەندی کورد بدرێت ودەس بەباڵی‌یەوە بگیرێت بۆ جێ‌بەجێ کردنی پەیامی پیرۆزی هونەری کوردیمان . بەکورتی بیبرپینەوە پرۆگرامی ئێزگەکەمان ئاوایە :

(لەکات ژمێری (٦) **ئێوارەوە ، تا کات‌ژمێری** (٥ر١٢) شەو ئیش ئەکات ، یانی (٦) سەعات ونیو لەئیش کردنایە ، تۆ بڵێی (٦)سەعات بەشە کوردی‌یەکە ئەم (٦) سەعاتە تەنها (٣) گۆرانی کوردی کە (٢٥) دەقیقە ناخایەنێ ، لەگەڵ دەنگوباس ئەویش کە (٢٠) دەقیقە نابێ. بەڵی (٤٥) دەقیقە بۆ هەرسێ شاری کوردستان (کەرکووک وهەولێر وسلێمانی) .. بەڵێ (٤٥) دەقیقە .. ئەی (٥) سەعاتەکەی تر بۆکێ یە ؟ ئەمەیان هەر خوا ئەیزانێ ..! خۆپرۆگرامی بەشی بەیانیانی هەینی‌و جەژنەکان ، تا ئێستا پرسیار بکەن بزانن (١) یەک بەڵێ یەک – سەیر نیە – دەقیقە کوردی بوە ، بەڵام خوا قبوڵ ناکا لەشەوی مناسەباتە کوردی‌یەکاندا ، پرۆگرامی کوردی زیاد ئەکا وخۆی لە (٢) سەعات ئەدات .. کاربەدەستە گەورەکان ، دڵسۆزان ، چارەی نەخۆشی ئێزگەی کەرکووک بکەن ، بەشکەم نەمرێت .. هەر چەندیش مردن لەرێگای هەمووماندایە ؟!

نامەی‌دووەم لەکاک (زاهر محمد)ەوە دەربارەی ئێزگەی رادیوی کوردی

لەباسی پێشوماندا بەڵێنمان دابو کەبەشی دوەمی ئەم باسەتان پێشکەش بکەین .. وە ئێستا خۆم بەبەختیار ئەزانم کە لەم‌بەشە لەگەڵ خوێندەوارە خۆشەویستەکان پێک بگەینەوە .. وەلەهەمان کاتدا داواشیان لێ‌ئەکەم کە ئەم بەشە بەووردی سەرنج بدەن لەبەر گرنگی باسەکە .. وەهەروەهاداوا لەهونەرمەندانی کورد ئەکەم بەتایبەتی کە بیروڕاو پشتگیری خۆیان دەربڕن .. وەئەگەر پێشنیارو شتێکی تری تازە بابەت لەم رووەوە بەدی ئەکەن بڵاوی بکەنەوە یا بۆمان بنێرن .. لەم بەشەمان باسی هۆی دواکەوتنی هونەری ئەکەین وە ئەو کەندوکۆسپو تەگەرانەی دێنە رێی هونەرمەندانی کورد . وەپەیوەندی‌و کارکردنی ئێزگەو تەلەفزیون تا چ رادەیێک لەم رووەوە :–

بێ‌گومان شتێکی ئاشکرایە کە وەختی خۆی ئێزگەی کوردی لەبەغدا کە دامەزراوە لەبەر خاتری چاوی رەشی کوردان نەبوە وبۆ خزمەتی هونەری کوردی نەبوە . بەڵکە شتێک بوە بۆ بەرژەوەندی‌و دیعایەی حکومەتە کۆنەپەرستیەکانی پێشو پێش هەمو شتێک وەبۆ چاونوساندنی هەندێ لەکوردە ساوێلکەکان تا رادەییێک . ئەگینا ئێزگەییک بێ‌و بەکوردی بدوێ‌و بۆکوردبێ بۆ لەشارێکی گەورەی کوردستانا نەبێ ..؟ ئێمە تەماشا بکەین بە نیسبەت هونەرمەندێکی کورد . گۆرانی بێژ بڵێین ئەگەر بیەوێ بەرهەمێکی نوێی خۆی تومار بکا . خۆ ئەگەر لەشارێکی دووری کوردستانا بێ ئەبێ زەحمەتی وماندوبوونی رێگای دوورودرێژی بەغدا بچێژێ ، کە ئەگاتە ئەویش چەند رۆژێک دوای ئەخەن ، بەبیانوی (سرە) . یاخود چەند هەفتەیەک دوائەکەوێ تا نۆبەتی دێ ، ئەو وەختەش چەند کەسێک گوێ لەگۆرانی–یەکەی ئەگرن وبەئارەزوی خۆیان چاکی وخراپی بۆ بڕیار ئەدەن .

جا ئەو وەختە ئەبێ شیعرەکەش بگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی ئەگەرهات ووشەیەکی‌یان لەم شیعرە بەدڵ نەبوو ، بڕیاری بۆ دەردەچێ بە (نەء) !! . هەر چەندە گۆرانیەکەش باش بێت .

با ئەمەشیان قەیدی نەبێ ، ئەگەر هات‌و لێژنەیەکی باش‌و تێگەیشتوو بێ ، بۆ ئەوەی کامە بەرهەمێ باشە ئەوە تۆمار بکرێ ، ئەگەر ئەوە مەبەس بێت .. بەڵام بەداخەوە وانیە ، چونکە من ئەم چەند رووداوە بۆ خوێندەواران ئەگێڕمەوە با ئەوان حوکمی بەسەرا بدەن :

ساڵێک لەمەوبەر ، گۆرانی–یەکەم دابوە گۆرانی بێژێک بو تۆمارکردنی لەئێزگەدا ، دوای (کوێرن !) وئەوانە رۆژێ گوێ‌گرتنی لەئاوازکە بە(باشە) بڕیاری درابوو ، دوای ئەوە لەسەر شیعرەکە قەدەغەکرا ، چونکە شیعرەکە ئەڵێ :

(کوردستانی خۆش ، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلە
گاهی منی بێگومان)

کە لە شیعری (دڵدار)ی نەمرە .

چۆن ئەبێ بڵێین (قیبلەگاه) موسڵمانان تەنها یەک قیبلەیان هەیە !!. لەسەر ئەم ووشەیە ، جارێکی تر گۆرانی‌یەک سەری پەڕی .. ووتیان تەنها ووشەیەک بگۆڕن .. ئێمە قبوڵمان نەکرد ، چونکە چۆن شیعری (دڵدار)ی نەمر دەست لێ‌بدرێ وبگۆڕدرێ ..!؟

جا ئێستا بڵێین بەرهەمەکە تومارکرا بەڵام. ئەزانن هونەرمەند ئەو کاتە چەند پارە وەرئەگرێ ؟. شتێکی زۆرکەم بەنیسبەت ئەو ماندوبون وهاتوچۆیەو هونەرە وە کابرا چەندەها ئەوەندەی سەرف کردوە لەو ماوەیە تابۆی تومارکراوە . جا لێرە مرۆڤ هەر چەند جارێک ئەتوانێ مامەڵەی وا بکا کەڵێی تووشی زەرەروزیان ببێ . وە هیچی تر بەدوایا ناچێتەوە با لەپێناوی خزمەت وهونەری کوردیشدا بێت . ئەمە لەوەختێکا کە لەزۆر ووڵاتانی جیهان هونەر بۆتە هۆیەکی زۆرباش بۆ ژیان وگوزەرانی کەسان وەهونەرمەندی وا هەیە کە لەهەرەدەوڵەمەندەکانی جیهان ئەژمێردرێن .

ئێستا بێینە سەرخاڵێکی تری زۆر گرنگ لەدواکەوتنی هونەری کوردی .. ئەگەر گوێ بگرین لەگۆرانی‌و موسیقاکانی ئێزگەو تەلەفزیونی کوردی عیراق هەموی ئەبینین شێوەو (طابعێکی) عەرەبی ئەبەخشن . وەگشتیان زۆر دوورن لەشێوەی کوردی .. ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کەهەندێ لەهونەرمەندانمان رۆشنبیری هونەری (الثقافە الفنیە) عەرەبی کاری تێ‌کردوون لەکاتی خوێندنا یاخود جێ‌نشینیانا لەناوچەییکی عەرەبی . « وەبێ گومان هەمو میللەتو گەلێکی سەر ئەم زەمینە چۆن زمان‌و وێژەو مێژوەکی تایبەتی خۆی هەیە ئاواش هونەری تایبەتی خۆی هەیە کە شێوەییکی تایبەتی خۆی هەیە لەهی گەلانی تری جیائەکاتەوە وبەئاشکرا دیارە) هەریەکێکمان گوێ لەگۆرانیەکی فارسی یاتورکی یاهەر میلەتیکی تر بێت ئەگەر ووشەکانیشی تێ‌نەگا بەشێوەکەی ئەزانێ هی چ میللەتیکە » جا ئێستا ئەگەر گۆرانیەکی کاکڵەکوردی ببەیتە ئێزگە ئایا وەکو ئەتەوێ یاوەکو خۆی دەردەچێ لەکاتی تۆمارکردنا ؟؟ نەخێر کە گوێ لەمۆسیقاکەی ئەگری بەهیچ جۆرێ ناتوانی جیای بکەیتەوە لەمۆسیقاو ئاوازێکی عەرەبی . ئەمەش ، هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆربەی یاخود هەموو موسیقارەکانی ئێزگە عەرەبن‌و لەچەند جیگایەک و (کابرێ) یەک ئیش ئەکەن ، کە دێنە ئێزگە بۆ ئەم ماوەکورتە هەر گۆرانی‌یەکی کوردی بێت کە طابعێکی کوردی تەواوی هەبێت ناتوانن حەقی خۆی بدەنێ وئەوان هەر لەشێوەو طابعی خۆیان لێ‌ی ئەدەن .. (چونکە وەک ئێمە کە موسیقارین ئەزانین شێوەگۆڕین زەحمەتە وبەهەمووکەس ناکرێ .. هەروەک چۆن موسیقارێکی عەرەب ، ناتوانی طابعی تورکی یاخود فارسی یا هیندی دەربێنێ ، ئاواش ئەوان لەوانەیە ناتوانن شێوەو طابعی یەکتری دەربهێنن – بەتەواوی)

کە ووتمان بۆ ئەم ماوەکورتەش ، مەبەسمان ئەوەیە کە دەوامی تیپی موسیقای ئێزگە رۆژێ لەسێ سەعات تێ‌پەر ناکات ، وئەم ماوەیەش زۆر جار هەیە کە نیو سەعات تێ ئەپەڕێ ، تا هەموویان ئامادە ئەبن وزیاتریش لەنیو سەعات بەقسە و (دۆزان) کردنی ئالەتەکانیان خەریک ئەبن ونیو سەعاتیش دەوام ئەمێنێ، ئێزگە بەجێ دێلن.. جا چی مایەوە؟ هەر بەشی تومارکردنی گۆرانی‌یەکی زۆر بچووک وئاسان . جا ئێستا بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردیمان ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەس‌نیشان ئەکەم کە جێ‌بەجێ کردنیان بێ‌شک ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەرەکەمان .

یەکەم :–

دامەزراندنی تیپێکی موسیقا لە هونەرمەندە کوردە چاوساغەکان لەسەر شێوەی نوێ وزانستی لەسەر نۆتەی موسیقای رۆژئاوایی ئیش بکەن « هەروەکو تیپی موسیقای سلێمانی وتیپی باواجی کۆیە ئێستا لەسەری ئەروا . » وە سەر بە ئێستگەی کوردی بێت وە دەوامیشی بەیانیان وئێواران بێت وەئەندامەکانی هیچ ئیشیکی‌تر نەکەن وە بەدڵسۆزی بێنە کۆڕی پێش‌خستنی‌هونەری کوردیمان . وەهەروەها تیپێکی تر لەهەمان شێوە بۆ (نواندن). وەهەروەهاش دیسان بۆ تەلەفزیونی کرکوک لە هەر دووتیپ ...

دوەم :–

کردنەوەی ئامۆژگەی هونەر (معهد فنون) لە کوردستان وەدامەزراندن‌و هینانی‌ماموستای ئازاو بەکار چ لەدەرەوەو چ لە هونەرمەندانی ووڵاتی خۆمان .

سێ‌یەم :–

هاندانی هونەرمەندان چ لەلایەن میریەوە وە چ لەلایەن هاو ووڵاتیە خۆشەویستەکانەوە وەفراوان کردنی رێگاو دەزگاکانی ئێستگەو تەلەفزیون وشانۆکان بۆ ئیش کردنیان . وە پشتگیری جەماوەرانی گەل هێزیکی کاریگەرە بۆ سەرکەوتن وپێش‌خستنی هونەری کوردیمان ...

ئیتر لێرە کۆتایی بەباسە – کەمان دێنین تا بەشێکی تر . ومەبەسمان پێش‌خستنی هونەری گەلە خۆشەویستەکەمانە ...

بەرپەرێن زاراڤی

گە ئەم چاڤەكێ بگوڤارو رۆژنامێن كوردیدا بگێرین ، دێ چەند پارچە گوتارو نڤێسینو تێكبەستێن كێم بزارێ كرمانجی بینین . دیارە گەلە بناس هەبوون ، بەری بەیاننـاما ١١ ئادارا پیروز بوینە كوسپ دریكا پێشكەفتنا تورێ كرمانجیدا . وەلێ نوكە هەرچەندە ئەڤ بزاڤە نەگەهشتییە وێ رێزا پێدڤی . بەلێ پا گەلە باشترو بزەڤرترە .

یامن دڤێ ئەز رونبكەم ، ئەوە كو دڤێ رەوشەنبیرێن لایێ مە چبكەن ، نەخاسمە تورڤانو نڤیسەڤان ، داجارەكی بو ڤێ كێماسیاهە ببینن‌و تورو زارێ كرمانجی بگەهیننە رێزا بێدڤێ د قوناغێدا ژ دیروكا مللەتێ مەیێ كوردە .

دیارە بێنگاڤا ئێكێ ئەوە ، زاراڤێ خو پاش بزانین ، بزانین بخوینین‌و بزانین بنڤێسین ، ئەڤ زانینە ، دێ هاریكاریا مە كەت ، ئەوا ئەم دزانین بلاڤ ـ بكەین ، ژلایەكێ دیڤە دڤێ ئەم گەلە خو بخاندنا بەرهەمێن دی ئێن كوردی بوەستینین‌و زاراڤێن كوردی باش بزانین‌و بزانین كا ســورانی ئان بزارێ لوڕی گەهشتییە چ پەیسەكێ دگەل ڤێ چەندێ دڤێ ئەم بەرهەمێن تورڤانێن عەرەب‌و جیهانێ بكویری‌و ببەرفرەهییڤە بخوینین ، بچاكی رەنگێن ئەدەبی بناسین . سەرڤان هەمیارا دڤێ ئەم بچینە دناڤ كویراتی‌و دلێ كوردەوارییێداو زمانی ژوی‌رێ‌وەرگرین‌و پەهلەوانێن نڤیسنێن خو ژوی‌رێ هەلبژێرین . بڤێ‌چەندێ دێ هێینە رێزا وان

كانێ بەرهەمێ نڤیسەڤانێن كرمانج ؟

مصدق توفی

ئەڤێن مافێ هندێ هەبیت خۆلقادا تورێ كوردی بدەن . هەكە ئەم ڤێ نەكەین ... وەكی كورددبێن ... دێ خو لبازێن كیڤیا هاڤێژین‌و ... ئەم ناگەهینەچو تشتەكی .

بالمن‌ڤە ئەڤـە بێدڤی بودەستپێ‌كرنەكا سەركەفتی ، وەلێ ئەڤا مەگوتی ، كوسپابتنێ نینە دریكا نڤیسەڤانێ كورد نەخاسمە ئێ بزارێ كرمانجی دنڤێسیت ، بەلكی ژلایەكی دیڤە ، گەلەكێن هەین پێشكەڤتنا تورێ كوردی بزارێ ئەڤ قوناغا بری بـەلێ دخورانابینن بۆ رۆژنامەو گوڤارو غەزەتا بنڤێسن ، ئان شـەرم دكەن‌و ناوێرن ، ئان ژخوناگرن‌و دكەپ‌بلندن . لنـك من وەرە ئەڤ هەردوو جوجینە دراست نینن ، هەروەسا كێماتیا رۆژنامێن كوردی ، ونەبونا پویتە پێدانەكا باش ژلایێ میری‌ڤە ، كوسپەكا دی‌یە دریكا پێشكەفتنا زارێ مە ، ئەڤـە ژبلی هندی كو هندەكێن هەین بچاڤەكێ سڤك بەرێ خودكەنە وێ خەباتا نڤیسەڤان‌و تورڤانێ كورد دكەت ژبو بلندكرن‌و پیشخستنا زمانێ خو .

بەرامبەر ڤێ چەندێ بالمن‌ڤە ئەم گوهـ نەدەین ڤان كوسپ‌و ئاستەنگ‌و زێ‌گرا ، بەلكی پێدڤێ ئەم پترو چەلەك‌تر خۆ باڤێینە ناڤ ڤادا پیرۆزدا ژبو پێشخستنا تورو زمانێ كوردی .

بالمن‌ڤە ، هەركەسەكێ بێڤەبهێت ڤێ جەندێ بكەت‌و سەرهندێ‌را نەكەت ، بەرامبەر مللەتێ كورد یێ قەرداره‌و دڤێ ئەم هەمی دەستێن خو ژێ بشوین .

شەبەك باجوران سارلی كوردن ئان نە ؟

صدیق علی ئامیدی

وەكی ئاشكرایە لدەوروپشتێت (میسل)ێ هندەك ئویجاخ‌و تیرە (طائفە) یێت هەین دبێنێ (شەبەك ـ باجوران ـ سارلی) ، یێت‌مشەختبووین ژكوردستانا ئیرانێ ، هەلبەت ئەڤ تیرە كوردن ، ئەو بخوژی دبێژن : ئەم كوردین!! دهەمی بەرپەرێن‌دیروكێ‌دا چو مێژوڤان‌و دیروك‌زانا نەنڤیسی‌یە ئەڤ تیرە كوردنینن !!

بەلێ ئەڤە هەیامەكە هندەك‌دەنگێن لەووتی‌و بێ‌نان‌و نەمەك یێن بلند دبن ، هندەك ژڤان‌دەنگان دبێن شەبەك توركومانن !! هندەكێن دی‌دبێن : عەرەبن !! بالمن‌ڤە ، نەیا دویرە پادشاهێ ئیرانێ‌ژی بێژیت : فارسن !! چونكو ژ كوردستانا ئیرانێ‌یێن هاتین كوردستانا عیراقێ !!

ژبەر ڤێ چەندێ‌و بو هندێ‌راستیەكا مێژویی ـ دیروكی ـ ئاشكراكەم‌و بەرزە نەبیت‌و بوهندێ بنیات‌و قنێتا ڤانا خویابیت بۆ هەمی كەسەكی . نەخاسمە بووان دەنگێن هەرمی دەنگی دوژمنێن مللەتێ مەیێ كورد ، ئەز ڤان چەند بیرو باوەرێن مێژوڤان‌و نڤیسەڤانان لسەر بنیات‌و نقشێ (عنصر) شەبەكان دئێخمە بەرچاڤێن خویندەڤانێن هێژا ، هیڤی دكەم بدلێ وان بیت‌و هەكە تشتەكی ئان بەلگەكی (برهان) بزانن لسەر ڤێ چەندێ بو بەرپەرێن رۆژناما (هاوكاری)یێ بنێرن ژبو خزمەتا مللەتی‌و خزمەتا راستیێ .

١ ـ (ابو زید السندی) دبێژیت:

(من كتێبا (الشبك من فرق الفلاه في العراق) ئەوا (أحمدحامد الصراف) ئەندامێ جڤاتا زانستیا عەرەبی ، دانـای ،ل (دمشق)ێ خویند ، گەلەك بەلگەو نیشانە دەستمن كەفتن كو شەبەك‌و هەمی ئەوێت دگەلدا پشكدارن‌دباوەریێدا ژ (ئێلا ـ ئیجاخا) (سارلیا ، باجورانا) ، ئەڤێن‌ل گوندێن دەوروپشتێت میسل ئاكنجی ـ مستقر ـ بووین بێ‌گومان كوردن باب‌لباب .

هەروەسا سەیدایێ (سندی) دبێژیت : (بەلگێن مێژویی دەست من كەفتن كو شەبەك‌و سارلی‌و باجوران ژنقشێ كوردانن ، بەلێ مێژووازۆرداروو دەست‌هەلات داری‌یا بێ‌داد ریكا پێشكەفتن‌و كەشەكرنێ لەگەلە مللەت‌و نەتەوادا یاگرتی‌و یا بووینەبناسا گەلە نەخوشی‌و ئێشاو بناسا پاشكەفتن‌و نەزانینێ ،هەروەسا خیانەتا زروڤێت سیاسی‌و ئابوری ناڤێن وان مللەتا لسەر نەخشێ جیهانێ (خارطه العالم) نەهێلانە ئەڤ ئەگەرە وێن بووینە بناسا گومان پەیداكرنێ لسەر نقش‌وبنیاتێن وان مللەت‌و نەتەوا .

(٢) سەیدا دكتور (داوودالجلبی) د پەیاما ـ رسالە ـ خودا بو خودانێ كتێبا (الشبك)دبێژیت :

(من ئێك ژ خەلكێ میسلێ‌دیت ، ئەڤ كابرایە گەلە ئاگاداری ژیان‌و گوندو كارونقشێ شەبەكانەو ئەوان پاش دناسیت‌و جهێ باوەرییەو ژ (سەیدێت عەلەوی)یە ، ئەڤ كابرایە دبێژیت :

(شەبەك یێن هاتین ژژێریا ئیرانێ‌و دبێژن مە مروڤێن هەین لوێرێ ، بەلێ‌نزانن كەنگی مشەخت بووینەو هەروەسا نزانن ئەگەرا هاتناميسل چ بوو ؟ ئەزمانێ وا تێكەلە ژ كوردی‌و فارسی‌وهندەك عەرەبی‌و توركی) .

٣ ـ پرتا ئێكی ژ كتێبا مێژویی (السلوك لمعرفه دول الملوك) ژ دانانا (مقریزی)بەرپەرێ ـ ٥٣ ـ دبێژیت :

(كورد ئێلن ، ژوان ئێلا .كوران ـ بنوكوران ، هندیان ، شنبوی ، شاهنجان ، سرمجی، یزدلی ، ... تاكو دبێژیت : مروانی ، جلالی ، شەنبكیە . شبك ، جوبی) .. ئەڤەو دبێژیت ... شەبەك ژ ئێلێن‌مەزنێن كوردانە .

٤ ـ (شهاب الدین احمدابن یحی) ئەوێ هاتی‌یە ناسین بناڤێ (ابن فضل الله العمری)دكتێبا خودا (مسالك الابصار فی ممالك الامصار) كەرێ‌ـ فصل ـ سێ‌دا دبێژیت : الشوك ـ شبك ، ئەو وەكی(شوانكارا) بێ‌گومان كوردێن پاكن .

٥ ـ دگوڤارا (المشرق)داژمارە (٣٩٥) ئەوا ژ (بێریت)ێ دەردكەڤیت ،دكوژیێ ئاخفتنێدا لسەر (ئێزدیا) دبێژیت :

(شەبەك نقشێ كوردانە ، نەهاتی‌یە زانین بووا ئولەكێ تایبەتی بیت ، ئەڤە دبەلاڤن لگەلە گوندا ، ژوان گوندا (عەلی‌رەش ، نیجە ، خزنە ، تاللور ... هتد)و گەلە گوندێن دی‌ژی لدەوروپشتێن چیایێ (شنگارێ) ، هندەك ژوان لئیرانێ بلاڤن . هەروەسا دڤێ گوڤارێدا ، هژمارا (٥ ـ ١٩٠٢ بەرپەرێ (٥٧٧ ـ٥٨٢) دبێژیت :

(ئەڤ هەرسێ باسكە ـ طائفە ـ سالی ، باجوران ، شەبەك‌ئول‌و بیروباوەرێن وان ئێك نینە ، بەلێ هاڤلی ـ پەیوەندیەكا ـ بتنێ وان دگەهینت هەڤ ، ئەو ژی ئەوە نقشێ وان هەمیا ، نقشێ كوردی‌یە ، هندەك فارس‌ژی یێن دگەل‌وان تێكهەل بووین .

٦ ـ پرۆفیسور (مینورسكی) رۆژهەلات‌ناسێ بناڤودەنگ دگوتارا خودا ، ئەوا ل (دائره المعارف الاسلامیه)دا هاتی‌یە بلاڤ‌كرن دبێژیت :

(شەبەك باسكەكە ژ موسلمانا ، بنیات كوردن ، د ویلایەتا میسل‌دا ئاكنجی بووینە) هەروەسا پرۆفیسور دبێژیت :

(وان مرۆڤایەتی‌یا دگەل دراوسێ‌یێت ـ جیران ـ خو (ئێزدیا) یا هەی ، بەهەرا پتر دچنە سەر مەزارێن وان) .

٧ ـ سەیدا (ئەمین‌زەكی) دكتێبا خودا (خلاصه تأریخ الكردو كردستان) دبەرپەرێ (٢٨)دا دبێژیت :

(دلیوا میسل‌دا باسكەكێ دی‌ژی یێ‌هەی بناڤێ ـ سارلی، باجوران ، شەبەك ـ ئەڤ باسكە بهەرسێ كەراڤە كوردن) .

٨ ـ راپورتا (عصبه الامم) بەرپەرێ (٦٠) دبێژیت .

(ئەزمانی ڤی باسكی‌ـ سارلی، باجوران ، شەبەك ـ كوردی‌یە .)

خونیدەڤانێن هێژا ئەڤە چەند نیشانەو بەلگەیەك بوون لسەر هندێ كو ئەڤ باسك‌و تیرەو ئیجاخە كوردن باب‌لباب، بێ‌گومان دوژمنێن مللەتێ مەیێ كورد هەر دێ بزاڤێ‌كەن ناڤێ مللەتێ مە بەرزەكەن ، وەلێ مە باوەریەكا موكم‌و كویر وا هەی كو چو دوژمنەك نكاریت چو مللەتا بن‌بڕ كەت،نەخاسمە هەكە كوڕێن وی مللەتی دهوشیاربن‌و دوژمنێن خو ئو دوستێن خو باش بناسن‌ز دیروكا مللەتێ خوو خەباتێ وی ، یابیروز ، ژبو سەربەستی‌یێ ، چاك بزانن. هیڤیدارم هەمی دلسوژێن مللەتی هەردەم‌و گاڤ بخەبتن ژبو بلندكرنا ئالا سەربەستیا راست .

دبێژن بازرگانەكی كوڕەكێ‌جەحێل و تولازێ الاو تازەهەبو ، كوڕ نەخرییێ بابێ خوبو ، هاتە دەمێ ژن ئینانێ،بابێ وی كچا هەڤالەكێ خو بوخاست بو ، كوڕكی گوتە بابێ خو ئەزبخو دێ چمە بازێرەكێ دویر بوخاستیا خو دەزگرێ كرم .

خودانێ دوالێ

علی نقشبندی

كوڕكی پارەكێ زور دگەل خو بر و لهەسپێ خو سیار بو و ژ بازێڕی دەركەفت و چو .. بەلێ نە زڤڕی ڤە ، بابو دەیكێت وی هەردو بقەهرا خو چون ، كوڕێ خو نە دیت كو ببیتە زاڤا دەزگرا وی ژی بێ هیڤی بو خانیەك لسەرێ ڕێ ئاڤاكر ، و مێڤان بخودان كرن و رێڤنك حەواندن درێژ ما چ سالوغە ژ دەزگرێ خو نە زانین ڕۆژەكێ مێركەكێ فەقیر حال لێ بو مێڤان ، ژنكێ ژی پسیارا دەزگرێ خو ژێ كر ، فەقیری ژی گوتێ : مادەزگرێ تە كیڤە چویە ؟ ژنكێ گوتێ : ئەڤە بەری (٢١) سالانە چوی و نە زڤڕی‌یە ڤە و حەتا نوكە ئەزا لهیڤی یێ ، مێركی گوتێ: دلێ من گەلەكێ بتە ڤە ..هەكە تو هندەك پارا بدەیە من ئەز دێ د دیڤ ڕا چم ، بەلێ نیشانا دەزگرێ تە چیە !! وێ ژی گوتێ : خالەك یا لبنێ‌گوهێ وی یێ چەپێ ، و ددانەكێ زێڕی یی لبەرێ دەڤێ وی ، ژنكێ هندەك پارە دانێ ، و مێركی دا ڕێ ، هەكە ڕوژەكێ هەكە دەها د بازێرەكی كرە دەرێ ، هەر چ بازێڕێ چوبایێ دا پسیارا پیرەمێرا كەت كەسێ چ سالوغە ژێ نە دانێ لوی بازێڕێ گەهشتی‌یێ دەمێ ئێڤاری گەهشتە بازاڕێ وی بازێڕی دیت دو مروڤ هاتنە بەردەرێ دوكانەكێ و هەرئێكی ژوان دارەكێ د دەستی دا هەكو بەرێ خودانێ دوكانێ ڤەكەفتی هەر ڕابو دەرێ دوكانا خو گرت ، هەردو مروڤ لدوكان داری پالە بون بلێدانێ حەتا ئێخستیە عەردی ، پاشی كەتیە ئاخێ هەردوكا دوكاندار ڕاكر و دا پشتا خو و برە مالا وی ، بەرێ مێركێ فەقیر یێ لێ .. بەلێ چ ژ ڤێ شولێ نە زانی ، پسیار كر كەسێ بو چ نە گوت ، ڕوژا پاشتر هەر دیسا هاتەڤ جهێ خو یێ دوهی لێ ڕاوەستای ، بو ئێڤار دو مروڤ هاتنە ف بەر دەرێ دوكانێ بازرگانی دوكانا خو گرت و هەردو لێ ڕاوەستان بدارا حەتا ئێخستیە ئاخێ وەكی ڕوژا بەرێ ، مێركێ فەقیر لدیڤ چو حەتا مالا وی بازرگانی .. چو ژور و روینشت ، ما لهیڤی یێ‌حەتا ئاگەهـ ژ خو بوی .. پسیارا فەقیری كر ، گوتێ : دیارە تو خەلكێ ڤی بازێڕی نینی !!!

وی ژی گوتێ نە خێر . ئەز رێڤنگم .. بەلێ بوچی وان هەردو مروڤا وە لتە د كر !!! ئەوی ژی گوت : تو گوهێ خو بدێ .. و یا من بسەرێ خو ئینـای ، ئەزێ سێلەی ڤێ مە ئەوا تە دیتی .. گوت : ئەز مروڤەكێ فەقیر حال بوم كەسپا من ئامان فروتن بون دا بارەكێ ئمانا لكەرێ خو كەم و دا لكوندا گێرم (بسەر بسەر) ئان ب (پارە) دا ئامانێت خو گوهورم ، ڕوژەكێ لمن بو ئێڤار لسەر كانیەكا ئاڤێ ، من وكەرێ من ئاڤ ڤەخار ئەز روینشتمە بن دارەكێ دا بێهنا من بهێت ژ وەستیانێ ، من دیت سیارەك هاتە سەر كانی‌یێ ژ ماهینا خو هاتە خارێ پێ وی هێژ یێت ڕكێبێ دا چاڤێ وی بمن كەفت (سلاڤ كرە من) و زوی خو چەماندە كانی‌یێ بو ئاڤ ڤەخارنێ ، لغاڤێ ماهینێ د قەلپیسا زینی دانا و سەرێ وێ بەردا ماهینێ قەستا كەری كر ، سیار ڕابو هاتە دەف من روینشت گوتە من : بارێ تە چیە !!! من گوتێ : ئامانن . گوت : تو گوزكەكی بو من ژ بارێ خو نا ئینیە دەرێ دێ دو زێڕا دەمە تە ، من گوتێ : دێ گوزكەكی دەمە تە ژ خو ، من دەست دا بارێ خو من گوزكەك ژێ ئینا دەرێ و دا ڤێ ، ئەوی ژێ گوزك كرەت پاشەزینكا خو دا و دەست دا كەبەندا خو دو زێڕ دانەف من ، من گوتێ دو زێڕ گەلەكن بەلێ چاڤێ من چو زێڕێت كەبەندا وی دا دلێ ب ئالوز بو ... گوتە من : ما تو یێ بلەزی بچی هەكە تو بمینی دێ ئەڤ شەڤە ئەز و تو لڤێرێ بین ، ئەز ژ دویر یێ هاتیم ئەزێ وەستیای مە ... من گوتێ : باشە ... ئەز رابوم من كەرێ خو شەلاند و ومریس هاڤێتە پێ وی بطایەكێ تەڕاشێ ڤە گرێدا ئەوی ژی زین د سەر پشتا ماهینێ دا ئینا و بەردا ئەم روینشتین مە دەست بقەسێت خوش كر من ژێ زانی كو ئەو سیار كوڕێ بازرگانەكێ دەولەمەندە یێ هاتی بو خاستیا خو دەزگرێ بكڕیت ، شەڤ ژ نیڤی یێ شكەست سیار نڤست، دلێ من لزێڕێت وی ئالوز بو چ لبەر چاڤێت من نەما ژ بلی چرسكینا زێڕا چ دەنگ نە هاتنە گوهێت من ژ بلی چنگێنا (لیرا) دەستێ بێ بەختی یێ

بروانە ل ـ ٧ ـ

ئەم و خوێندەڤانێن هێژا

دیارە هەركەسەكێ بڤێت خزمەتا پێشكەفتنا مللەتێ بكەت خو نائێخیتە داڤا گوتن‌و پەیڤێن نەخوش‌و نەراست ، بەلكی بسینگەكێ فرەهـ‌و بهێزرو بیركرنەكا كویرو هویر دێ بەرسڤا وان كەسان دەتڤە ئەڤێن بەرهنگاریا وی‌دكەن ، ئان رەخنەكێ لێ‌دگرن .

بەری چەند ڕوژەكا برادەر (صدیق عەلی ئامێدی) چەند گوتنەك لسەر ئێكەتیا تورەڤانێن كورد ـ تایێ دهوكێ نڤیسی‌بوو گوتارا ڤێ برادەری پێكهاتبوو ژ پێشەكی‌یەكا راست لسەر هندێ كو ئەڤرو ئەدەب‌و هونەر دڤێ دخزمەتا مللەتی‌دا بن ، هەكە دڤێ ڕێكێ‌داو ژبو سەركەفتنا ڤێ ڕێكێ كارنەكەن دێ كەڤنە كوشا ئیمپریالیزمێ .

ژلایەكێ دیڤە ، چەند باوەریەكێن خۆ لسەر هندێ ، ئێكەتی یا جەوابیت باشەو دڤێ چەوا خەلكی وەرگرن‌و چ پیڤك‌و تەرازی‌یەكێ بكاربینن . ئەڤەبوو گوتارا برادەر (صدیق عەلی ئامێدی) .

بەرامبەر ڤێ گوتارێ برادەر (خەلیل دوسكی) سكرتێرێ ئێكەتی‌یێ لدهوكێ بەرسڤەكا دای ، مە گەلە پێ‌خوش‌بوو ئەم بلاڤ‌كەین ، وەلێ ئەڤ بەرسڤە یاژهندێ دەركەتی كو رەخنەییت بەلكی كومەكا جڤێن و پەیڤێن گران‌و گوتنێن نەخوشە ، براسی ناهێنە بلاڤ‌كرن .

بالمن‌ڤە یاراست نی‌نە ئەم هندە هەڤڕكی‌و نەخوبینێن لناڤبەرا مەدا یێن بەری نهو دنڤێسینێن ئەڤرودا دەرێخین ، بەرسڤا رەخنەكێ تشتەكەو جڤێن‌دان تشتەكێ دی‌یە . بێ‌دڤی‌یە ئەم هەرگاڤ لسەر خوبین‌و بسینگەكێ فرەهـ گوهبدەین گوتنێن خەلكی ، دا بكارین بئاوایەكی سەركەفتی بەرسڤا وان بدەین‌و نەكەڤینە وێ داڤێ یا دوژمنێن مللەتێ مە پێ‌خوشە .

ئەز هیڤیدارم ، هەمی خویندەڤان‌و نڤیسەڤان ژ توخیبێ نڤێسینا لسەرخو دەرنەكەڤن .

[illegible]

عانەك باجێ درەوەكێ

عبدالرحمن علی

مروڤەكێ دەولەمەند شولكەرەكێ كرێ گرتی هەبو، ئەڤ دەولەمەندە گەلەكێ (درەوین) بۆ بێ مەدحو چەند وی مروڤی (درەوەك) د كر ، دا خولامێ وی رابیتە سەر پیاو دا بێژیت (وەسانینە ئان ئەڤە (درەوە) . ئەو مروڤ دا گەلەك عاجز بیت ، دا شەرم كەت ، و دا ڕەنگی وی صور بیت) ژكەربێ ، د گەل وێ چەندێ ئەو مروڤ نەدشیا خو،دا هەر (دەرەوەكێ) كەت ژ یا دی كومبار تر ، ڕوژەكێ گوتە خولامێ خو تو بوچی قەسا من دكەیە (درەو) ، و من دەردئێخی (درەوین) ؟ خولامی گوتێ : ئەز نە شێمە خو !! وی مروڤی گوتێ : هەر جارەكا تو پێ‌حەس یای كو من درەوك) كر ، تو بهەژمێرە كا دێ بنە چەند دێ ئێڤاری (هند) عانا

دەمە تە بەلێ تو سەخەركێ من نە بە یە ڤە لنك مێڤانا .. ، خولامی گوتێ : باشە ، بەلێ د بن لێڤێت خو ڤە گوت :

چ كەسێ خرابیەكا مەزن بكەت .. دڤێت ب ستاندنا عانەكی بتنێ ژێ ڕازی نە بن) .

ڕوژەكێ هندەك مێڤان لنك وی مروڤی درینشتی بون وی ژی گوت : ڕوژەكێ ژ ڕوژێت زڤستانا درێژ(كتكەكێ) خو هاڤێتە سەر بانێ هەیێ نێزیك ، هێژ نەگەهشتی‌یە (كێڤلاندا) ژ سەرما دا كتك لنێڤەكارێ هشك بو ڕاوەستا ، ل (هەوا) ، بێهنا خولامی چك بو هەر زوی ڕابو سەر خوا ،چاڤێت وی مروڤی مانە زل لێ كادێ چ بێژیت ئینا خولامی گوت : چ خودێ قەبیل د كەت ئەڤە ژی بعانەكی بیت ..!!

وەرن دا هوی زمانێ كوردی ببین

دلسوژ بەهدینی

الدرس السابع (دەرسا هەفتێ)

قدمنا في الدرس السادس المقاطع التی تتألف منها كل كلمة (بێژە) من الكلمات على اعتبار ان اللغة الكردیة لغة هندو أوروپیة لغة مقطعیة . والكلمة في اللغة الكردیة تتألف اما من مقطع واحد (المقطع ـ كەر ـ كەرت) مثل (هـو ، خو ، دو ، ژ ، ب(١) ، ها ، دا، با ، ما ، ژن ، بن ، كن ، ئەز ، بەز ، گەز ، رەز ، پەز ، نیڤ، شیڤ ، زین ، كین ، دین بین ، لێڤ ، مێو ، دێو ، سوی ، دوی ، موی ، دیوڤ . هویر ، كویر ، أو تتألف من مقطعین : مثل : (سەردار ، سەگڤان . باران ، بارۆڤ ، هەڤگیان ، سەخبێر ، دلسوژ، رەش‌مار ، زرشەرم ، شەرمین، غەمگین) الخ فكلمە سەردار ، موءلفة من مقطعین هما (سەر) و (دار) ، وكلمة سەگڤان موءلفة من مقطعین ایضا،(سەك) و (ڤان) باران ، موءلفة من (با) و (رۆڤ) :

هەڤگیان: موءلفة من (هەڤ) و (گیان)

سەخبێر: موءلفة من (سەخ)و (بێر)

دلسوژ : موءلفة من (دل) و (سوژ)

ڕەشمار : موءلفة من (ڕەش) و (مار)

وقد تتتألف الكلمة من ثلاث مقاطع أو أكثر مثل:(باگوردان، بازرگان،مێهڤاندار) شانەشین، سەربەستی ، شەهرەزۆر) الخ حیث تتألف كلمة (باگوردان) من المقاطع التالیة :

(با) و (گور) و (دان) و كذلك : بازرگار تتألف من المقاطع : (با) و (زر) و گان . ومێهڤاندار من : (مێهـ) و (ڤان) و دار وكذلك كلمة شانەشین من : (شا) و (نە) و (شین) وكذلك كلمة سەربەستی من : (سەر) و (بەست) و (ی) وكلمە شەهرەزۆر من (شەهر) و (رە) و (زۆر)(٣) .

أما الكلمات الموءلفة أكثر من مقطع واحد فهی التالیة : (بەلەنگازی ، سەرفەرازی ، خوگوری كەری ، ماقێ كەری ، دەستلسەرهەلینان ، دل پێ سۆتنی . دبەرراچون ، شێلم‌شرینی) الخ حیث تتألف كل منها من المقاطع التالیه :

بەلەنگازی : (بە) و (لەن) و (گاز) و (ی) .

سەرفەرازی : (سەر) و (فە) و (راز) و (ی) .

خوگوری كەری : (خو) و (گور) و (ی) و (كەر) و (ی)

ماتێ كەری : (ما) و (تێ) و (كەر) و (ی)

دەستلسەرهەلینان : (دەست) و (ل) و (سەر) و (هەل) و (نان) .

ویمكن معرفة عدد المقاطع فی الكلمة عن طریق تعداد الحروف الصائتة أو المتحركة الموجودة فیها .

فان كان حرفا صائتا واحدا مثل : (دا ، سال ، دار ، دەست ، رەنگ ، لەپ ،خوین) الخ فالكلمة موءلفة من مقطع واحد ، وان كانت الاحرف الصائتة اثنان مثل (سەركار، كانی ، باران ، جەندەك ، مەرتال ، مزگەفت ، هەڤال) فالكلمة موۆلفە من مقطعین ،وان كانت ثلاثة أحرف فالكلمة موءلفة من ثلاث مقاطع مثل : (گڤاشتن ، سەركاری ، سەرخوبون) الخ وان كانت الاحرف الصائتە في الكلمة أربعة ، فالكلمة موءلفة من أربعة مقاطع مثل (هەرماندن ، ومرگەراندن ، بەروڤاژی‌كرن ، هەلشكافتن) الخ .

والمقاطع اما تكون مفتوحە أو مغلقة . فالمقاطع التی تنتهی بالحروف الصائتة أو المتحركة تدعى بالمقاطع المفتوحة مثل : (دا ، دانا ، زانا ، پەری ، ماسی ، هوی ، سوی ، جۆ ، خو ، سە) الخ .

أما المقاطع التی تنتهی بالحروف الصامتە او الساكنة تسمى بالمقاطع المغلقة أو المسدودة مثل : (دار ، زار، رەر ، دەر ، دویر ، كویر ، مال ، مل شل ، كل ، دل،زل، نان ، بان ، هۆڤ ، گوڤ) الخ .

نكتفی بهذا القدر والى اللقاء فی الدرس السابع .

(١) الكلمة (ژ ، ب) تتألف كل واحدة منها من حرف صامت هو (ژ ، ب) ومن حرف صائت هو (ئ) ویقابل الكسرة بالعربیة .

(٢) تلفظ شەرم احیانا بمقطعین هما (شە) و (رم) بشكل غیر صحیح ، لان شەرم عبارة عن مقطع واحد .

(٣) تلفظ محلیا ب (شارەزوور) فتكون المقاطع (شا) و (رە) و (زوور) .

هاوكاری

ژمارە (٣٥)
(٢)ی تشرینی یەكەمی ١٩٧١

وەرامی رەخنەگر لە سەر فەرهەنگی خاڵ

شێخ محەمەدی خاڵ

-١-

چەندێ لەمەو پێش كاك ئەورەحمانی حاجی مارف لە « لینینگراد »ەوە زنجیرەیەكی جوانی نووسیبوو، لەسەر فەرهەنگی خاڵ، وە لە رۆژنامەی « هاوكاری » دا بڵاو كرابۆوە لە ژمارەی ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٢٢ لە مانگی ئایارا، بەڵام من لە یەكی ئەیلولا بەر چاووم كەوت، بەراستی هەر چەند زۆر ماندوو بووم بە نووسینو كۆكردنەوەی ئەو فەرهەنگەوە، بەڵام بەخوێندنەوەی ئەو زنجیرە ووتارە، ماندووم حەسایەوە، وە تێگەیشتم كە - خوا رەوای بینێ - گەنجی پێگەیشتوو، وە لاوی تێگەیشتووی وامان هەیە كە هەموو نوسراوێكی كوردیی بخوێننەوە بە ووردیی، وە لە بێژنگو هێڵەكی بدەن.

لە پێش كاكەو رەحمانیشا پرۆفیسۆرێكی رۆژئاوایی، كە لە زبانی رۆژهەڵاتی ناوەراستا زۆر شارەزا، وە ناوی « أ. بۆدرۆگلیگێتی » یە، لە ئەیلوولی ١٩٦٤ لە ئاكادیمیەی علومی « بودابست » لە هەنگاریا، ووتارێكی بە ئینگلیزیی بڵاو كردەوە لە كۆڤاری « نقد » لە ژێر سەرباسی: « فەرهەنگی خاڵ » دا، بەراستی مەگەر هەر ووتارەكەی ئەو تامی ووتارەكەی ئەمی دابێ.

كاك ئەورەحمان بە ناوی رەخنەوە هێندێ شتی پێشچاو خستووە، لە فەرهەنگەكەدا، هەرچەند شتەكان گرنگ نین، بەڵام ویستم بێ وەڵامی نەكەم.

١ - رەخنەگر ئەڵێ: لەگەڵ مامۆستای خاڵا نیم كە لەسەرەتای فەرهەنگەكەی، وە لەباسی فەرهەنگی كوردییدا ئەڵێ « نەوبەهار » و « ئەحمەدیی » و « رابەر » فەرهەنگی كوردیی نین، چونكە راڤەی ووتەی عەرەبی ئەكا بەكوردیی، كەچی هەر خۆشی ئەڵێ: بەڵێ راستە، ئەم فەرهەنگانە لە عەرەبییەوەن بۆ كوردیی، بەڵام عەرەبیی رووت نین، وە لە بەشە كوردییەكانیان ئەتوانرێ كەڵك وەربگیرێ، لە كاتێكا كە من نەم ووتووە ئەمانە بێ كەڵكن، بەڵێ ئەگەر وام بووتایە قسەكەی تەواو بوو، خۆلاسە ئەوی من ووتوومە ئەو لە گەڵمایە، وە ئەوەی من نەم ووتووە ئەوخراپەی لەوە گرتووە، كەچی سەرو گوێلاكی قسەكەش لەوە ئەچێ كە ئەمە رەخنە بێ لە فەرهەنگی خاڵ، ئیتر نازانم چۆن ئەبێ بە رەخنە.

٢ - رەخنەگر ئەڵێ: ئەمچەند باسەی كە لە سەرەتای فەرهەنگی خاڵەوە نوسراوون، وەك « پەیدابوونی ووتەو زمان • جیابوونەوەی زمانو ووتەی گەلان • لقوپۆپی زمان • كورد • پێگەیشتنی زمانی كوردیی • جیابوونەوەی شێوەی كوردیی • سنووری كوردستان» زۆر پەیوەندییان نییە لەگەڵ فەرهەنگا، وە ئەتوانرێ بكرێن بە سێ بەشەوە كە بەستراوون بە سێ لقی زانیاری جیاوازەوە: (١) مێژوو (٢) جوگرافیا (٣) زمان بەگشتی.

تێناگەم رەخنەگر پەیوەندیی بەلاوە چییە؟ ئەم باسانە هەموو دەستو پێوەند « عەلاقەمەند »ی فەرهەنگن، وە هەر یەكێكیان كلاورۆژنەیەكە بۆ خوێندەوارانی بەرێز، ناوەرۆكی فەرهەنگەكە یان بۆ رووناك ئەكاتەوە، بەڵێ دوو باسیان وەك « كورد » و « سنووری كوردوستان » بێ بە دیمەن زۆر پەیوەندییان نییە، بەڵام وەكیتر ئەوانیش زۆر پێویستن بۆ یەكێك كە فەرهەنگێكی كوردیی وەك فەرهەنگی خاڵ بخوێنێتەوە كە پڕە لە ووتەی كوردیی بە هەموو شێوەكان، تابزانێ كورد چ تیرەیەكە، وە لە كەیەوە هاتۆتە رووی كار، وە چەند چەرخی گرنگی بەسەرا تێپەڕییوە.

ماوەتەوە « سنووری كوردستان » ئەویش بۆ ئەوە باسی كراوە كە ببێ بە پشتێنەیەك بۆ هەموو شێوەكانی كوردیی، وە لە ناویانا «زازا»و و « بادینان » و « سۆران » و « هەورامان » و « لورر » و « فەیلی » و « ئەردەلان » بەش بەش بكرێنو سنووریان بۆ دابنرێ، وە خوێندەوارانی بەرێز، بزانن ئەمانە كامەن، وە لەكوێوەن تا كوێ.

جگە لەوە كە ئەم باسانە هێشتا بە كوردیی كتێبیان تیا نەنوسراوە، ئەگەر گیرەم كتێبیشیان تیا بنوسرایێ بە كوردیی هەر ئەبوو لە سەرەتاوە، كورتەیەك لەم باسانە قسە بكرێ، چونكە ئەگونجێ هەموو كەسێك ئەو كتێبانەی نەبێ، یا ئەگەر بیشیبێ، وەختی خوێندنەوەو تەماشاكردنی نەبێ، بەڵام كە بە كورتی لە چەند دێرێكا لە سەرەتاوە نوسرا، ناچارە ئەو كەسەی كە تەماشای فەرهەنگەكە ئەكا، ئەو چەند دێرەش بخوێنێتەوە، وە نەختێ سەروچاوی تیا هەڵبێ..

ئەگەر هی وابێ لە سەرەتای كتێبیا شتی وا بنوسێ كە تواناو دەسەڵاتی خۆی نیشان بدا، هیواشی هەیە كە لەمە گەلێ گەلێ بەرزترە، وە شتی وا منداڵانەی بەدڵا هەرگیز نەهاتووە بەڵكو مەبەسی ئەوە بووە كە خوێندەوارانی كورد بە زۆریی ئاگادار بكا بە هێندێ شتی گرنگ.

٣ - رەخنەگر لە بابەت (ر) ێ پچووكو گەورەو (ل)ی سووك و قەڵەوەوە، دەمێك ئەڵێ: لە جێگای خۆیانا نین، دەمێك ئەڵێ: هەرچەند پچووكو گەورە تا رادەیەك راستن. لە پاشا ئەڵێ: بەڵام زۆر باش ئەبوو ئەگەر مامۆستا لاوازو قەڵەو، یالەررو قەڵەوی بەكار بهێنایە، هەروەها ئەتوانرێ نەرمو رەق بەكار بهێنرێ.

لە قسەكانی رەخنەگرەوە دەرئەكەوێ كە ئەویش لەو رایەدایە كە (ل) و (ر) دوو جۆریان هەیە، وە ئەبێ باسیان لێ بكرێو ناویان بۆ دابنرێ تا لە یەك جیا ببنەوە، ئینجا ئەمە چییان پێ بووترێ ئەوە زۆر گرنگ نییە، ئێمە وا پێشەكی پێش چاومان خستووە وە ئەم ناوانەمان بۆ داناوە، ئەویكەیتری ئەمێنێتەوە بۆ خوێندەوارانی كورد لە پاشەرۆژا.

٤ - رەخنەگر ئەڵێ: (ئاقدین) راڤە كراوە بە تۆلەسەندن، كەچی (تۆلە-سەندن) راڤە نەكراوە لە جێی خۆیا. هەروا (ئاگر پارێز) راڤە كراوە بە ئاگرپەرست، كەچی (ئاگرپەرست) راڤە نەكراوە لە شوێنی خۆی، بەڵێ راست ئەكا، چونكە (تۆلە- سەندن) و (ئاگرپەرست) ووشە نین تا راڤە بكرێن، بەڵكو رستە « جملە » ن، وە (تۆلە) و (سەندن) و (ئاگر) و (پەرستن) هەریەكە جیا جیا لە شوێنی خۆیان راڤە كراوون.

٥ - رەخنەگر ئەڵێ: هەندێك لەو ووشانەی كە ماناكانی بە یەك ووشە كردووە زۆر باش دەرناچێ، وەك راڤەی (باڵگرتن) بە (فڕین) چونكە فڕین دوو مانای هەیە، وایە، بەڵام وانییە، چونكە دووهەم باڵەفڕێی مەلی تازە باڵگرتوو بۆ فێربوونی فڕین.

ئەم قسەیە ئەگەر وابێ، بۆیە فەرهەنگی خاڵ لە جلدی فڕین بەمانای دووهەم نەهاتووەیەكەم حەوا كەوتنی باڵدار دووهەما ئەم مانایەی نەگرتووە بەڵێ (فڕین) مانای دووهەمی هەیە، بەمانا لێدانی دەمار بەڵام ئەم مانایە بۆ باڵگرتن ناگونجێ.

٦ - رەخنەگر ئەڵێ: راڤەی (بڕیار) بە (پەیمان) كراوە ئەم دوو ووشەیە لە یەكەوە نزیكن، بەڵام مانایان تا رادەیەك جیاوازە، چونكە (بڕیار) (قرار) و (پەیمان) (وعد) ە.

ئەمە وانییە، چونكە (وعد) (بەڵێن)ە، بەڵام (پەیمان) (بەڵێن) نییە، كەواتە (پەیمان) (وعد) نییە. بەڵێ جیاوازیی یەكی كەمیان هەیە، بەم رەنگە (پەیمان) بڕیاری دوو كەسە لەسەر شتێك، بەڵام (بڕیار) لە تاقە یەكێكیشەوە ئەبێ، بەڵام ئەم جیاوازییە كەمە، لە فەرهەنگێكی چل پەنجا هەزار ووتەییدا چاوپۆشیی لێ ئەكرێ، نەخوازەلا كە نووسەر پێویستی كردبێ لەم هەموو راڤەیەدا كە كردوویەتی، كە ووتەی بێگانە بەكار نەهێنێ.

٧ - رەخنەگر ئەڵێ: نووسەر رێگایەكی راستی گرتووە لە راڤەی ووشەكانیا، بەم رەنگە راڤەی (ئامشۆ)ی كردووە بە (هاتوچۆ) و (ئالۆشدار) بە (ئالۆشاویی) و (ئازادخوا) بە (ئازادخواە) ئینجا لە شوێنی خۆیا راڤەی (هاتوچۆ) و (ئالۆشاویی) و (ئازاد خواە)ی كردووە بە تەواویی، بەڵام هێندێ جار لائەدا، بەم رەنگە لە راڤەی (ئاررۆ)(١) ر (ئارۆ) دائەڵێ (ئەمرۆ)، لە راڤەی (ئەمرۆ) شا ئەڵێ (ئیمرۆ) لە راڤەی (ئیمرۆ)دا ئینجا بە درێژی راڤەی ئەكا، كەواتە ئەگەر یەكسەر ئەم

ماوێتی

ماركسیزم وزانستی زمان

لەگۆڕینی : محمود زامدار

پرسیار : نیشانەهەرە دیارەكانی زمانچین ؟

وەلام :

زمان لەریزی ئەو روداوە كۆمەڵایەتییانەیە كە بەدرێژایی ماوەی بوونی كۆمەڵ دەرئەكەوێ ولەگەڵ رسكان وگۆڕانی كۆمەڵ ئەڕسكی وئەگۆڕێ، لەهەمان كاتیشدا لەگەڵ سەرەمەرگی كۆمەڵ، ئەمیش گیان ئەداو ئەمرێ. هیچ زمانێك لەدەرەوەی چوارچێوەی كۆمەڵەوە نیە، بۆیە ناتوانین لەزمان ویاساكانی گۆڕانی تێبگەین، تەنیا مەگەر لەرێی ئەو بەندیوارییە بەتینەی زمانە نەبێت كە لەمەر مێژووی گۆڕانی كۆمەڵا هەیەتی، مێژووی ئەو گەلەی كە زمانی لێكۆڵراو بەندیواری پێوە هەیە، ئەو گەلەی كە ئافەرێد وپارێزەر وهەڵگری ئەو زمانەیە.

زمان هۆیە، ئامرازە، بەهاوكاری ئەمەوە خەڵكو - خواكان لەیەك ئەگەن وبیروڕایان ئاڵوگۆڕ ئەكەن وئەگەنە ئەو سەرەنجامەی كە لەنێوان یەكتریانا - بەشێوەیەكی پوخت - لە یەكتر بگەن. زمان پەیوەندییەكی راستەوخۆی بە (بیر) ەوە هەیە، ووشەكانی، تەركیبی ئەو ووشانەی كەدەستەواژە دوروست ئەكەن، سەرەنجامی ئاكاروكردەوەی (بیر) ودەسكەوتەكانی كردەوەی ئادەمیزاد لەپێناو گەشەكردنی زانیارییەكانی، تۆمار ئەكات وئەیچەسپێنێ. بەم شێوەیە ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕایەكانی نێوكۆمەڵی مرۆڤایەتی ئاسان ئەبێ ولەبەردەست. ئاڵوگۆڕكردنی (بیر)ەكان پێویستیەكی بەردەوام وپڕ زیندەگییە، بێ ئەم، زۆر مەحاڵە، هاریكارییە هاوبەشەكانی خەڵك لە خەباتا روبەروی هێزەكانی سروشت رێكبخرێ. لەخەباتا لە پێناو بەرهەم هێنانی بەروبوم وداهاتی ماددی پێویست. زۆر مەحاڵیشە سەركەوتن ودەسكەوتەكانی جموجوڵی كۆمەڵی بەرهەمدار دەسگیر وجێبەجێ بكرێ. هەر بەم جۆرە، هەتا بوونی بەرهەمی كۆمەڵایەتیش زۆر گران ومەحاڵ ئەبێت. بەم رەنگە، وبە نەبوونی زمانێكی رەوان بۆكۆمەڵ وهاوبەش لەنێوان هەموو ئەندامانی كۆمەڵ... لەبەرهەم وچوستوچالاكی رۆژانەی ئیفتادە ئەبێ ولەبالێك دەرئەچێ ودائەپچڕێ و وەك (كۆمەڵ) چ بوونێك ومانێكی نامێنێ. لەم سۆچەوە مادامەكی زمان ئامرازی پەیوەندییە لەنێوان كۆمەڵانی خەڵك، هەروا لەهەمان كاتیشا، ئامرازی تێكۆشان وگۆڕانی كۆمەڵە. وەك ئاشكرایە - سەرتاپای ووشەكانی، ناو زمانێك لەزمانەكان، بەسەرجەمیەوە (فەرهەنگی زمان) دوروست ئەكەن، شتی هەرە بنچینەییش لەفەرهەنگی زمانا، ناواخنە سەرەكییەكەی فەرهەنگەكەیە، كە (ناوكی) هەموو ووشە رەسەنەكان پێك ئەهێنێ، ئەم ناواخنە سەرەكییەش ماوەی زور لەماوەی فراوانی سەرجەمی فەرهەنگی زمان، تەسكترو كەمترە، بەڵام تەمەنێكی یەكجار زۆر درێژی هەیە، بۆ ماوەی چەندەها چەرخێك ئەمێنێ وئەژیت وئەبێتە مایەی دوروستكردنی ووشەی تازەبابەت. فەرهەنگ خۆی لەخۆیدا ئاوەژووی وێنەی باروچۆنیەتی زمانە. چونكە هەرچەند فەرهەنگی زمان داراو دەوڵەمەندو پێشكەوتوو بێ، زمانیش بەم پێیە دەوڵەمەند ولەبارو پێشكەوتوتر ئەبێ. بەڵام فەرهەنگ - هەرتەنیاخۆی - زمان پێك ناهێنێ، راستییەكەی رووی كەرەستەی بناغەی زمان دەرئەخا، هەروەك چۆن كەرەستەی بنای لای وەستایەك خانووبەرەكە نیە، كە زۆر مەحاڵیشە بێ ئەو كەرەستەیە بناغە بنیات بكرێ، ئاواش فەرهەنگ، كە هەرچەندیش خودی زمان نیە، بەڵام زۆر نەنگە باوەر بەبوونی زمانێك بهێنرێ بێ بوونی فەرهەنگ. كەچی فەرهەنگ بەهایەك ودەورێكی زۆری ئەبێ ئەگەر هاتو خرایە ژێر دەسەڵاتداریەتی زانستی زمانەوە، كە سنوور بۆ ئەو گراماتیكانە دائەنێت كە زەبتو رەبتی گۆڕانی ووشەكان ودارژتنەكانی ئەم ووشانە ئەكات لەدەستەواژەكاندا وسروشت وخاسیەتێكی گونجاوی پەسەندكراو ئەبەخشیتە زمان. زانستی زمان (مێژووی گۆڕانی ووشەكان - (رێزمان) بریتییە لە كۆمەڵەیەك بنكە ویاسا، دەربارەی گۆڕانی ووشە وجۆری تەركیب ودارژتنی لەدەستەواژەدا كەواتە، بێگومان وبەوەكات بەهۆی ئەم زانستییەوە، زمان ئەتوانێ بەرگێكی مەتریالی بچورسێنێتە بالای (بیر)ەكانی مرۆڤایەتی، ئەمیش كە بەرگی زمانە.

خاسیەتی هەرەدیاری زانستی زمان ئەوەیە كە گراماتیكی گۆڕان وجووڵانی ووشەكان پیشان ئەدات. بێ ئەوەی مەبەستی لەچەند ووشەیەكی دیاریكراوی لەبەردەستبێ، بەڵكو ووشەكان بەشێوەیەكی تێكرایی، وبێ هیچ مۆركێكی ریالیزمی ئەم ووشانە. هەروا - زانستی زمان - گراماتیكی دارشتنی دەستەواژەكانمان بۆ دەرئەخا، بێ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەیەكی لەبەردەست ودیاریكراو بێت، واتە، بێ ئەوەی مەبەستی لە (بكەر)ێكی هەست پێكراوو لەبەرچاو، یا (فرمان) ێكی هەست پێكراوی لەبەرچاو بێت، تاد.. بەڵكو هەموو دەستەواژەكان - بەگشتی - بەشێوەیەكی زۆر سەربەخۆ لەشكلی هەست پێكراو وریالیزمیدا، وەرئەگرێت، بێ گوێدانە ئەم دەستەواژەو ئەو دەستەواژەیە. كەواتە، زانستی زمان، كەلایەنی تایبەتی وریالیزمی بەرئەدات، چ لەووشە، چ لەدەستەواژە، یەكسەر، الایەنە گشتییەكانی بنچینەی ووشەكان ودارشتنیان لەدەستەواژەدا وەرئەگرێت. لەم كردەوەیەشیدا نویشكی بنكەكانی زمانی زانستی، ویاساكانی زمانی زانستی پەیدا ئەكات.

زانستی زمان، سەرەنجامی كردەوەیەكی رووت ودرێژ خایەنی فیكری مرۆڤایەتییە، نیشانەی سەركەوتنە مەزنەكانی بیری ئادەمیزادە.

ماوێتی

بەراوردو بەسەرگرتنەوە !

عەزیز گەردی

واقیعی تاڵی پڕ لە كارەساتی جەرگ بڕی ساڵانی شۆڕشی چەكداری گەلی كورد كە بەهەموو شانازیو سەربڵندییەكەوە لە پێناوی مافی زەوت كراوی پێشوازی كوشتنو مردنو دەربەدەری ئەكرد ! باوەشی بۆ برسێتیو قاتو قڕی ئەكردەوە ! لە شەوانی بەفرو كڕێوەی زستانا بە رووتو قووتی تۆفو بارانولوورەی رەشەبای ئەقۆزتەوە .. ئەم ژیانە پڕ لە كارەساتوڕووداوە كەرەستەیەكی خاوی یەكجار زۆر فراوانو بەنرخو بەهای نووسەرانو مەیدانێكی پانو بەرینە بۆ سوود وەرگرتنو كردنی بە زەمینەیەكی بەپیتو بەرەكەت بۆ رواندنی رۆمانو چیرۆكو هۆنراوەو .. هتد بە جۆرێكی ئەوتۆ كە ئەم جۆرە ژیانە (تجسید) بكاتو ببێ بە - ئەدەبێ شۆڕش -یا- ئەدەبی شۆڕشگێڕ - .

(لە ئەشكەوتێكا)ی كەریم شارەزا رووپەكی ئەم ژیانە پێشان ئەدا، باسی ئاوارەیی و لانەوازی خێزانێكی لێقەوماوی كورد ئەكات . كە لە ئەشكەوتێكی تەنگو تاری كوردستانا جێگیر ئەبنو بە زەخیرەو توێشوی برسێتی ئەكەونە كاروانی چاوەڕوانی بڕانەوەی شەو، شەوی درێژی وەیشومەی باڵ كێشاو بەسەر خاچا . جا ئەو هەڵویستە (عاطفی)یەی (شارەزا) ئەیەوێ گوێگرانی پێ ببزوێنی لە دیمەنی ئەو منالە ئەیخاتە روو كە برسێتی ژاكاندوویەتیو سیسی هەڵگەڕاندووەو بە ئاستەم نووسكەی دێ كە هانا بۆ دایكو باوكی ئەباتو داوای دەرمانی رووتیو برسێتییان لێ ئەكات « كام باوك هەیە لە هەڵویستێكی وا سوزاویدا كسپەی لە جەرگو هەناوا نەیەت ؟» باوكیشی ئەوەی بتوانێ لەو هەڵویستە ناسكە پێشكەشی جگەرگۆشەكەی بكات دڵدانەوەو لاواندنەوەیەتی بۆ ئەوەی خۆی رابگرێ تا ئەو رۆژەی لە ئاسۆی چیا سەركەشەكانی كوردستان خۆری ئازادی تیشكی زێڕینی ئەڕژێنێتە كوردستانو ئاسایشو كامەرانی باڵی نەرمو نیانی بەسەرا ئەكێشێ !..

ئەم هۆنراوەیە لە (دەفتەری كوردەواری - ٣ -) و لە (رێگەی دوور)دا بڵاوكرایەوە،

لە سەرەتای حوزێرانیشا (ئەبو دلیر) لە لاپەڕە (الادب الكردی) رۆژنامەی (التاخی) - ژمارەكەیم لە بیر نەماوە - كردوویە بە عەرەبی .. كەچی كاك (محمد علی ابراهیم) وەك (نە بای دیبێو نە باران) یا وەك ئەوەی وای تێبگات كەس بادینی ناخوێنێتەوەو ئەمەی لێ ئاشكرا نابێت (كە وەكو رۆژ ئاشكرایە) - لە ژمارەی (٣٠)ی هاوكاری لاپەڕەی (بەر پەرەك ژ زاراڤێ من) (بیر هاتنەك)ی بڵاوكردەوە كە كتومت نموونەیەكی پوختو كورت كراوەی (لە ئەشكەوتێكا) یە، نەك هەر لە ناوەرۆكو مەبەستو زنجیرەی بیرەكەوە، بگرە لەگەڵی شوێنا ووشەكانیش وەكو یەك وان..

مامۆستا كەریم ئەڵێ :

لە شەوێكی تاریكو تەنگی
زستانا
لە ئەشكەوتێكی بێدەنگی
كوردستانا
لە خێزانێی هەژاری
رووتو رەجاڵ
هەموو عەمەل مەندو منال
ئەهاتە گوێم
دەنگی منالێكی برسی
كە ئەی پرسی

مامۆستا (محمد علی ابرهیم) یش ئەفەرموێ :

(شەڤەكا تاری
شەڤێت زڤستانێ
شكەفتەكا بێ دەنگ
ل كوردستانێ
خێزانەكا برسیو هەژار
نەقویت ، نە روناهی ، نەئار
دەنگێ بچویكەكی برسی
ژ دەیكا خۆ دپرسی)

دیسان كە مامۆستا كەریم ئەڵێ :

(باوكی وەڵامی دایەوە
كوڕی شیرینی بە نرخم
رۆڵەی بەرخم
خۆت داگرە
بەڵام سبەی
خەباتی خوێنینی دەستەی
دڵسۆزەكانی نیشتمان
بۆ هەموومان
ئەبێتە شەفەقی گەشی
سپیدەی سحراوی بەیان

مامۆستا (محمد) ئەفەرموێ :

(دای كر گری بابێ گسوت
كوڕێ خۆ
كوڕێ بابێ خۆ گسیانێ
دەیكا خۆ
خۆ راگرە بلا ئەم هوسا بن
ریتو رسواو پێخاس بن
بەڵێ سوبەهێ
دەما بیت تەناهی
شەوقا خوینا خەباتێ
تبازەهی .. شەف تاریا
بۆ مەدێ كەت روناهی

ئەوەو بیناوبناغەی هەردوو هۆنراوەو دارشتنی هونەریو كۆتایی پێهێنانیان یەك شتە :

١ - هەردووكیان باسی خێزانێكی رەشو رووتو ئاوارە ئەكەن !

٢ - لە هەردووكیانا كات : شەوێكی تاریكی زستانە، شوێن : ئەشكەوتێكی تەنگی كوردستانە .

٣ - برسێتیو رووتی ئەم خێزانەی تەنگەتاو كردووەو لە نووسكەی منالە برسییەكە ئەم ئاوازە ئەبیسرێ !

٤ - منالەكە ئەكەوێتە پرسینو داواكردن ! ئەوەندە هەیە لە هۆنراوەی مامۆستا كەریمدا زارۆڵەكە (لە باوكو دایكی كلۆڵی) ئەپرسێ، كەچی لە هی كاك (محمد) تەنها (ژ دەیكا خۆ دپرسی) .

٥ - لە هۆنراوەی مامۆستا كەریم پرسیاری منالەكە بۆ دایكو باوكە ! بەڵام باوك وەڵامی ئەداتەوە بێ ئەوەی هۆیەك هەبێ یا هەستێ پێ بكرێ كە بۆچ دایك وەڵامی نەداوەتەوە ؟

كەچی لە هی كاك (محمد) رووی پرسیاری منالەكە لە دایكە، لەگەڵ ئەوەشا (باوك) وەڵام ئەداتەوە، ئەمەشیان بە هێزتری كردووە چونكە دەری خستووە كە دایك لەبەر گریان وەڵامی پێ نەدراوەتەوە لە كاتێكا كە دەمی پرسیار

بروانە ل - ٧ -

بۆنەوەی داهاتوو

عبدالله سەراج

ئەی ستەم گورزی خۆت راوەشێنە
هەرچیت لە بارە زووكە بینۆێنە
تالانكە ، ببرە ، گەردن هەڵواسە
خوێنی ئاڵو گەش بڕژێنە كاسە
مەستو سەرخۆش بە ، بەپێكی ئێمە
ئەسپت تاودە لەم بەیارودێمە
زیندە چاڵ بكە ، دەی هەتا ئەتوانی
رەز بسووتێنە ، باووشك بێ كانی
بتاسێنە هەر مەلێك خۆش بێژە
بهارە هەرچی وەك گەڵاوێژە
پشكۆ مەهێڵە ، بیكە بەشەوێ
ئاسۆ بتاسێ ، خۆر دەرنەكەوێ
مێشكی لاوانو بازووی پۆڵایین
لەهاوەنی مس ، بیكوتە بەتین
چاڵێك هەڵكەنە بەنووكی پۆستاڵ
بۆێنووس ، بۆرەنگ ، بۆسۆزی شمشاڵ
بەلاشەو ئیسك ، بەكەللەی پژاو
بنیات نێ قەڵای زۆرداریت لەناو
قەڵاچۆكە ، لەژن ، لەپیرەمێرد
قینت بابڕێ چەشنی تیغو كێرد
زەماوەندێكی وا سازدە لەسەر
بازرەقەی خوێنی جێماوی سەنگەر
بیكە بەئاهەنگ بۆ دالوسەرگەر
ئاگر بەردە لە دانەوێڵەی تەڕ
گاسن بخەكار ، گوڵزار بكێڵە
ریشە هەڵكەنە ، سەوزی مەهێڵە
نوخانت گیركە لە بینی ساوا
دەی وێران كە لانەی بووكو زاوا
باخەندە ئاربێ ، گەشكەبتۆرێ
جۆگەی لاوچاكان بەخوێن شۆرێ
بیری دۆزەخ هی شەیتانی نەگریس
قەمچیو فەلاقە ، سێدارەو گوریس
ئەمانە گشت لامان نادالەرێ
هەتاكو داری خەبات بەرنەگرێ
ئۆباڵی ئەستۆ ئەبەینە قۆناغ
ئەنووسین یادی سووتانی دێو باخ
یادی كۆرپەیەك بوو بەخۆڵەمێش
یادی ستەمێك كەدەرچوولەكێش
یادی مزگەوتو مەلای قورئان خوێن
هی ئابروو ناموس ، هی ئێسقانو خوێن
زام بێتەگوفتار ، خوێنی هەڵچووی گەش
سووركا دامێنی هەوری توندو رەش
تۆماركا بونەوەی داهاتووی كورد
رهێڵەی ستەم ، دای كردوڕابورد
ئەی ستەم ئەوسا بەشەرمەزاری
روو لەگەڵكەو ، پشت لە ستەمكاری
بچركێنە وەك ئێمەی جەنگاوەر
« مردن بۆستەم ، بۆشەیتانی شەڕ »
با گەلان تێكرا دروشمێ هەڵكەن
(سەوزی بۆگەلا ، بۆدارو دەوەن)
(نەمریش بۆئاواز ، بۆرەنگ ، بۆووشە)
بۆ ئەوهەستەی كە هەمیشە گەشە

پاشماوەی : بەراوردو

لەو بوو و ئەبوایە ئـەو وەڵام بداتەوە !

٦ – هەردووکیان هــەر ئەوەندە بۆ منالەکە ئەکـەن کە شەنگی بە بەرا بخـەنو لەگەڵ خۆیانا بیخـەنە (نۆرینگ)ی چاوەڕوانـی ، چاوەڕوانی ژیانێـکی (بـە ئازادیو کامەرانی) یا ئـەو ڕۆژەی کە ئەژین (سەربەست ئازا ، وەکی مێرا) بەڵام کاك (محمد) ئاگری نەورۆزیـش ئـەکا بە ڕەمزی سەرکـەوتنو رزگاربوون !!

دوا جار ئەتوانیم بلێم (بیر هاتنـەك) کـتو مت (لە ئەشکەوتێکا)یەو بە بادینـی لەگەڵ دەستکاری‌یەکی کەمدا دا ڕێژراوە ، ئەم جـۆرە کردەوانـەش بێ‌گـومان ئەدەبەکەمان بۆ پاشەوە کێش ئەکاتو ئەمانخاتە زەلـکاوی لاساکردنەوەیەکی بۆ گەن، ئیتر ئەگەر بمانەوێ خزمەتێ بکەینو بلێین بەرهەمێکمـان داوە ئەبێ (خۆمان بین) لە کـاتی نووسینا !! نەك خەلکی‌تر !.. ئەگـەرچی داری (بریا)ش بێ‌بەرە بەڵام (بریا هـەر تارمایی شیعرەکەی مامۆستا کەریم لە شیعرەکەی کاك محمد بوایە) نەك هەمان شت‌بێ .

پاشماوەی : فەرهەنگی سیاسی

جا لە بەرەی نشتمانی دژی ئیمپریالیزمو لەگەڵ حزبەکانی تردا بەشداری ئەکـات . دامەزرێنەرانی ڕێبـازی مارکسیزم – لینینزم بناغـەی زانستیو حەتمی لـەناوچوونی سەرمایەداریان دانا کە وەکـو ئەنجامێکی حەتمی شۆڕشـی سوسیالستی وایە هەروەکو لە وولاتانی ئوردوگـای سوشیالسـتی‌دا ڕوویدا . دامەزراندنی رژێمی سوشیالست مانای لەناوبردنو ریشـە هەلکێشـانی پاشـماوەی بورژوازیەتە وەکو چینێك .

پاشماوەی : هەڵبەستی نوێ

مامۆستا برایم ئەحمەدە کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەژمارە پێنجی گۆڤاری گەلاوێژدا بـڵاو کراوەتەوە . ئەمەش چەنـد دێرێکی – بەرەو ڕووناکی – :

لەناو جەرگی تاریکیەوە
دەست بەکەلەپچە وتەوق
لەمل وزنجیر لەپێ
لەکانگای نەزانیو هەژاریـو
دیلیەوە
کەوتومە ڕێ هاتـوم
بەرەو
روناکی .. هتد ..

کەواتە ، ئێمە هێشـتا چاوەڕێی فۆرم وروالەتێـکی تازەی هەڵبەستی کوردیی ئەم سـەردەمەین !!

پاشماوەی : خودانی دردانی

درێژ بو گەهشتە ستوهێ وی لاوێ وەسا تازە من هند دیت سـپی بو د دەسـتێد من ١٠ (بێهناوی بسەر نە کەفتە ڤە) لاوێ خوشتڤی یێ دای و بابێت خو لبەر چاڤێت من زوها بو .. فەقیری پسیارا بازرگانی کـر

گوتێ : پاشی تە چ لتەرمێ وی کر !!! بازرگانی گوتێ : منێ ڤەشارتی دبن ڤەسرا خو ڤە ، تە چیە !!! وی ژی گوتێ : چ نیشان لێ نە بون !!! بازرگانی گوتێ : ددانەکێ زێری لبەرێ دەڤێ وی بو ... بەلێ بوچی تو پسیار دکـەی !!! فەقیری گوتێ : ئەزێ لوی دگەڕێم .. سالوغێت من و دزگـرا وی

ئەڤەنە بازرگانی گوتێ : ژ وێ روژی وەرە حەتا نوکـە ئەزێ پێشمانم لسەر وێ یا من کری ، من چ نەدیت ئەز گونـەهـ و پێشمانیا خو پێ برەنـم ژ بلی کو من دو مروڤ یێب کـرێ گرتین هەڕو ئیڤاری دێ هێنـە بەر دەرێ دوکـانێ دێ لمن ڕاوەستن بدارا حەتا ئەز ژ خو د چم دێ من هەلگرن و ئیننە مال ، حالێ من ئەڤە یە ، و دێ هوسا بیت حەتا ئـەز دمرم ، چنکو کـەس من نە دیت تولا گونەهـ و شەهمزاری و پیسی‌یا من لمن ڤەکـەت ، فەقیری ژی ڕێکا خو گرت و قەستا دەزگرا کوڕکی کـر و بو ڤەگێڕا ڤـە یا وی دیتی .

پاشماوەی
ئاشت بوونەوەی بچووك ...

هەبێ کە مەلیك حسەین شەڕ لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکـا ئەکاتو خـەبات بۆ ڕامالینی ئیسرائیل ئەکات ؟! کەس هەیە بیر لەوەبکاتەوەکە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئەوانی‌تر لـە رایی خوادا یارمەتی مەلیك حسەینو رژێمەکەی ئـەدەن ؟! تا ئێستا ڕووی‌داوە گورگو مەڕ لـە سەرچاوەیەك پێکـەوە ئاویان خواردبێتەوە ؟! . بێگومان ئەو دەوڵەتو سەرکردانەی عەرەب کـە خەریکی ناوبژین باوەڕیان بەم شتانە نی‌یە ، بۆیە ئەبێ ئەمانیش نیازیان وابێ ئاوێـك بەم ئاگرەدا بکەنو ئەم ناوبژی کردنـەیان هەنگاوێك بێت بۆ ناوبژیو ئاشـت‌بوونـەوە گەورەکـەی نیوان خۆیانو ئیسرائیل !!.

بۆ زانـین

ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو

لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکانی ئوتێلـە گەشت‌گوزاریەکان ـ ژمارە ـ ١ ـ

درێژکردنەوەی دووەم‌جاری مناقەسەی نهێنی ژمـارە ـ ١٠ ـ ی تایبـەت بـە دروست‌کردنی گازینۆیەکی گـەشت لـە ئەحمەد ئاوا .

ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی‌ژوورو (لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەی ئوتیلەکانی گەشت ـلیژنەی ژمارە ـ ١) سەر لەنوێ رایئەگـەیەنی کـە دووبارەدروست‌کردنی گازینویـەکی گەشت لەئەحمەد ئاوا ـ ناحیەی‌خورماڵ ـ قەزای هەڵەبجـە ـ ئەخاتەوە مناقەسـەی نهێنی‌بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١ ـ مناقەسەکە پاك‌کردنەوەی عەرەسەو کاروباری دروست کردنو خانووبەرەو کـارەباو میکانیكو تەندروستی‌و هەموو خزمەت گوزاریەکانی تری لـەمادەو کارەوە ئەگرێتەوە .

٢ ـ ئیستمارەکانی مناقەسەو نەخشەکان لە لیژنەی ناوبراو دەست ئەکەوێ کە بارەگاکـەی‌لە وەزارەتی کاروباری ژووررووە بەرامبەر (١٠) دینار کـە نادرێتەوە .

٣ ـ ئەبی‌عەتاکە تەئمیناتێکی‌پارەی سەرەتایی لەگەڵدابێ بە مقداری ٣٪ی نرخی مناقەسەکەبە شێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی یان چەکێکی تصدیق‌کراو لـەمەسرەفێکی بڕوا پێ‌کراو لـە عیراقو بەو پارەیەی لەعەتاکەداباسکراوە .

٤ ـ پێویستەبەڵێندەر شهادەی سەر بەژووری بازرگـانی‌و وەثیقەی تەسجیلی بەرێوەبەرایەتی باجی دەخلی گشـتی‌و شەهادەی دەرەجەی تەسـنیفی‌لیژنەی تەسنیفی بەڵینـدەرانی وەزارەتی نەخشـەی هەبێ‌وهەموی نوێ کرابێتەوە بۆ ساڵی ٧١ـ١٩٧٢ی دارایی لەکـاتی‌کریندا .

٥ ـ پێویستە بەڵێنـدەر لەگەڵ عەتاکـەیدا لیستەیـەك پێشکەش کاتو تیێدا ئـەوکارانە بنوسێ کـە لەمەوبەر کردویەتی‌و لەمە ئەچنو لەگەڵ‌ئەو لایەنەی بۆی کردوە .

٦ ـ ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزم نیە بـە وەرگرتنی نزمترین عـەتا یان‌عەتایەکی تر .

٧ ـ ماوەی تەواوکردنی کارەکە کە لەعەتاکەدا نوسراوە لـە لایەن ئەنجومەنەوە رەچـاوئەکرێت لەکاتی ئیحالەدا .

٨ ـ دوا کات بۆ پێشکەش‌کردنی عەتاکان‌سەعات دوانزەی نیوەڕۆی یەك شەممەی ڕێکەوتی (١٠ـ١٠ـ١٩٧١)ـە

٩ ـ هەر عەتایەك لەکـاتی‌دیاری‌کراودا کە لە بڕگە ٨ی سەرەوە دایە دوابکەوێ پشـت‌گوێ ئەخرێ .

١٠ ـ عەتاکان لە زەرفێـکی‌مۆرکراودا پێشکەش ئـەکرێو ناوی مناقەسە نهێنی‌یەکـەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ بەم ناونیشانە: ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژووروو (لیژنـەی جێ‌بەجێ کردنی ئوتێلەکـانی‌گەشت ـ لیژنەی ژمارە ـ١ـ) لەوەزارەتی کاروباری ژووروو .

١١ ـ بۆ زیاتر شارەزابوونو لێکولینەوەی ناوەرۆکی ئـەم ئاگاداریە پەیوەندی لەگـەڵ‌مەکتەبی ئەندازیاری خانووبەرە کاك عدنان زکی امیر ئەکرێ لەـ عمارەی مرجان ـ سـاحەی تحریر : بەغدا تەلەفۆن ٨٥٦٨٨

محمد محمود عبدالرحمن

سەرۆکی ئەنجومـەنی

ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو

سەرەڕای فەرمانەکـەی خۆی

بۆزانـین

ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو

لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکـانی ئوتێلە گەشت گوزاریەکان درێژکردنەوەی مناقەسەی نهێنی ژمارە (١٣)ی تایبەت بە دروست کـردنی ئوتێلێکی گەشت لـە سەرچنار

ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو (لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەی ئوتێـلەکانی گەشت ـ لیژنەی ژمارە ـ١ـ) رایئەگەیەنی کە مناقەسەیەکی نهێنی هەیە بۆ دروست‌کردنی ئوتێلێکی گەشت لە سەرچنار ـ پارێزگەی سلیمانی بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :ـ

١ ـ مناقەسەکە پاك کردنەوەی عەرەسـەو کاروباری دروست‌کردنو خانووبەرەو کارەباو میکانیـكو تەندروستی‌و هەموو خزمەت گوزاریەکانی‌تری‌لەمادەو کارەوە ئەگرێتەوە .

٢ ـ ئیستمارەکانی مناقەسەونەخشەکان لە لیژنەی ناوبراو دەست‌ئەکەوێ کە بارەگاکـەی‌لەوەزارەتی کاروباری ژووررووە بەرامبـەر (٢٠) دینار کـەنادرێتەوە .

٣ ـ ئەبێ عەتاکـە تەئمیناتێـکی پارەی سـەرەتایی لەگەڵدابێ بە مقـداری ٣٪ی‌نرخی مناقەسـەکە بەشێوەی کەفالەتێـکی مەسرەفی یان چەکێـکی تصدیق‌کراو لـە مەسرەفێـکی بڕواپێ‌کراو لـەعیراقو بـەو پارەیـەی لـە عەتاکەدا باسکراوە .

٤ ـ پێویستە بەڵێندەر شهادەی سەر بە ژووری بازرگانی‌و وەثیقەی تەسجیلی بەرێوە بەرایەتی باجی دەخـلی گشـتی‌و شەهادەی دەرەجـەی تەسنیفی‌لیژنەی تەسنیفی بەڵینـدەرانی وەزارەتی نەخشـەی هەبێ‌و هەموی نوێ کرابێتـەوە بۆ سـالی ٧١ـ١٩٧٢ی دارایی لەکاتی کریندا .

٥ ـ پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکـەیدا لیستەیـەك پێشکەش کاتو تێیدا ئـەوکارانە بنوسێ کـە لەمەوبەر کردویەتی‌و لەمە ئەچنو لەگەڵ ناوی ئەو لایەنـەی بۆی کردوە .

٦ ـ ئەنجومـەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو مولزەم نیـە بە وەرگرتنی نزمترین عەتا .

٧ ـ ماوەی تەواوکـردنی کارەکـە کە لە عەتاکـەدا نوسراوە لەلایـەن ئەنجومەنەوەرەچاو ئەکرێت لە کـاتی ئیحالەدا .

٨ ـ دوا کات بۆ پێشکەش‌کردنی عـەتائات سـەعات دوانزەی نیورۆی یەك شەممەی‌ڕێکەوتی (١٠ـ١٠ـ١٩٧١)ـە

٩ ـ هەر عەتایەك لەکـاتی‌دیاری‌کراودا کە لە بڕگـە ٨ی سەرەوە دایە دوابکەوی پشـت‌گوی ئەخرێ .

١٠ـ عەتاکە لەزەرفێـکی‌مۆرکراودا پێشکەش ئـەکرێو ناوی مناقەسە نهێنی‌یەکـەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ بەم ناونیشانە : ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنـەوەی ژوورو لەوەزارەتی کاروباری ژووروو .

١١ ـ بۆ زیاتر شارەزابوونو لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئـەم ئاگاداریـە پەیوەندی لەگـەڵ‌مەکتەبی ئەندازیار جبرائیـل خمو ئەکرێ لەساحەی وثبـەتەلەفۆن ٨٢٦٢٠

محمد محمود عبدالرحمن

سەرۆکی ئەنجومـەنی ئاوەدان

کردنەوەی ژوورو سـەرەڕای

فەرمانەکەی خۆی

بۆزانـین

دەزگـای ئاوەدان کردنەوەی باکوور
لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی‌پرۆژەکانی ئوتێـلە سیاحیەکان لیژنەی ژمـارە ـ ١ ـ

درێژ کردنەوەی موناقەسەی‌نهینی ژمـارە (١١) دەربارەی دروست کردنی میوانخانـەی‌سیاحی لەدوکان .

دەزگای ئاوەدان کردنـەوەی‌باکوور (لیژنەی جێ‌بـەجێ کردنی پرۆژەکـانی میوانخـانەسیاحیەکان ، لیژنەی ژمـارە «١») سەر لەنوێ موناقەسەی نهێنی درووست کـردنی میوانخانەیەکی سیاحی لەدوکان‌موحافەزەی سلیمانی بەپێی ئەم

مەرجانەی خوارەوە ئاشـکرائەکاتەوە :

١ ـ موناقەسەکە بریتیە لەپاك کردنەوەی زەویەکەو هەموو کاروبارێکی دروست کـردنو‌ئاوەدان کردنەوەو کـارەباو میکانیكو تەندروستی‌و شتی‌ترلەگەڵ هەموو خزمەتێـکی تردا مادی‌و عەمەلی .

٢ ـ ئەتوانرێ ئیسـتمارەی‌موناقەسەکەو نەخشەکانی لەلای لیژنـەی ناوبراو لەبارەگـای‌وەزارەتی کاروباری باکـوور بەرامبەر (١٥) دینار کە قابیلی‌دانەوە نیە وەربگیرێ .

٣ ـ پیویستە لەگەڵ عطائاتدا تەئمێناتی یەکەم بدرێت بـە میقداری ٣٪ لەقیمـەتی موناقەسـەکە ئەویش بەشـێوەی کەفالەتی مەسرەفی یان چەکێکی‌مۆرکراو لە بانقێـکی باوەڕ پێ‌کراوەوە لە عیراقدا بـەپێی‌ئەو مەبلەغەی لەعطائاتەکـەدا دیاری کراوە .

٤ ـ بەڵێندەرەکە پیویسـتەشەهادەی بەشداربونی لەژوری بازرگانی‌و وەسیقەی لای مدیریەتی زەریبەی دەخلی گشتی‌و شەهادەی دیاری‌کردنی لەلیژنەی‌دیاری کردنی بەڵێندەرەکانەوە لە وەزارەتی نەخشەوە کە بۆسـالی ٧١ ـ ١٩٧٢ی دارای نوی کرابێتەوە ، پیشان بات .

٥ ـ بەڵیندەر لـەسەریـەتی‌لەگەڵ عطائاتدا قائمەیەك بدات لەو جۆرە کارەی وەك ئـەم‌موناقەسەیە وایەو کردویـەتی، ئەولایەی بۆحسابی دروسـتی‌کردوە دیاری بکات .

٦ـ دەزگای ئاوەدانی ژووروملزم نیە بەقوبول کردنی نـزم ترین عطائات یان هـەر عطائاتێکی تر .

٧ ـ ماوەی تەواو کـردنی‌ئیشەکە کە لە عطائاتەکەدایـە بەلای دەزگاوە جێگای ئیعتباروگرنگی پێ‌دانە .

٨ ـ دواکاتی دانی عطائات‌سەعات (١٢)ی نیوەڕوی ڕۆژی یەك شەممەی (١٠ـ١٠ـ٩٧١)ە

٩ ـ هەر عطائاتی دوای کاتی‌دیاری کراو لەبەندی (٨ (دا بگات پشت گوێ ئەخرێت .

١٠ ـ عطائات لە زەرفێـکی‌داخراودا ئەدرێت کـە ناوی بەڵێندەری لەسەر ئەبێ لەگەڵ‌ژمارەی ناردنی بۆ دەزگـای ئاوەدان کردنـەوەی باکوور(لیژنەی پرۆژەکانی میوانخانە سیاحیەکان ـ لیژنەی ژمـارە«١») لـە وەزارەتی کاروباری باکوور .

١١ ـ ئەتوانرێ لای لیژنەی‌ناوبراو سەرنجی‌وەسیقەو روون کردنەوەی ئەم بۆ ئاگـاداریەبدرێت .

محمد محمود عبدالرحمن
سەرەکی دەزگای ئاوەدانی
باکوور بێ‌جگە لە وەزیفـەکەی
خۆی

هەواڵنامەی کتێب

بەشیرنامە

خوا لێخۆشبوو (بەشیر موشیر) لە هەرەتی لاویدا . ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٢٩ دا گیراوە ، ئەو کاتە (بەرگدروو) بووە لە بەغدا ، لەسەر دوکانەکەی ئەنووسی : صاحب المقص الذهبی الخیاط الملکیو العسکری بشیر مشیر » . لە ساڵی ١٩٣١ دا « ئەوەل کتابێکی عەجیبی » نووسیوە ، کە « بەکەڵکی هەموو صاحیب هەقو هەق شوناسو هەق داواکەرو هەق بەدەستیەت وە ڕێگەی حەقیقەت نیشان ئەدات» ناوی ئەم کتابە عەجیبەش « سیپارەی هەق پەرستی »یە . کاتی خۆی نرخی شەش ئانە بووە ، ئێستا لە کتابخانە جیهانیەکاندا نەبێت دەست ناکەوێت .

جاری پێشوو ڕوونمان کردەو کەوا مامۆستای خوا لێخۆشبوو (بەشیر موشیر) ئەگەرچی خاوەنی گەلێك شیعری بەرزو نایابە ، بەڵام هەرگیز خۆی بە شاعیر دانەناوە ، وە ئەگەر هەندێك شیعری وتبێت کەوا هەموکەس لێی تێنەگات ئەوا وەکوو خۆی هەمیشە ئەیفەرموو : ئەو شیعر بۆ پیاوی عاقل ئەنووسێت » . یان وەکوو هەندێك لە « ئەولادی ئەم عەصرە » ئەڵێن : « هونەر لەوەدانیە پیاوکە شیعرێکیوت خەڵکی لێی تێبگەن ، بەڵکو هونەر لەوەدایە کە لێی تێنەگەن » .

ئەمجارەش هەندێك لە شیعرەکانی بڵاو ئەکەینەوە کە بە بۆنەی جۆربەجۆرەوە ڕێکی خستوون، ئەم شیعرانەش بەهیمەتی هەندێك لە ئەندامانی (بۆش) و (گڕێ گرتە) و (شەریك شعور)ی (کۆڕی بەشیر - پەروەران) - ەوە دۆزراونەتەوە ، پاش گەشتو گەڕانێکی زۆر لە سەر حسابی کۆلبەنکیان ، بەڕاستی جێگای وەکوو ئەڵێن : گلی دوور سوورە » . ئەمانەش چەند سوپاسن ئەگەرچی ئەم شیعرانە لێرەش دەست ئەکەوتن بەڵام نموونەیەکن لە شیعرە دۆزراوەکانی :

« ڕۆژێك مامۆستا بەشیر لەپشت ئیمامێکەوە نوێژ ئەکات ، ئەوکاتە (طابور آغاسی) ئەبێت لە سوپای عوسمانیدا لەسەر دەریای خەزەر کاتێك امام لە نوێژ ئەبێتەوە بە دوورو درێژی باسی چاکەو خراپەو شەیتان ئەکات ، لەم کاتەدا مامۆستا بەشیر ئەم شیعرانەی بەخەیاڵادێت .

شەیتان لە ئەصلا عەبدی خودا بوو
ئەو سێوەی بەهەشت فێڵێکی تیابوو
شەیتانی بۆیە نارده سەر زەمین
تا خەڵك بزانن لە کوێ پەیدا بوو
ئیمامی سەقەت سەرەو قوت کەوتوو
بێ عەقڵو هونەر بێ فەڕ پەك کەوتوو
وەکوو توتنی ناو ئاغزو سیغار
بێ کەڵك ئەسووتێ ئەبێ بەسووتوو
بە نەسیحەتو قسەی پووچو زڵ
وەك لاستیکی خاو فووئەکاتە دڵ
عالەم گەوج ئەکا بەفێڵی ئایین
پارەی منارەش ئەخاتە باخەڵ » .

بەبۆنەی ڕۆژی پیرۆزی ڕزگاری گەلی چینەوە :

سەرکەوتوو بێت خەباتی یەکگرتووی گەلی چینو گەلانی تری دنیا دژی ئیمپریالیزم وکۆنەپەرستان

ڕۆژی ١-١٠-١٩٧١ بیستودوو ساڵی ڕەبەق تێئەپەڕێ بەسەر ڕزگار بوونی وولاتی‌پانو بەرینو بەنرخی چیندا ، نەك هەر ڕزگار بوون لە چەوساندنەوەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکای هاربوو لە گەلان بەڵکو ڕزگاریش بوو لە چەوساندنەوەی چینە زۆرداره چاوبرسی یە چەوسێنەرەوەکانی ناوخۆشیو بەدلی گەلی مەزنو خەباتکەری چین ڕژیمی دیموکراتی میللی دامەزرا بە سەرۆکایەتی چینی کریکارو پارتی کۆمۆنیستی چین کە سەرەك ماوتسی‌تونگ‌ڕەهبەریان ئەکات ، هەر بەوەش نەوەستا تا ڕژێمی سوشیالیستی دامەزراندو ئیستاش لەخەباتدایە بۆ جێبەجێ کردنی ڕژێمی کۆمۆنیستی .

وەنەبێ ئەم ڕووداوە ئێجگار گرنگەش کە نزیکەی (٧٠٠) ملیون ئادەمیزادی ڕزگار کرد هەر بە کەڵکی کۆمەڵانی خەڵکی چین هاتبێ بەڵکو کارێکی زۆر گەورەشی کردە سەر بزووتنەوەی کریکارانی دنیاو خەباتی گەلانی ژێر دەستو نیوە ژێر دەستو تازە ڕزگار بوو . بۆیە گەلانی دنیا هەموو وە هێزە ئازادی خوازەکان بە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی خۆیان زانیو بەوپەڕی توانایانەوە پشتیوانیان لەم دەوڵەتە مەزنە کردو دەستی‌دۆستانەو هاوکاری کردنیان لە دەستیایەتی .

بێ‌گومان ئەو هێزو دەوڵەتانەی پێش ڕزگار بوونی چینو دوای‌ڕزگار بوونی دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کرد ئەوراستیەیان باش ئەزانی کە (چین)یکی تازە پاڵێکی ئێجگار گەورە ئەنێت بە بزووتنەوەی پێشکەوتوانەی کریکارانو گەلانی دنیاوو ئەوەندی‌تر جێگا بەئیمپریالیزم لەق‌ئەکاتو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێگای تازەی پێ بەجی ئەهێلیت . ئەم پێش بینیەش وەنەبێ لە خۆیەوە هاتبێت بەڵکو لە ئەنجامی لێك دانەوەیەکی ڕاستو هەڵسەنگاندنی بیروباوەری پێشکەوتوانەی بزوتنەوەی ڕزگاری هێنەری گەلی چین هاتبووەکایەوە ئەوتیۆرییە عیلمی‌یە ڕاستەی نەخشەی خەباتی گەلی چینی ئەکێشاو ئیستا هەر بەردەوامە لەسەر تیوری‌یەك ئەڕوون بەرێوە کە بڕوای بە یەکێتی‌ی خەباتی کریکارانو گەلانی دنیا هەیەو بڕوای بە تێکۆشانێکی بێ‌ووچان هەیە لە پێناوی ڕاماڵینی چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتی ، بڕوای بە توانای گەلانی دنیا هەیە کە دوارۆژێکی بەختیار ، ژیانو گوزەرانێکی خۆشو ئارام بۆ خۆیان مسۆگەر بکا . بۆیە ئێستا دەوڵەتی چین بە دەوڵەتێکی گەورەی دنیا ناسراوە و تەنانەت دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش گەیشتونەتە ئەو ئەنجامە کە بە بێ هاوکاری لەگەڵ چینی میللی‌دا تەنگو چەڵەمەو کێشە گەورەکانی دنیا جێ‌بەجێ ناکرێت . لەوکاتەوە

ئاسۆ

کە ڕۆژی زێرین لەگەڵو خاکی ڕزگار بووی چینی داوە دەوڵەتی چین ڕێگای خەباتێکی سەختی درێژخایەنی گوتۆتە بەر بۆ نزیك بوونەوەی ڕزگاری گەلانی ژێردەستو نیوە ژێردەست لە چنگی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو لە ڕێ لادەران بە هۆی هاوکاری برایانە لەگەڵ گەلانی خەباتکەرا بە پێشکەش کردنی هەموو یارمەتیەکی بێ‌مەرجو نیاز ، یارمەتی پاکو خاوێن . چونکە مانەوەی ڕژێمی سوشیالیستیو پاراستنی لە تێکدانو لە ناو چوون جیا ناکاتەوە لەگەڵ خەباتی ئازادی خوازانەی گەلان گەلی چین کە پێڕەوی مارکسیزم لینینزمو بیروباوەڕی ماوتسی تونگ ئەکات ، پشت بە ستوو باوەر کردوو بەم بیروباوەڕە درێژەئەدات بەخەباتی خۆی‌دژی ئیمپریالیزم هەروەکو درێژەش ئەدات بە هاوکاری کردن لەگەڵ گەلانی دنیا وە بڕوایەکی‌تەواوی هەیە بەسەرکەوتنی گەلانو ژێرکەوتنی دوژمنان بۆیە بەتوندی ئەچێت بەگژ سەواو سەواکاری‌دا لەگەڵ ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانا. هەروەها ڕێگای خەباتێکی بێ‌ووچانی سەختی گرتۆتەبەر بۆ پێشخستنی وولاتی چین لە ڕووی ئابوریو کۆمەڵایەتیو زانیاریو زانستی‌یەوە ، هەرلەبەر ئەم هۆیەشە ئەبینن چین لە ماوەیەکی کەما هەندێ وولاتی سەرمایەداری گرتۆتەوەو هەندێکی تری بەجێ هێشتووەو خەباتیش ئەکات بۆ بەجێ هیشتنی ئەوانی تریش . گەلی چین کە ئەی ناڵان بە دەست نەخۆشی ڕشانەوەو تاعونو گرانەتیو ڕەشەگرانەتی .. وبەدەست تلیاکو برسێتیو قاتوقڕی نانو خواردەمەنی‌یەوە ئەی ناڵان بەدەست زوڵمی بیگانەو زوداری چینەکانی سەرمایەدارو دەربەگەگەورەکانی ناوخۆوە لەو ماوە کەمەدا ، لە ماوەی ٢٢ ساڵدا توانی خۆی لە مانە ڕزگار بکاتو بێکاریو برسێتی لە ناو بەریت وە لە مەیانی زانیاریو زانستی‌دا بە هەنگاوی گەورە گەورەی ئەوتۆ پێش‌کەوێت کە نزیك ترین دۆست چاوەروانی نەکردبێت .

پێش‌کەوتنەکانی گەلی چین سەرکردەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی وا سەرسامو بەنج کردووە هەروەکو ئەو تلیاکەی جاران لە ناو ڕۆڵەکانی گەلی چینا بڵاویان ئەکردەوە ئیستا خۆیان‌شەوو ڕۆژ چەسپی لێبدەن .

ئەوەی شایانی باسە گەلێ دەوڵەتی ئیمپریالیو لە ڕێ لادەر هەولیاندا بەری پێش‌کەوتنی گەلی چین بگرن بەڵام گەلی چین بەگیانێکی پۆڵاییەوە و بەرێگای تایبەتی خۆی ملی خەباتی گرتە بەر بۆ پێش‌خستنی تکنۆلوجیاو زانستی پشت بە ستوو باوەرکردوو بە خۆی .

بە کورتی ڕزگاری وولاتو گەلی چین سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورە بوو بۆ مرۆڤایەتی پێشکەوتوو هەروەکو پاڵێکی گەورەشی نا بە بزوتنەوەی ڕزگار هێنەری گەلانەوە وە بەهەنگاوی‌گەورە گەورە بەرەوپێش بردی بەتایبەتی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاداوە ڕژێمی سوشیالیستی ئەوەندەی تر جی‌گیرکرد لە دنیاداو جێگای بە دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەکان لەق‌کرد .

بۆیە گەلی‌کوردو ڕۆڵە ئازادی خوازە خەباتکەرەکانی جەژنی ڕزگاری گەلی چین بە جەژنی خۆیان ئەزانن‌و هاوبەشی خۆشی گەلی چینن بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە ، وە لەو بڕوایەدان‌کە زۆری پێ‌ناچی گەلی چین زاڵ ئەبێت بەسەر هەموو کەم کوڕیو نا تەواوی‌یەکا وەبەم زووانەش جێگای خۆی ئەکاتەو لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانا و زنجیری‌ئەو شورەیە ئەپسێنیت کە دوژمنانو ناحەزان بەدەوریا کێشاویانە .

لەم گۆشەیەوە

هەمیشە قسەکانمان لە کردارەکانمان گەورە ترن .وەك خولێکی بێ کۆتایی لە قسەدا بەردەوامین !! کردارێشمان !! کردارێشمان گۆمێکی پەنگ خواردووی کۆنی گەڕاوەیە !!

بەدەم قسەوە خەیاڵێکی ڕەنگینی نەرموشلی خۆشی شاعیرانەش ئەکەینەوە بەدەم ئەوقسە زۆرو خەیاڵە خۆشانەوە زۆرجار خۆمان وا دائەنێین کە گەیشتووینەتە چڵە پۆپەی تاواوی‌و هێچمان نەهێشتۆتەوە. بەڵێ هەموو تەواوییەك ، بەڵێ هەموو تەواوییەك ، ئەو تەواوییەی لە ڕاچەنینێکدا ڕاستی ئەوەمان دێتەوە بەر چاوو تێئەگەین کە ئیجگار لێوەی دوورین ، بەقەدەر دووری زەمین لەو مانگەوەی کە مرۆڤی وەك ئێمە ئاڵای سەرکەوتنو کۆڵنەدانی خۆی بەسەردا چەقاندووە ..

بەڵام ئێمە .. ئێمەی کورد، ئەوەندەی دوورین لە مانگەوە ، ئەوەندش دوورین لەو ڕاستی‌یەوە کە وەك مرۆڤێکی تەواو خۆمان نیشانی گەلانی جیهان بدەین .. ئەوەندەش دوورین لە ڕاستی کار کردنێکی وا وە کە بمان گەیەنێتە ئەو ئاواتەی بۆی تامەزرۆیین .. هەمووومان هەست بەم ناتەواویە ئەکەین !!.. کەچی هەر وەك کۆیلەیەکی ئەڵقە لە گوێ شانی سەرشۆڕیمان بۆ دا نەواندووە ، وەك ئەو مل کەچیەمان سەر کەوتنێك بێت پێی قایلین .. ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانین ئەوەی ئەمانەوێت کارێکی پیاوانەی بەدڵێکی لە خۆ بوردووەی بۆبکەین .. ناتوانین خۆمانی بۆ بڕەنجێنین .. ناتوانین واز لە فریشتەیی خۆمان بەو ئادەمیزادە لێقەوماوە بزانین کە پێویستە زروفمان بگۆڕدرێت ..

بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەخزێینە ناو ئەو گۆمە گەڕاوەیەوە کە پێ ئەڵێن دواکەوتنو بەجێمان ..

نوری حەیران

یەکەم پاتری ئۆتۆمی

دەستەیەك لە ئەندازیارەکان لە شاری ئیرلینگ پاتریەکی ئوتومی تاقی ئەکەنەوە ، ئەوەش یەکەم پاتریە لە جیهاندا دروست کرابێ بۆ دەرهێنانی هێزی کارەبا . ئەو پاتریە بە هاوکاریی دوو کۆمپانیای ئەڵمانی دروست کراوە . هێزی ئەو پاتریە «٢٢» بیستو دوو (وات) کارەبایە کە لە ئەنجامی ئیك جیابوونەوەی عونسوورێکی پڕیشك داری گورجەوە پەیدا دەبێت وە وا بڕیار دراوە کە ئەوپاتریە تەنیا لە ئیشو کاری پشکنینی ژێر دەریادا بەکار بهێنرێت .



داهێنان لە مەیدانی پزیشکی‌دا

ئالەتێکی بچکۆلانەیە درێژیکەی هەر(٤) سانتی‌مەترە ئەبێت ، پانیکەشی لە (٢) سانتی مەترە زیاتر نابێت .. ئەنووسێندرێت بە سەر پێستی نەخۆشەکەوەو ئەو ئالەتە دەست ئەکات بەکار کردنو بە شێوەیەکی ڕێکو پێك لێدانی دڵی نەخۆشەکەو نەخشەکێشانیو ئەگەڵ گورجووگۆڵی هەناسە دانی ئەو نەخۆشە لەسەر پەردەی تەلەفزیۆنێکی بەردەمی پزیشکەکەدا نیشان دەدات .. بەم چەشنە دەتوانرێت چاودێری ئەحوالی ئەو نەخۆشەبکرێت ..

چێشتو گۆشت !

ڕۆژێك یەکێك بە سەردان ئەچێتە لای برادەرێکی سەرمایەدار لە کارگەیەکدا ئەبینێت کریکارێك دوای چەند سەعات ئیش کردنێکی سەختو گران نانو نیسکێنە ئەخوات .

میوانەکە لە کرێکارەکە ئەپرسێت :

- ئەرێ تۆ بە چەند ڕۆژ جارێك گۆشت ئەخۆی ؟

کرێکارەکە ئەڵێت :

- مانگی دوو سێ جار !.

میوانەکە ڕوو ئەکاتە خاوەن کارگەکەو ئەڵێت :

- هەق وایە یارمەتی بدەیت هیچ نەبێ بە دوو سێ ڕۆژ جارێك گۆشت بخوات .

خاوەن کارگەکە بە زەردەخەنەیەکەوە ئەڵێت :

- باکرێکارەکە گوێی لێ نەبێ ، خووی خراپ ئەبێت !! برا ئەمانە بە چێشتو گۆشت خواردن نەخۆش ئەکەون .

ڕوونکردنەوەیەك

لە کتێبەکەی ئەم دووایەمدا شۆڕشێکی نوێ لە کوردستاندا) لە باسی (پیاوێکی فیلاوی)دا هەندێك کەس کە خوێندویانەتەوە باسەکە ئەخەنە پاڵ هەندێك برادەری شیرینو بەڕێزم کەئەوانە لەو جۆرە شتانەوە زۆر دوورن ، وە من لە باسەکانی‌پەڕاوەکەمدا مەبەستم لە لە (اشخاص)ی تایبەتی‌ودیاری‌کراو نی‌یە ، وە تەنیا نووسینەکانم گیرو گرفتوکەمو کوڕی کۆمەڵایەتی ئەخەنە ڕوو وە تەنانەت ئەوباسانە لە پێش چەند ساڵێکەوە ئامادەم کردبوون کە پەیوەندی‌یان بەو لێکدانانەوە نی‌یە .

- جەمال شالی -
١٩٧١-٩-٢٤

پاشاگەردانی‌ی خوێنەوەرانمان و سەربەستی ئافرەت .

خورشیدە بابان

لە (ڕۆژنامەی (هاوکاری) خوشەویستدا ، ژمارە (٢٦) ڕێکەوتی (٣١ تەمووزی ١٩٧١) - لاپەرە چوار ، سکرتێری مامۆستایانی کوردستان مامۆستا (حسین ڕشوانی) لەسەربەستی ئافرەت ئەدوێ ، بەڵێ بێ‌گومان مامۆستای دڵسۆزو بەرێز سەربەستی ئافرەتی کورد ، ڕزگاربوونی لە هەموو کۆتو داوێکی ڕەشو پڕزیان ، لەسەر بەردی بناغەی ڕەوشت بەرزیو گیانی مرۆڤایەتی ، بۆ ئەوەی هەنگاو بنێ بەرەو ژیانی پێشکەواتوانەی ڕاستە ئەتوانم بڵێم وەکو هەوا پێویستە بۆ ژیان ، وەئیتر ئێمەی کورد ڕۆژی ڕاپەرینێکی ڕاستمانە ، بەبێ جیاوازی لەنێوان ئافرەتو پیاودا ، بۆ پچڕینی هەموو داوو کۆتێکی دوواکەوتنو لابردنی هەموو کۆسپێك لە ڕێی کاروانی پێشکەوتنماندا ، بۆ ئەوەی بەڕاستی ڕۆژانی ڕەشی ڕابوردوو بەجێ بێڵینو پێشوازی ڕۆژانی گەشی داهاتوو بکەین .

بەڕاستی درەنگە ! ئەوەیشی زۆر تەمەڵو خەواڵو بووە هەر تێر خەو نەبووە ، ئەو ڕۆژی تەواوەو لە هەمووشت گەیشتووین ، بەڵام ئەی داخەکەم ! هێشتا هەرسست ئەجولێینەوە ، تافی سەرگەردانیو پاشەگەردانی‌مانە ! بەتایبەتی لەناو خوێندەوارانماندا ، بە جۆرێك‌کەهی واهەیە لافی فەیلەسوفی لێ‌ئەدا ! بەعاستەم بە پلتۆك خۆی ئەتەکێنێ لەسەر دووپەنجە ئەڕوات بەرێوە ! پیاوێت لە بەزمو دۆراندنی نادیدا ڕێزی پێشەوەی گرتووە ، ئافرەت‌بێت لە قبوڵو دەست بڵاویدا زۆر چاك پێش‌کەوتووەو دووانەکەوتووە ، بەڵام بەئاسانی ئەتوانم بڵێم بەساڵی جارێك ڕۆژنامەیەك ناگرن بە دەستیانەوە !! بۆ وێنە لە شارێکی وەکو (هەڵەبجە)دا تەنیا (٣٠) دانە ڕۆژنامەی (التآخی) کە دەنگی ڕزگاری کوردە (نرخەکەی ٢٥ فلسە) ، تیایدا دابەش ئەبێت ! ئیتر نوسەری هەژار چۆن دەستی لە کۆت بەرئەبێت بۆ نوسینو بۆکێ بنووسێت !؟ ئەی چۆن بتوانێت بەرهەم بێنێتە ناوو ڕاژەی وێژەوزمانو مێژووی گەلەکەی پێبکات ، گەلێك ڕادەی دڵسۆزیو وریایی خوێندەوارەکانی وابێت ، ئاخۆکەی لە کۆتی کوێلەیەتی ڕزگاری ئەبێت ؟

لەمەیش سەیرترو سەرسورهێنەرتر ئەوەیە لەگەڵ ئەم هەموو ستەمەدا کە لە ڕێی نووسەری کورد دایە نووسەرو دڵسۆز هەر ناتوانێ گەلەکەی لەتاریکیدا ببینێو هەر چونێك بێت بە دووا کەوتویی ڕازی نابێت ، هەر بەهیوای تیشکی ڕۆژی پێش‌کەوتن ، هەر هیچ نەبێت بانەختێك چارەسەرێکی دەردی کۆمەڵەکەی بکات ، دەستئەداتە پێنوسو هەموو ئەرکو ماندویەتیو زیانێك ئەگرێتە ئەستۆو تۆزەبەرهەمێك پێش‌کەش ئەکات ، کەچی هەر لەولاوە دەروون پیسێك ڕاست ئەبێتەوەو ڕەنگی دڵسۆزیو وێژەو وێژەوانان لە خۆی ئەداو بەناوی ڕەخنەوە وەکو ماری زەهراوی ئەکەوێتە زەهر ڕشتن !! بەرامبەر نووسەری مەبەست پاکو بێ‌تاوانو ماندوو زیبان لێکەوتو ، بەڵێ من لەگەڵ - واقع - ڕاستیدام ، پاشەگەردانی هەیە لە وێژەی کوردی‌داو پێویستە نووسەری کورد ، نووسراوی کاڵو کرچ نەخاتە ناووێژەی کوردی‌یەوەو هەرچیش ڕیش سووربوو ناونەنرێت (هەمزەئاغا) ، بەڵام پاشەگەردانی گەورە لەناو خوێندەوارانی کورد دایە !! وە ئەگەر وانەبووایە گلەییکەی کاك (ڕەحیم صادق) لە ناوچەی شارەزۆر ڕووی نەئەدا ، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە کاك (ڕەحیم صادق) خاوەنی نوسراوی (باری من هەر چل مەنە) ئاگاداربێت کە بە هەموو خەرجیەکەوە بە خەرجی هاتوو چۆی ڕێی سلێمانیو هەڵەبجەوە ، جگە لە سەرماوگەرماو تەپوتۆزی ڕێگەو بەجێ هێشتنی فرمانی میریو هەڵگرتنی هەموو ستەمێك (٢٧١) دینار چوەتە بەرهەم هێنانی پەڕاوی (تیشکە) وە وەئیشتاش زیباتر لە سێ‌یەکی موچەکەم کە ئەوەندە نی‌یە ، لەڕێی پڕکردنەوەی ئەو قەرزەدا ئەڕوات ، وە هەروەها زۆر تکا لەو برا بەرێزە ئەکەم کە بفەرموێت بێت تاکو زیباتر لە (٣٠٠) فلسەکەی پێشکەش بکەمەوەو زۆر زۆریش سوپاسی ئەکەم ، باشتریش وایە ئەوەی کە لە زمان ئەوەوە نووسیویەتی !! بفەرموێت بگەین بە خزمەتی !! بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە ڕاستی بگاتو سکاڵایەکیش دەربارەی باری قورسی وێژەوانانی کوردو کەمتەرخەمی خوێندەوارانی بنوسێ !!

بەڵێ مامۆستای سەربەرزو دڵسۆز ، سەربەستی ئافرەت زۆر پێویستە ، بەڵام کەی ڕەنجو تەقەلای دڵسۆزان جێی خۆی گرتو پاشەگەردانی لەناو خوێنەوارانی کورددا نەما ، ئەوکاتەش سەربەستی ئافرەت یەتە دی ، ئیتر خوا وێنەی دڵسۆزان زۆرکاو بێ‌گومان هەر سەرکەوتنیش هەر بۆ ڕاستە .

ڕاستکردنەوەیەك

لە ژمارەی پێشووی(هاوکاری) گەلێ هەڵەی چاپی گرنگ ڕوویداوە لە ووتاری (پێدا چونەوەکەی کاك (میم) لەبەر تیشکی مارکسیزم- لینینزم‌دا) ئەمە ڕاستیەکانیەتی :

- لە خالی چوارەمدا لەجیاتی (سیستەمی) نووسراوە (سێ‌یەمی) .

- سەرەتای خاڵی شەشەم‌بەم جۆرەیە « لە هەموو ئەدەبیاتی مارکسی‌دا ڕوون کراوەتەوە کە ڕوشەنبیرو فەرمانبەر ووردە بورجوان وەئەمانە لە ئەنجامی ... » .

- کۆتایی خاڵی حەوتەم بەم‌جۆرەیە : « ... بەسەر حوکمی‌دا زۆربەی ئەندامەکانی لە چینی بورجوازی بن ... »